رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەكی رۆژانەیە كۆمپانیای وشە دەریدەكات

No.529 Mon 10/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 529 دووشەممە 10 /8/ 2009



ئەركی حكومەتی داهاتوو چی دەبێت؟ ل٤

پارێزگاری هەولێر: حكومەت كێشەی كەمیی بودجەی هەیە ل٩

هەرێم بودجەی دوو ساڵی لەكیسچوو ل٨


# «وادەی سوێندخواردنی سەرۆكی هەرێمو دانیشتنی پەرلەمان كێشەی یاسایی دروستدەكات»

ل٢



كورسیەكان چاوەڕێی پەرلەمانتارە نوێیەكان دەكەن فۆتۆ: رۆژنامە

# كارتی دەنگدانی كەركوك رادەگیرێت

ئارام جەمال

كارتی دەنگدانی هاوڵاتییانی كەركوك بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق رادەگیرێتو بەپەلە بریاری كۆبوونەوەیەكی نێوان لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانو كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لە عێراق، دەدرێت.

خالید شوانی پەرلەمانتاری كورد لەسەر لیستی هاوپەیمانی و ئەندامی لیژنەی یاسایی بە رۆژنامەی راگەیاند، ئاگادار كراوینەتەوە ئەمرۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمانو كۆمسیۆن كۆبوونەوەیەك ئەنجامبدەین، بۆ چارەسەركردنی كێشەی دەنگدانی هاوڵاتییانی كەركوك.

راگرتنی دابەشكردنی كارتەكانی كەركوك لەكاتێكدایە سەرجەم شارەكانی دیكەی عێراق كارتی دەنگدانیان پێگەیشتووە، كە بڕیارە ئەمرۆ دەست بەدابەشكرنی بكرێت بەسەر هاوڵاتییاندا، بەڵام كارتی دەنگدانی هاوڵاتییانی كەركوك «راگیراوەو تەسلیم بە ئۆفیسی كەركوك نەكراوە».

لەبارەی هۆكارەكەیەوە خالید شوانی وتی: «عەرەبو توركمانەكان گرفت دروستدەكەنو دەیانەوێت شێوازێكی دیكە بدۆزرێتەوە خەڵك دەنگ بداتو پشت بە كۆبوونی خۆراك نەبەسترێت، لەكاتێكدا «كۆبوونی خۆراك تەنیا ئامرازە بۆ هەڵبژاردن».

توركمانو عەرەبەكان داوادەكەن كەركوك بكرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن كە بەسەر كوردو عەرەبو توركمانو كلدو ئاشوورییەكاندا دابەشبكرێتو سیستمی كۆتا پەیرەوبكرێتو (٣٢ بۆ كورد، ٣٢ بۆعەرەب، ٣٢ بۆ توركمانو ٤ بۆ كلدوئاشووریی جێبەجێبكرێت)، كە ئەمە پێشتر لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عێراق بوو كە جێبەجێكرا، بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی شارەكە.

# راستییەكانی ئاژاوەكەی هەولێر خەفەدەكرێت

رۆژنامە

(١٥) رۆژ بەسەر پەلاماردان بۆ سەربنكەكانی لیستی گۆڕانو كۆمەڵی ئیسلامییو یەكگرتووی ئیسلامیی لە شاری هەولێر تێپەڕیوە، جگە لە بڵاوكردنەوەی روونكردنەوەیەك هیچ كەسێك سزانەدراوەو لایەنە پەلاماردراوەكانیش بۆ كەمتەرخەمیی حكومەت لە بەداوداچوونی كێشەكەدا دەیگەڕێننەوە.

زانا رۆستایی، ئەندامی مەكتەبی سیاسیی كۆمەڵی ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو بیانووەی وەزارەتی ناوخۆ لە روونكردنەوەكەدا، بیانوویەكی ناڕاستە، بەداخەوە وەزارەتی ناوخۆ لەم رووداوە زۆر بێ دەسەڵاتو كەمتەرخەمە لە دەستگیركردنی تاوانباراندا، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ لە كارێكی دیارو گەورەی وەها نەتوانێت تاوانباران دەستگیر بكاتو بیاندۆزێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت ئەو گروپە تیرۆریستییانە بدۆزێتەوە كە دەبنە هۆی تێكدانی بارودۆخی كوردستان».

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنەكانی لیستی گۆڕان لە هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو روونكردنەوەیەی وەزارەتی ناوخۆ جێگەی سەرسوڕمانی سەرجەم دانیشتووانی شاری هەولێرە كە دەڵێن نازانین ئەو كەسانە كێن هێرشیان كردووەتە سەر لیستی گۆڕانو كۆمەڵو یەكگرتوو، تاوەكو دەستگیریان بكەینو سزایان بدەین، ئەگەر حكومەت نەتوانێت ئەو كەسانە بدۆزێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت هاوڵاتییان بپارێزێتو ژیانیان بۆ دابینبكات».

وردەكاریی لە ل (٣) دایە

# تەنیا لە قەزایەكدا (٩٥) هاوڵاتی لەسەر بیروڕای جیاواز دەركراون

فاخیر تەلانی

لەماوەی نزیكەی دوو مانگدا تەنیا لە سنووری قەزای دوكان (٩٥) هاوڵاتی لەسەر بیروڕای جیاواز لە كارەكانیان دەركراون، ئەوە لەكاتێكدایە حكومەتی هەرێم بانگەشەی ئەوە دەكات هیچ كەسێك لە كارەكەی دەرنەكراوە.

لە رۆژی (٢٠٠٩/٥/٣١) تا رۆژی (٢٠٠٩/٨/٩) لە تەواوی سنووری قەزای دوكان بەهۆی بیروڕای جیاوازو لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان، (٩٥) هاوڵاتی لە هێزەكانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەو خانەنشین دەركراونو مووچەكەیان بڕدراوە.

محەمەد دوكانی، لێپرسراوی لیژنەی ناونووسكردنی ئەو كەسانەی لەسەر بیروڕای جیاوازو لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان لە سنووری قەزای دوكان دەركراون، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی ژمارەی ئەو فۆڕمانەی لەلایەن ئێمەوە لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا پڕكراونەتەوە، (٩٥) هاوڵاتی بەهۆی بیروڕای جیاوازو لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان دەركراون، كە سەر بە هێزەكانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەو خانەنشینو مووچەكانیان بڕدراوە، وتیشی: «بەردەوامیش ئەم رێژەیە لە زیادبووندایە».

دیاردەی نانبڕینو دەركردنی فەرمانبەرانو مووچەخۆران لەسەر بیروڕای جیاواز لەدوای دەركەوتنی لیستی گۆڕان وەك لیستێكی جیاواز لە لیستی دەسەڵات، سەریهەڵداوە.

# داوای توندكردنی سزاكە دەكات

# دوو تۆمەتباری هەوڵی تیرۆركردنی سەرنووسەری لڤین حوكمدران

هەستیار قادر

دووان لە تۆمەتبارانی هەوڵی تیرۆركردنی ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بە شەش ساڵ زیندانی حوكمدرانو یەكێكیشیان ئازاد دەكرێتو ئەحمەد میرەش داوا لە دادگای پێداچوونەوە دەكات سزاكان توندتر بكرێن.

دوێنێو لەدوا دانیشتنی خۆیدا سەبارەت بە دۆسیەی هەوڵی تیرۆركردنی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، دادگای تاوانەكان لە سلێمانی حوكمی شەش ساڵ زیندانیی بەسەر دووان لە تۆمەتبارانی هەوڵی تیرۆركردنی ئەحمەد میرەدا سەپاند، تۆمەتباری سێیەمیشی ئازادكرد، ئەحمەد میرە بەو بڕیارەی دادگا ناڕازییەو داوا دەكات حوكمەكەیان توندتربكەنو لەوبارەیەشەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو دادگاییكردنە دەریخست كە دادگای سلێمانی كەمئەزموونە لە دۆسیەی تیرۆرداو دەبوایە بە یاسای بنەبڕكردنی تیرۆر حوكمی ئەو تۆمەتبارانەی بدایە كە لە (١٥) ساڵ زیندانیی كەمتری تێدا نییە، نەك بە یاسای سزادانی عێراقیو ناشكرێت كەسێك ئەندامی تۆڕێكی تیرۆریستی بێت ئازادبكرێت».

میرە ئاماژەی بەوەشدا كە بەو حوكمە رازی نییەو بە پشتیوانیی رۆژنامەنووسانو كەسانی رۆشنبیر داوا لە دادگای پێداچوونەوە دەكات كە ئەو حوكمە هەڵوەشێنێتەوەو سزاكەیان توندتر بكرێت.



ئەحمەد میرە

# لەماوەی دوو ساڵدا (١٠) برینداری چەكی كیمیایی گیانیانلەدەستداوە

ئارام نەجیم

بە گیانلەدەستدانی هاوڵاتییەكی دیكەی بەركەوتووی چەكی كیمیایی كە بێچارەسەر مابووەوە، لە رۆژی هەینی رابردوودا، ژمارەی شەهیدبووانی برینداری چەكی كیمیایی لە دوو ساڵی رابردوودا گەیشتە (١٠) كەس.

سۆییبە حەمە عەزیز دوای (٢١) ساڵ لە چاوەڕوانی حكومەتی هەرێمی كوردستانو چەندینجار هاوار بۆ چارەسەركردنی لە كەناڵە فەزاییو ناوخۆییەكاندا، بەهۆی سەختیی برینەكەیەوە، رۆژی هەینی بێ چارەسەركردن وەك دەیەمین بریندار لەدوو ساڵی رابردوودا شەهید بوو.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆكی كۆمەڵەی قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجە بە رۆژنامەی راگەیاند: «شەرمە دوای (٢١) ساڵ حوكمڕانی، برینداران چەكی كیمیایی بێ چارەسەر دەمێننەوەو شەهید دەبنو حكومەتی هەرێمیش سەیردەكات، بۆیە داوا دەكەم كە پەلەبكرێت لە چارەسەركردنی بەركەوتووانی چەكی كیمیایی». وتیشی: «لەماوەی (٢) ساڵی رابردوودا ئەوە دەیەمین برینداره كە شەهید دەبێت».

## ...بەر دەبێت؟

لە لاپەڕەی یەکەمدا وتارێک نووسراوە لەژێر ناوی «قۆناغی پێکەوە هەڵکردن‌و پێکەوە کارکردن»، پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە، ئایا دەکرێت بە ناشرینکردنی لایەنی بەرامبەرو کاراکتەرەکانی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە هەڵبکرێت؟.

عەلی کەریمی، پێی باشە دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەبری ئەوەی لایەنەکانی دیکە ناشرین بکات، بابێت خۆی جوان بکات، کە ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیەتی، وتیشی: «با کارێک بکەن کە ئەو کارمەندانەی خۆیان کە دەزانن لە ئاست بەرپرسیارێتیدا نین، با لایانبەن، با بیاندەنە دادگا، با لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، بەمشێوەیە هەم خۆیان جوان دەکەن‌و هەم ڕەخنەو گلەیی ئۆپۆزسیۆنیش کەمدەبێتەوەو ئەو کاتە پێکەوە هەڵکردن دەستپێدەکات».

لەئێستادا خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەیە کە ئەو لیستانەی بەشدارن لە پەرلەمانداو پێشتر مژدەی بەهەشتیان بەخەڵک دەدا، ئەو بەڵێنانە بەرنە سەرو بە بڕوای عەلی کەریمیش خەڵک پێویستی بەوە نییە کە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، بەڵکو دەبێت چاو لە ئایندە ببڕین‌و بەرنامە بۆ ئایندە دابنرێت.

هەر لەوبارەیەوە د.دلێر ئەحمەد وای دەبینێت کە پێویستە وەکو پەرلەمانی وڵاتانی دیموکراسی سەرجەم ئەو لایەنانەی کە دەچنە پەرلەمانەوە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان لەسەر بنەمای دەستووریی‌و یاسایی کاربکەن، جا ئۆپۆزسیۆن بێت یان دەسەڵات، ڕوونیشیکردەوە «دەبێت سەرجەم لایەنەکان یەک ئامانجیان هەبێت، کە ئەویش خزمەتکردنی وڵات بێت‌و دەکرێت لە هەموو شتێکدا جیاوازبن، بەڵام با لە بڕیارە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکاندا هاوڕابن، با دوورکەوینەوە لە تەشهیرپێکردن‌و سوککردنی کەسایەتی بەرامبەرەکانمان».

> «دەبێت سەرجەم لایەنەکان یەک ئامانجیان هەبێت، کە ئەویش خزمەتکردنی وڵات بێت‌و دەکرێت لە هەموو شتێکدا جیاوازبن، بەڵام با لە بڕیارە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکاندا هاوڕابن، با دوورکەوینەوە لە تەشهیرپێکردن‌و سوککردنی کەسایەتی بەرامبەرەکانمان»

### سکاڵا لەسەر کوردستانی نوێ‌و کوردسات‌و گەلی کوردستان تۆماردەکات

# دادگا بڕیاری بێتاوانیی لیوا سەرکەوت حەسەنی دەرکرد

بەهادین یوسف

دادگای سلێمانی بڕیاری بێتاوانیی لیوا سەرکەوت حەسەن، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی دەرکرد، دوای ئەوەی بە تۆمەتی مادەی (١٤)ی مادەهۆشبەرەکان لەلایەن دادگاوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆدەرکرابوو، لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەستگیرکردنەکەشی لەلایەن کوردستانی نوێ‌و کوردسات‌و گەلی کوردستانەوە بەبێ فەرمانی دادوەر، لیوا سەرکەوت سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو میدیایانە تۆماردەکات.

دوێنێ لیوا سەرکەوت بۆ وەرگرتنی ئیفادەی لەلایەن دادگاوە، سەبارەت بەو تۆمەتەی ئاراستەی کرابوو، چووە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی سلێمانی‌و دوای وەرگرتنی ئیفادەکەی‌و پێشکەشکردنی بەڵگەی پێویست لەسەر ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵی‌و نەبوونی بەڵگە بۆ سەلماندنی تۆمەتەکان، دادوەر بڕیاری بێتاوانی‌و ئازادکردنی دەرکردو بڕیاریدا کێشەکە دابخات.

لەمبارەیەوە سەرکەوت حەسەن، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوانەی کە دەمناسن‌و ئاگاداری بارودۆخەکەن هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی کە ئەم تۆمەتە هەڵبەستراوەو بۆ ناوزڕاندنی کەسێتیی منە».

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەش لە میدیاکانی یەکێتیدا، لە ڕوونکردنەوەیەکدا بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی ئاشکرایکردبوو، کە دەچێتە بەردەم دادگا تا ڕاستییەکان ئاشکرابێت، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی وت: «دوێنێ لەسەر بەڵێنەکەی خۆم چوومە دادگاو لەبەردەم دادوەردا بەبەڵگەوە بەرگریم لەخۆم کرد، دوای ئەوەش دادگا گەیشتە ڕاستیی کێشەکەو بڕیاری ئازادکردنمی دەرکرد، ئەم کردارەی منیش جگەلەوەی بەرگرییەکە لە کەسایەتی‌و ڕابردووی خۆم، هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی ڕای گشتیش لە ڕاستی مەسەلەکە ئاگاداربێت‌و ڕووی ڕاستی ئەو کردەوە قێزەونانە بۆ هەموو تاکێکی ئەم هەرێمە ئاشکرابێت».

دەربارەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەش لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە پێش ئاگادارکردنەوەی لەلایەن دادگاو وەرگرتنی ئیفادەیەوە وتی: «بڕیارمداوە کە لە دادگا سکاڵا دژی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەناڵی کوردسات‌و کەناڵی گەلی کوردستان) تۆماربکەم، چونکە بەبێ ئەوەی دادگا ئاگاداری بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەبێت، بەمەبەستی سیاسی چەند ڕۆژێک بۆ ناوزڕاندنی من ئەو هەواڵەیان بڵاودەکردەوە».

لیوا سەرکەوت کە ئێستا ڕاوێژکاری ئەمنیی وەزارەتی ناوخۆیە، وتیشی: «وەزیری ناوخۆ کارێکی یاسایی کردووە بەوەی ڕەزامەندی بۆ دادگا دەربڕیوە کە من لەبەردەم دادگا ئامادەبم، بەڵام نەدەبوو بەو شێوەیە لەمیدیاکاندا بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەوە بۆ هەیبەتی وەزارەت خراپەو لەهەمانکاتدا لەلایەن وەزیری ناوخۆشەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە دانەنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی ڕاستییەکە بزانێت‌و دواتر بڕیارەکە دەربکات».

داواشی لە دەسەڵاتدارانی کورد کرد، ئەو کەسانەی کە پێشتر لە پلەی ئیداریدابوون‌و خزمەتی ئەم هەرێمەیان کردووە، بەهۆی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت‌و حیزبەوە توشی کێشەهاتوون، ئێستا بەهۆی ئەوەی بیروڕای جیاوازیان هەیە تۆمەتیان نەخەنەپاڵ‌و کەسایەتییان بەمەبەستی سیاسی لەکەدار نەکەن، چونکە بەوتەی ئەو: «ئەو کێشانەی ڕابردوو هەموومان لێی بەرپرسین نەک تەنیا کەسێک، هەڵبەستنی ئەوجۆرە تۆمەتانەش کارێکی نامرۆڤانەو نەشیاون».

لیوا سەرکەوت سوپاسی ئەو کەسانەیشی کرد کە لەو ماوەیەی ئەو کێشەیەی بۆ خۆڵقێنراوە بەردوام پشتیوان‌و هاوسۆزی بوون.

مانگی یەکی ئەمساڵ دوای ئەوەی تۆمەتبارێک لە بەندیخانەی هەولێرەوە ڕەوانەی سلێمانی دەکرێت، ئیفادەی ئەوەیداوە کە بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایش‌و چوار ئەفسەری دیکەی ئاسایش، کاری تریاکیان کردووە، دادگا لەماوەیەکی کەمدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەو ئەفەسەرانەی دیکەدا کردووەو بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەرکردوون، دواتر لەڕێی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێوە هەواڵی دەستگیرکردنی لیوا سەرکەوت بڵاوکرایەوەو دوێنێش دادگا بڕیاری بێتاوانیی لیوا سەرکەوتی دەرکرد.

## حکومەت ڕاستییەکانی ئاژاوەکەی هەولێر خەفەدەکات

# تائێستا هیچ کەسێک لەسەر ئاژاوەگێڕییەکەی هەولێر سزانەدراوە

سامان بەشارەتی

(١٥) ڕۆژ بەسەر هێرشکردن بۆ سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان‌و کۆمەڵی ئیسلامیی‌و یەکگرتووی ئیسلامیی لە شاری هەولێر تێپەڕیوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەیەک هیچ کەسێک سزانەدراوەو لایەنە پەلاماردراوەکانیش ئەو مەسەلەیە بۆ کەمتەرخەمی حکومەت لە بەدواداچوونی کێشەکەدا دەگەڕێننەوە.

لە ڕوونکردنەوەیەکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەدا هاتووە، دوای دەستبەکاربوونمان سەرلەبەیانی (٧/٢٧) سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیمان کرد، کە یەکێک بوو لەو شوێنانەی تەقەی بەسەردا کرابوو دوای گفتوگۆ بەڵێنیان پێداین بە هەموو شێوەیەک هاوکاریمان بکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە گومانیان لەسەرە، کە لەو کارە نایاساییەدا بەشدارییان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەڵگەیەکی مادی سەلمێنەریان پێشکەش نەکردووە.

هەروەها لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئەو ڕووداوەی بە کارێکی «عەفەوی‌و بێ بەرنامە» دەزانن‌و ئاماژە بەوە دەکەن «لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن خەڵکانێکی گێرەشێوێن لە سەرجەم کوچەو کۆڵانەکاندا تەقەی خۆشییان کردووە».

بەڵام بە پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی وەزارەتی ناوخۆ، زانا ڕۆستایی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بیانووەی وەزارەتی ناوخۆ بیانوویەکی ناڕاستە، بەداخەوە وەزارەتی ناوخۆ لەم ڕووداوە زۆر بێ دەسەڵات‌و کەمتەرخەمە لە دەستگیرکردنی تاوانباراندا، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ لە کارێکی دیارو گەورەی وەهادا نەتوانێت تاوانباران دەستگیربکات‌و بیاندۆزێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت ئەو گروپە تیرۆریستییانە بدۆزێتەوە کە دەبنە هۆی تێکدانی بارودۆخی کوردستان».

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕان لە هەولێر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ڕوونکردنەوەیەی وەزارەتی ناوخۆ جێگەی سەرسووڕمانی سەرجەم دانیشتووانی شاری هەولێرە، کە دەڵێن نازانین ئەو کەسانەی هێرشیان کردووەتە سەر بارەگای لیستی گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو کێن تاوەکو دەستگیریان بکەین‌و سزایان بدەین، «ئەگەر حکومەت نەتوانێت ئەو کەسانە بدۆزێتەوە ئیتر چۆن دەتوانێت هاوڵاتییان بپارێزێت‌و ژیانیان بۆ دابینبکات؟»».

لە ڕوونکردنەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە دوای (١٠) ڕۆژ لێکۆڵینەوەو دەستگیرکردن‌و بانگکردنی چەندین کەس‌و گومانلێکراو بە سوود وەرگرتن لەو وێنە فیلمیەی لەلایەن برایانی یەکگرتوو گیرابوو، بە دەستمان کەوت نەتوانرا هیچ کەسێک تێیدا دەستنیشانبکرێت لەو گومانلێکراوانەی گوایە دەستیان هەبووبێت لەم ڕووداوەدا.

سەبارەت بەو پاساوانەی وەزارەتی ناوخۆ ڕۆستایی، دەڵێت: «ئەم پاساوهێنانەوەیە لە کاتێکدایە ئەو کەسانە لە بەردەم ئۆتۆمبیلەکانی ئاسایش‌و پۆلیسی فریاکەوتن تەقەیان بەسەر بارەگاکاندا دەکرد، ئەو کارمەندانەی وەزارەتی ناخۆ لەگەڵیاندا ڕاوەستابوون، ئەگەر کارمەندەکانی خۆیان زانیارییان لەسەر ئەو کەسانە نەبێت‌و نەیانناسنەوە، ئەی ئێمە چۆن دەتوانین ئەو کەسانەیان بۆ دەستنیشان بکەین‌و بیانناسینەوە».

زانا ڕۆستایی وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ئاماژەی بۆ ئەو باندە تیرۆریستییانە دەکات کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەستگیر دەکرێت‌و دەهێنرێنە سەر تەلەفزیۆن‌و نیشانی خەڵکی دەدەن، کە ئەوان دەتوانن باندی گەورەی وەها ئاشکرا بکەن، بەڵام بۆ ڕووداوێکی وا گەورەی وەک شەوی (٧/٢٦) بە بەرچاوی هێزەکانی ناخۆی حکومەتی هەرێم‌و خەڵکەوە دەڵێن نازانین کێ دەستگیر بکەین‌و سزای کێ بدەین، چونکە هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر کەس نییە، داوا لە ئێمە دەکەن زانیارییان بدەینێ.

عوسمان بانیمارانی ئاماژەی بەوە کرد، هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە چەندان گروپی نهێنی تیرۆرستی ئاشکراو دەستگیر دەکەن، ئایا ئێستا ناتوانن ئەم کەسانە دەستگیربکەن؟ وتیشی: «ئەمانە هەمووی پاساون بۆ ئەوەی دەسەڵات نەیەوێت دڵی کادیرەکانی حیزب لە خۆی بتۆرێنێت، ئەگینا ئەگەر ئەوان ئارەزووی سزادانی ئەو کەسانەیان هەبووایە هەر ئەو شەوەی کە هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی ئێمە دەسگیریان دەکردن».

شەوی (٢٠٠٩/٧/٢٦) د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامی بەرایی دەنگەکانی لیستی کوردستانی‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، دواتر هەوادارانی لیستی کوردستانی لە سنووری پارێزگای هەولێر، ڕژانە سەر شەقامەکان‌و دەستیان کرد بە تەقەکردن‌و پەلاماردانی بارەگاکانی لیستی گۆڕان‌و نووسینگەی ڕۆژنامەو KNN، مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی‌و مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە شاری هەولێر، هەر بەهۆی ئەم تەقانەوە زیاتر لە (٢٠) هاوڵاتی بریندار‌بوون‌و هاوڵاتیەکیش بووە قوربانی گوللەی هەوادارانی لیستی کوردستانی.

زانا ڕۆستایی نیگەرانە لەو بەڵێنەی سەرۆکی حکومەت، کە وتی ئیجرائات دەکەین، بەڵام ئەوە (١٥) ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا پێدەپەڕێت نەمانبیستووە کەسێک سزا درابێت، بەداخەوە دەرکەوت جدی نین لە ئیجرائات کردنەکانیان، دیارە کەسانێکی حیزبی لە پشت ئەم ڕووداوەوەن بۆیە وەزارەتی ناوخۆش بەم شێوەیە ئیجرائات دەکات».

هەروەک بانیمارانی ڕوونکردنەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوی شەوی (٧/٢٦) بە «خەفەکردن‌و شاردنەوەی ڕاستییەکان» دەزانێت‌و دەڵێت: نایانەوێت هیچ ئیجرائاتێک لەسەر ئەو کێشەیە بکەن، بۆ ئەمەش دەبێت سەرۆکی حکومەت‌و سەرۆکی هەرێم هەڵوێستیان هەبێت».

ڕوونکردنەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی ناخۆ لە کاتێکدایە (١٥) ڕۆژ بەسەر بەڵێنەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت، کە بەڵێنیدا لیژنەیەک دروست بکات بۆ لێکۆڵینەوەکە لە ڕووداوەکەو ئەو کەسانەش سزا بدات کە هەستاون بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان‌و مەکتەبی سیاسی یەکگرتووو بارەگای ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، دواتریش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم داوای لە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم کرد سەرپێچیکەران دەسگیر بکات‌و سزایان بدات.

«مەرجی جوانبوون لای دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە کە ئینتیمات بۆخۆی هەبێتو ملکەچی فرمانەکانی بیت»

# پێکەوە هەڵکردن بە ناشرینکردنی کەسانی بەرامبەر

شارا عەبدولڕەحمان

رۆژانە لە میدیاکانی یەکێتیو پارتیدا هێرش دەکرێتە سەر کەسانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنو بەتایبەت لیستی گۆڕانو هەوڵ بۆ ناشرینکردنیان دەدرێت، بەشێوەیەک کە لە حاڵەتی دەستنەکەوتنی بەڵگەدا بۆ ئەو مەبەستە پەنا بۆ بوختانو قسەو قسەڵۆک دەبەن، بە بڕوای چاودێرانی سیاسیو یاساناسانیش یەکێتیو پارتی لە شەڕی ناوخۆوە فێری ئەو دیاردەیە بوونو زەحمەتە بۆیان تەرکبکرێت.

## دەسەڵات کاری بووەتە ناشرینکردنی کەسانی ئۆپۆزسیۆن

تەنیا لە ژمارە (٤٩٤٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا، کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە (٤) بابەتی تەشهیرئامێز بە کاراکتەرەکانی کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەک بەرچاو دەکەوێت کە هەست بەوە دەکرێت ئەو رۆژنامەیە لە هەموو کارە رۆژنامەنووسییەکانی خۆی دوورکەوتووەتەوەو کاری بووەتە ناوزڕاندنو پەلاماردانی ئەو کەسانەی کە پێشتر لەناو یەکێتیدابوونو ئێستا ئۆپۆزسیۆنن.

عەلی کەریمی، نووسەرو یاساناس، پێیوایە، «یەکێتیو پارتی لە شەڕی ناوخۆوە فێری ئەو دیاردەیە بوونو ئەوان کە لەوکاتەدا هیچ شتێکیان بەرامبەر پیرۆزییەکانی یەکتر نەهێشتەوە ئێستاش هەر بە هەمانشێوە لەسەر ئەو دیاردەیە بەردەوامن بۆ شکاندنی کارەکتەرەکانی ئۆپۆزسیۆن»، وتیشی: «گروپو حیزبە کوردییەکان کار لەسەر ناشرینکردنی بەرامبەر دەکەن بۆ جوانبوونی خۆیان، لەکاتێکدا ئەوەی بڕوای بە دیموکراسییەت هەبێت نابێت پەنا بباتە بەر کاری نادیموکراسی بۆ دەستکەوتی دیموکراسی، هەر لایەنێکیش بیەوێت خەڵک بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئەوا دەبێت فێری ئەدەبو ئەخلاقیان بکات نەک جنێودانو تەشهیرکردن».

دەسەڵاتی سیاسی کوردستان (یەکێتیو پارتی) بەردەوام باس لەکارە باشەکانی خۆیانو کەسەکانی خۆیان دەکەن، لە حاڵەتێکیشدا ئەوکەسەی کە پێشتر بە شانو باڵیدا هەڵیاندەدا لێیان دوورکەوتەوە یان بیروڕای جیاوازی هەبوو داوای گۆڕان یان چاکسازیی دەکات، ئەوا دەکەونە بەر تانەلێدانی بەشێوەیەک هەرکەس لەگەڵ خۆیان بێت فریشتەیەو هەرکەس لەگەڵیان نەبێت شەیتانە.

عەلی کەریمی پێیوایە کە ئەو نەریتە لە دەسەڵاتێک دەوەشێتەوە کە لەسەر خوێنو کوشتنو فیشەک گۆشکراوەو لە دەسەڵاتێک ناوەشێتەوە کە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی بنیادنراوە،

> ئەوەی بڕوای
> بە دیموکراسییەت هەبێت
> نابێت پەنا بباتە بەر کاری
> نادیموکراسی بۆ دەستکەوتی
> دیموکراسی، هەر لایەنێکیش
> بیەوێت خەڵک بەلای خۆیدا
> رابکێشێت، ئەوا دەبێت فێری
> ئەدەبو ئەخلاقیان بکات
> نەک جنێودانو تەشهیرکردن

چونکە «یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی مافی مرۆڤو رێزگرتنە لە تایبەتمەندییەکانی تاک، لەکاتێکدا دەکرێت رەخنە لە ئەدای بەڕێوەبردن یان پرۆگرامی کاری سیاسی یەکتر بگیرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناکرێت باس لە تایبەتمەندییەکانی تاک بکرێت».

دەسەڵاتی کوردی بەدرێژایی (١٨) ساڵی رابردوو جیاوازی قبووڵ نەبووەو لەدواهەمین کاردانەوەشیدا کەوتە دەرکردنو نانبڕینی ئەو کەسانەی کە بیروڕای جیاوازیان هەیەو دەنگیان بە لیستەکەی یەکێتیو پارتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەداوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بەوتەی میشێل فۆکۆی فەیلەسوف «ئەگەر هەموو وەک یەک بیربکەینەوە کەواتە بیرناکەینەوە».

لەبەرئەوە عەلی کەریمی دەڵێت: «مەرجی جوانبوون لای دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە کە ئینتیمات بۆخۆی هەبێتو ملکەچی فرمانەکانی بیت، لەکاتێکدا لەم قۆناغەدا دەبێت کاری دەسەڵاتی کوردی ئەوە بێت کە کۆمەڵگە بەرەو جیاوازبوون بەرن لە هەموو روویەکەوە، کۆمەڵگە بەرەو ئەو ئاراستەیە بەرن کە رەخنە بە زمانی گوڵ لەنێوان سەرجەم لایەنەکاندا هەبێتو جیاوازییەکانی یەکتر قبووڵبکرێت.

بە بڕوای چاودێرێکی بواری راگەیاندنو سیاسەتیش کەمبوونەوەی لایەنگرانی یەکێتیو پارتیو کەمبوونەوەی رێژەی کورسییەکانیان لە (١٠٠) کورسییەوە بۆ (٧٨) کورسیو دواتر بۆ (٥٩) کورسی بەهۆی قبووڵنەکردنی بەرامبەرو ئەوجۆرە سیاسەتەیە کە تائێستا پەیڕەویان کردووە.

د.دلێر ئەحمەد، راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە کە دەسەڵاتی سیاسیی بەردەوامە لەسەر ئەو هەڵانەی کە پێشتر کردوویەتی، هەر لەبەرئەوەیە کە جەماوەریان کەمبووەتەوە لەچاو دوو خولی رابردووی پەرلەماندا و دەڵێت: «باشترە یەکێتیو پارتی کە بەکارەکانی رابردوویاندا بچنەوەو هەڵە بەهەڵە چارەسەرنەکەن».

د.دلێر تێبینیی هەیە لەسەر میدیاکانی دەسەڵات بەتایبەت رۆژنامەی کوردستانی نوێو دەڵێت: «تەنیا لە ژمارەیەکدا چەندین وتارو بابەت لەسەر کەسانی ناو ئۆپۆزسیۆن بڵاودەکرێتەوە، کە پێموایە ئەمە دەلیلێک نییە کە قەناعەت بە جەماوەر بهێنێت کە لەو لایەنە دووربکەونەوە، بەپێچەوانەوە ئەمە جۆرێکە لە رەخساندنی کەشو هەوایەک بۆ دوورکەوتنەوەی جەماوەر لە خۆیان».

هاوکات بە بڕوای عەلی کەریمی، پێویستە ئەو شکستەی کە یەکێتیو پارتی لەم قۆناغەدا بەدەستیانهێناوە، کە لە نزیکەی (٨٠) کورسییەوە بوونەتە خاوەنی (٥٩) کورسی، بە نەزەری ئیعتیبار وەریبگرنو بیکەنە وێستگەیەکی بەخۆداچوونەوە.

## پێکەوە هەڵکردن چۆن دەبێت؟

هەر لە ژمارە (٤٩٤٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا کە تەشهیر بەچەندین کەسایەتی ئۆپۆزسیۆنو بەتایبەت کارەکتەرانی لیستی گۆڕان کراوە،

# «وادەی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمو یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کێشەی یاسایی دەنێتەوە»

هەستیار قادر

پێویستە لەماوەی (١٠) رۆژ لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، پەرلەمانی نوێی کوردستان یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامبداتو دەبێت سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێمیش لەماوەی (٧) رۆژدا لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی بخواتو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانیش دەڵێت: «بیرۆکەیەکی بێهێز هەیە کە سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەمانی ماوە بەسەرچوودا سوێند بخواتو ئەگەر سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم لە (٧) رۆژ دوابکەوێت دەرچوونە لە یاسا».

## کەی پەرلەمان کۆدەبێتەوە؟

بەپێی هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی هەرێم کە لە (٢٠٠٩/٣/٢٥)دا لەلایەن خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە، پێویستە لەماوەی (١٠) رۆژ لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نوێ ئەنجامبدرێت، ئەویش دوای ئەوەی بەبێ هیچ تانەیەک کە لەلایەن قەوارە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەوە پێشکەش بە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام گەر داوایەکی لەوجۆرە هەبوو کە لەماوەی (٣) رۆژ لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە پێشکەش بە دادگای پێداچوونەوە بکرێت، دادگای ناوبراو لەماوەی (١٠) رۆژدا لەو سکاڵایانە دەکۆڵێتەوە، لەدوای پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانیش لەلایەن ئەو دادگایەوە وادەی (١٠) رۆژ لەبەردەم پەرلەمانی نوێدا دەمێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی یەکەم دانیشتن.

لەوبارەیەوە عەونی بەزاز، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەدوای پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە نووسراوێکی رەسمیی ناوی ئەندامانی نوێی پەرلەمان رەوانەی پەرلەمان دەکات».

## دانیشتنەکە مەرسومی سەرۆکایەتی دەوێت؟

بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٠) رۆژدا بە مەرسومێک فەرمانی بانگهێشتکردنی ئەندامانی پەرلەمانی نوێ دەکات بۆ ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ، لەوبارەیەشەوە عەونی بەزاز، ئاماژەی بەوەدا، کە گەر لەماوەی (١٠) رۆژدا لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە سەرۆکی هەرێم مەرسومێک بۆ ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان دەرنەکات، ئەوکاتە پەرلەمان خۆی کۆبوونەوەی یەکەم ئەنجامدەدات، بەڵام ئەگەر سەرۆکی هەرێم مەرسومەکەی دەرکرد رۆژی دانیشتنەکە دیاریدەکرێتو ئەندامانی نوێش بۆ ئامادەبوون لەو دانیشتنەدا ئاگاداردەکرێنەوە.

## یەکەم دانیشتن چۆن بەڕێوەدەچێت؟

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان



یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێی کوردستان لە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانیو بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دەبەسترێت، کە بەڕای عەونی بەزاز، مەبەست لەو رێژەی ئامادەبوونە زۆرینەی ئاساییەو دەکاتە (٥٦) ئەندام پەرلەمان لە کۆی (١١١) ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان، بەتەمەنترین ئەندامی نوێی پەرلەمانیش سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنەی پەرلەمان دەکاتو دوو ئەندامی دیکەش کە لە سەرۆکە کاتییەکە تەمەنیان کەمترە وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمانو سکرتێر، یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بەڕێوەدەبەنو دواتر سەرۆکو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخۆنو بەدواشیاندا ئەندامانی نوێی پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخۆن، سەبارەت بەو پەرلەمانتارە نوێیانەی کە ئامادەی ئەو دانیشتنەش نابن، عەونی بەزاز وتی: «ئەو پەرلەمانتارە نوێیانەی لە دانیشتنی یەکەمدا ئامادەنەبوونو لە دانیشتنێکی دواتردا ئامادە دەبن، پێویستە لەو دانیشتنەدا سوێندی یاسایی بخۆن».

هەر لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی نوێدا، سەرۆکی ئەو خولەی پەرلەمانو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان، لەرێگەی دەنگدانی نهێنییەوە هەڵدەبژێردرێنو سێ سندوقی جیا بۆ ئەو پرۆسەیە دابیندەکرێت، کە هەریەکەیان دەنگی بۆ یەکێک لەو سێ پۆستە نوێیەی پەرلەمانی تیا دەدرێت.

## سوێندخواردنی یاسایی سەرۆکی هەرێم

یەکێک لەو کێشە یاساییانەی کە پێدەچێت لەسەروبەندی دەستبەکاربوونی پەرلەمانی نوێو سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێمدا رووبدات، کاتی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانو سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمە بەوپێیەی لە هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا ماوەی (١٠) رۆژ دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی یەکەم، بەڵام لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا، کە لە (٢٠٠٥/٦/٧) خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە، هاتووە کە پێویستە سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم لەماوەی (٧) رۆژ لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانەوە لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی بخوات.

زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولیدووەمی پەرلەمانیکوردستان، پێیوایە بوونی ئەو دوو وادە جیاوازە بۆ دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانو سوێندخواردنی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم، پەیوەندی بەو پەلەکردنەوە هەیە لە ئاراستەکردنی پرۆژەیاساکان لەلایەن مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانو سەرۆکایەتی هەرێمو دواتریش پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، وتیشی: «رایەکی بێهێز هەیە کە سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەمانی ماوە بەسەرچوودا سوێندی یاسایی بخوات، ئەگەر دانیشتنی پەرلەمانی نوێ بۆ زیاتر لە (٧) رۆژ دواکەوتو ئەگەر لە باری دواکەوتنی دانیشتنی پەرلەمانی نوێدا سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بۆ زیاتر لە (٧) رۆژ دوابکەوێت ئەمە دەرچوونە لە یاسا، کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئەنجامدەدرێتو ئەمەش یەکەمجار نییە یاسا لە کوردستان پێشێلبکرێت».

زانا رۆستایی ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەگەر لەماوەی کەمتر لە (٧) رۆژدا پەرلەمانی نوێ دانیشتنی یەکەمی ئەنجامدا، ئەوا لە دانیشتنی دواتردا سەرۆکی هەرێم لەبەردەم خولی نوێی پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات.

# کەرکوک پێویستی بەگۆڕانە

ئارام جەمال

گۆڕانکارییە گەورەکەی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و هاتنە مەیدانی لیستی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان، سەرنجی دنیای بەلای خۆیدا راکێشاوەو شاری کەرکوکیش (هەرچەندە ئێستا لەسنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان)، بەڵام هەرگۆڕانکارییەک کە لە هەرێمی کوردستان روودەدات جێگای گرنگی خەڵکی کەرکوکەو کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئەو پارێزگایە دەبێت، بەوپێیەی سەرەڕای گۆڕینی دیمۆگرافیاو پاکتاوی رەگەزیی لەسالانی دەسەڵاتی رژێمی بەعسی رووخاودا، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم شارە کوردن.

لە ئێستادا هاوڵاتییانی کەرکوک دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا بە دڵخۆشکەر وەسفدەکەن و گواستنەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بۆ شارەکەیان بە پێویست دەزانن.

هەڵۆ بەکر، تەمەن ٢٤ساڵ خوێندکاری زانکۆ بە رۆژنامەی وت: «دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لەرابردوودا زۆرشتیان بەدەست بووە، بەڵام لەئاست خواست و داوای هاوڵاتییاندا نەبوون، بۆیە بوونی هاتنی هێزی دیکە لەبەرامبەر ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارەدا پێویستە، بۆئەوەی ئەوانیش بە هەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆیاندا بچنەوە». سەبارەت بەلیستی گۆڕانیش هەڵۆ، دەڵێت «لیستی گۆڕان وەک چۆن لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانەوە پێشوازیکرا لەهەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئاوهاش جێگای دڵخۆشیی ئێمەیەو بەگەرمی پێشوازی لەو لیستەو لە گۆڕانکاریی دەکەین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک و پەرلەمانی عێراقدا».

نازم محەمەد، تەمەن ٣٤ساڵ دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوا دەڵێت: «لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا ئەرکی گەورەی لەسەر شانە، لەسەروو هەموویانەوە بنبڕکردنی گەندەڵییە کە ئێستا کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، هەروەها نەهێشتنی مەحسوبیەت و خزمخزمێنە».

سەبارەت بەکەرکوکیش نازم وتی: خەڵکی کەرکوک پێویستیان بە لایەنێکە پێشەواییان بکات، ئەوەش تەنیا لەلیستی گۆڕاندا دەبینم، جگەلەوەش کێشەی کەرکوک هێشتا یەکلایی نەبووەتەوەو خەڵکی ئەم شارەش رۆژبەڕۆژ دووچاری مەینەتی زیاتر دەبن، بۆیە «گۆڕانکاریی لەکەرکوک لەهەموو شوێن بەپێویستتر دەزانم و ئومێدمان بەگۆڕانە».

فازڵ ئیبراهیم، تەمەن ٢٩ساڵ دانیشتووی گەڕەکی مامۆستایان، «لیستی جیاوازو دەنگی جیاواز لەهەڵبژاردنەکاندا بە دیاردەیەکی جوانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەزانێت و دەڵێت: بوونی لیستی گۆڕانیش لەهەڵبژادنەکانی هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای پێشێلکاریی و کەموکوڕییەکان «جوانی بە پرۆسەکە بەخشی و لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە». وتیشی «کەرکوک پێویستی بەگۆڕان هەیەو لیستی گۆڕانیش تەنیا هیوای گۆڕانخوازانی ئەم شارەیە کە کاربکات بۆ گەڕانەوەی مافی خەڵک و یەکلاییکردنەوەی کێشەی شارەکەو نەهێشتنی گەندەڵیی و باشترکردنی بارودۆخی ئاسایشی شارەکە کە ئێستا گرفتی سەرەکیمانە».

بەوتەی شێرکۆ شەریف، تەمەن ٣٨ساڵ (کاسب): «هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی لیستی جیاوازەوە بووە مایەی دڵخۆشیی خەڵکی کوردستان، چونکە ئەو لیستە جیاوازانە بەتایبەت لیستی گۆڕان بووە رکابەری لیستی پارتە دەسەڵاتدارەکان و ئەمەش یەکەمجارە لەمێژووی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنی بەهێزو کاریگەر بچێتە پەرلەمانەوە کە سەرەنجام ئۆپۆزسیۆن دەبێتە رەقیب بەسەر دەسەڵاتەوەو ئەوەی جاران دەسەڵات بەئارەزووی خۆی دەیکرد، ئێستا ناتوانێت بیکات، «بێگومان ئێستا ئۆپۆزسیۆن لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە».

سەبارەت بە کاریگەریی لیستی گۆڕان و زەرورەتی گۆڕانکاریی لەکەرکوک، شێرکۆ دەڵێت «بێگومان لیستی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان کاریگەریی بەسەر کەرکوکیشەوە دەبێت و پێویستیشە ئەم دۆخە چەقبەستووەی ئێستای کەرکوک بگۆڕین، چونکە ناکرێت هەتا هەتایە چاوەڕوانی قەدەر بین، بۆیە گۆڕانکاریی لەم دەسەڵات و سیستمەی ئێستای کەرکوکدا گرنگترین پێویستی خەڵکی کەرکوکەو تەنیا بەگۆڕانکاریی دەتوانین کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنینەوە سەر کوردستان».

مەریوان محەمەد، تەمەن ٣٠ساڵ بە رۆژنامەی وت: «هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باش بوون تا خەڵکی کوردستان بە ئازادیی رای خۆیان دەرببڕن و نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، بێگومان لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستاندا بەهۆی لیستی جیاوازو رکابەرەوە پرۆسەکە گەرمترو جوانتربوو». مەریوان، هەروەها وتی «ئێستا پێویستە لیستەکان متمانە بۆ خەڵک بگەڕێننەوە، بەهۆی ئەوەی لەرابردوودا پێش هەڵبژاردنەکان بەڵێنی زۆر بەخەڵکی دراون و جێبەجێ نەکراون، ئێستا ئەرکی لیستی گۆڕان و لیستەکانی دیکە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بەر لەهەڵبژاردنە».

محەمەد کاکەڕەش، تەمەن ٢٤ساڵ خوێندکاری ئامادەیی دەڵێت: «لیستی گۆڕان لیستی گەنجانەو لەناو دڵماندایە، سەرەڕای ئەو پێشێلکاریی و ساختەکارییەی بەرامبەری کرا، بەڵام دەنگەکانی جێگەی دڵخۆشیی ئێمەن، ئێمەش وەک گەنجانی کەرکوک چاوەڕوانی لیستی گۆڕان دەکەین بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، چونکە پێمانوایە تەنیا لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەم دۆخە بگۆڕێت». محەمەد وتیشی «شەش ساڵە پرۆسەی ئازادیی ئەنجامدراوەو کەرکوک ئازادە، بەڵام رۆژبەڕۆژ دۆخی ئەم شارە لەپاشەکشەدایە، بۆیە پێویستە ئەم دۆخە بگۆڕین و تاکە هیواش لیستی گۆڕانە».

بە بۆچوونی عادل خالید، تەمەن ٤٠ساڵ دانیشتووی ناحیەی شوان: «هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی لیستی جیاوازەوە لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بووە، بە پێویستیشی دەزانێت لە کەرکوکیش هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، چونکە خەڵکی کەرکوک بەدەست دەیان گرفتی (ئەمنی و خزمەتگوزاریی و بێکاریی و...هتد)ەوە دەناڵێنن و پێویستە هێزێک هەبێت کاریگەری و گۆڕان لەم دۆخەدا دروستبکات، بێگومان زۆرینەی خەڵکی ئەم شارەی لەگەڵ دەبێت». عادل ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە «ناحیەو گوندەکان پەراوێزخراون و خەڵکەکەیان دووچاری بێکاریی و نەبوونی خزمەتگوزاریی بوون و بەناچاریی روو دەکەنە شاری کەرکوک بۆ نیشتەجێبوون و تەنانەت بۆ کاریش، زۆرجار کاریشمان دەست ناکەوێت و زۆرینەمان لەبارو گوزەرانێکی خراپدا دەژین، تەنیا بە گۆڕان دەتوانیین خۆمان رزگار بکەین لەم دۆخە».



خراپی گوزەرانی ئاوارەکان لە کەرکوک

---

## چرۆژنامات

## سەرکردایەتی کورد چۆن کەرکوک بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟

ئامادەکردنی: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا



جەمال محەمەد، هاوڵاتی، نیشتەجێی ئەڵمانیا: کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان کێشەی هەموو کوردێکە، نەک بەتەنیا کێشەی دەسەڵاتداران. ئەم کێشەیە بەحیزبایەتی چارەسەرنەکراوەو ناشکرێت. بەڵکو پلانێکی دارێژراوی تۆکمەی هەمەلایەنەو پاکتاوکردن و بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆیی و ماڵی کورد پیرۆزترین سەرەتایە.



عادل نادر قادر، پێشمەرگەی دێرین: لەم سەردەمەدا دەبێت خەباتی دبلۆماسی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی وڵاتەکەمان وڵاتێکی داخراوە هیچ لایەکی لەسەر دەریا نییە، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین بە خەباتی دبلۆماسی و دوور لە توندوتیژیی مادەی (١٤٠)ی دەستووری جێبەجێ بکەین، هەرچەندە ساڵێک زیاتریش بەسەر ماوەکەیدا تێپەڕیوە.



هیوا عومەر تەها (هیوا کۆمەڵە) پێشمەرگەی دێرین: پێموایە گەر خۆمان بە دەستووری عێراقی و مادەی (١٤٠)وە ببەستینەوەو هەنگاو بە هەنگاو ئەو قۆناغانەی کە هەیە لەم مادەیەدا جێبەجێ بکرێت وەک ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و ئەنجامدانی راپرسی و سەرژمێریی و گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەکانی ساڵی (١٩٥٧) دەکرێت بتوانین بە شێوەیەکی دیموکراسییانە کەرکوک بگەڕێنینەوە



ساماڵ سەردار مەحمود، پارێزەر: پێویستە سەرجەم نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە بەرنامە فشارێکی گەورەو بەردەوام بخەنە سەر حکومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم برگەکانی مادەی (١٤٠) و بیکەنە سەرەکیترین ئەرکی سەرشانیان نەک وەکو ئێستا، کە بینیومانە مەسەلەی بودجەو گرێبەستە نەوتییەکان و پێشمەرگە لە ئەولەویەتی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بەغدا.



سۆران عەبدوڵڵا رەسوڵ، مامۆستا: پێمباشە فشارێکی زیاتر بکرێت بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لەبەرئەوەی تەنیا جێبەجێکردنی ئەم مادەیە بە چارەسەری گەڕانەوەی کەرکوک دەزانم بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمجارە پێویستی بە فشارێکی زۆر زیاترە بۆ ئەوەی قۆناغەکانی ئەم مادەیە جێبەجێ بکرێت.

ئەم گۆشەیە بەردەوام رای هاوڵاتییان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیلی ( hewal.rozhnama@gmail.com) بەشداریی بکەن

تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە رەچاو بکە: ١. وێنەیەکی کەسی خۆت. ٢. نووسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت.
٣. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەبێت کە دەیخەینەڕوو.
پرسیاری داهاتوو: کارەکانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

## ئەگەر چاکسازیی لەخۆیدا نەکات تووشی گرفت دەبێت

# ئەرکی حکومەتی داهاتوو چی دەبێت؟



دلێر عەبدولخالق

ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن لیستە براوەکانی دەرەوەی لیستی یەکێتیو پارتی بەشداریی لە کابینەی حکومەتدا ناکەن، بەوپێیەش کابینەی شەشەم «کابینەی لایەنی زۆرینە» دەبێت، کە بە بڕوای پسپۆڕانی ئیدارەو بەڕێوەبردن ئەرکی ئەو کابینەیە بەهۆی بەهێزیی لایەنی ئۆپۆزسیۆن «زۆر قورسە»و ئەگەر چاکسازیی لە سیستمی ئیدارەو بەڕێوەبردنو سەربەخۆیی دەسەڵاتەکاندا نەکرێت، دووچاری «گرفتی گەورە» دەبن.

ئەزموونی ئیداریی هەرێمی کوردستان لەماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا لەگەڵ کۆی ئەو هەلومەرجەی باڵی بەسەر هەرێمدا کێشاوە، سروشتی کابینە حکومییەکان بنکە فروانبوون، واتە زۆرینەی پارتو لایەنو گروپەکان بەشدارییان تێداکردووە، هاوکاتیش تا قۆناغەکانی دوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز چاودێرو هێزی ئۆپۆزسیۆن لە ئەزموونی هەرێمدا بەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنو جێبەجێکردنەوە نەبووە، بەوهۆیەوە هەمیشە کابینەکانی پێشووی هەرێم جێگای رەخنەو گلەییو گازندەی هاوڵاتییانی هەرێم، ناوەندە رۆشنبیریی، ئەکادیمیو رۆژنامەوانییەکان بوون، بەڵام بەبڕوای چاودێران لەدوای هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانو هاتنە ناوەوەی هێزی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسییو پەرلەمانی ئەو هەرێمە، ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتی ئیداریی ئێجگار قورس دەبێت، چونکە بۆ یەکەمجارە دەسەڵاتی ئیداریی لە ئەزموونی حکومەتی یەکێتی نیشتمانییەوە دەگوزارێتەوە بۆ حکومەتێک کە چاوی ئۆپۆزسیۆنی لەسەرەو دەبێت بەکۆی بەرنامەو پلانو ئەجێندای ئیشکردنیدا بچێتەوەو گۆڕانی تێدا بکات.

### حکومەتی بنکە فراوان، بۆ کابینەی زۆرینە

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم ئەوە دەردەخەن هێزی دووەمو سێیەمی براوەی ئەم هەڵبژاردنە کە لیستی گۆڕان خاوەن (٢٥) کورسیو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی خاوەن (١٣) کورسی، دەبنە ئۆپۆزسیۆنو بەشداریی لە حکومەتدا ناکەن، بەپێی سیستمە دیموکراسییەکانیش لایەنی زۆرینەی هەڵبژاردن مافی خۆیەتی بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بەو ئاراستەیەش لیستی کوردستانی کە هی (یەکێتیو پارتییە) بە لە بەرچاوگرتنی هەبوونی ئەو هێزە گەورەیەی ئۆپۆزسیۆن کە دەتوانێت لەناو هۆڵی پەرلەماندا لێپرسینەوە لە «سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانی» بکات، بۆ یەکەمجار ئەزموونی کابینەی زۆرینە تاقیدەکاتەوە.

د.سەرهەنگ حەمید، مامۆستای زانستە رامیارییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە، کابینەی شەشەم جیاوازە لە پێنج کابینەکەی پێشووی هەرێمو بارگرانیی زیاتری لەسەر شانە، چونکە هەلومەرجی کوردستان گۆڕاوە. خەڵک هۆشیارەو بەدوای خزمەتگوزارییو کاری باشتری حکومەتدا دەگەڕێت، هێزی ئۆپۆزسیۆنیش کە چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکات، دەتوانن لە رووی یاساییەوە زۆر ئیش بکەن، وەک بانگکردنی وەزیرەکان، گفتوگۆ لەسەر کێشە گشتییەکان لەناو پەرلەمان، پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسایی، رەخنەگرتن لە کارەکانی حکومەت، بۆیە ئەو کابینە ئەرکی گرانەو دەبێت «مامەڵەیەکی تەندروست» لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکات.

### کێ چاکسازیی لە فەوزای بەڕێوەبردندا دەکات؟

پسپۆڕێکی بواری ئیدارەو بەڕێوەبردنیش، هاوڕا لەگەڵ بۆچوونی ئەو پسپۆرە سیاسییە جەخت لەوەدەکاتەوە حکومەتی داهاتوو کە بڕیارە یەکێتیو پارتی پێکیبهێنن، رووبەڕووی «ئەرکی قورس» دەبێتەوەو پێویستە دەستبەجێ چاکسازیی لەو سیستمە «فەوزایە»ی بەڕێوەبردندا بکەن، هەموو هەوڵی خۆشیان لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا چڕبکەنەوە، چونکە «ئەگەر دۆخەکە وەک پێشتر بمێنێتەوە، چارەنووسی ئەو دوو هێزە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا باش نابێت».

رەفیق ساڵح، مامۆستای بەشی کارگێڕیو بەڕێوەبردن لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، دەڵێت: ئەو حکومەتەی بڕیارە لەلایەن پارتیو یەکێتی نیشمانییەوە پێکبهێنرێت، ئەرکو کارەکانی زۆر قورس دەبێت، بەوپێیەی هێزی گەورەی ئۆپۆزسیۆن هەیە بۆ چاودێریی کارەکانیانو «دەبێت ئەرکی لە پێشینەیان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو چاوخشاندنەوە بێت بەو فەوزایەی کە لە سیستمی بەڕێوەبردندا دروستبووە». وتیشی: «ئەگەر ئەو دووپارتە سەرکەوتنی کابینەکەیان لەلا گرنگ بێت پێویستە هەنگاوی یەکەم حیزب لە دەوڵەت جیابکەنەوە، چونکە ئەو هەلومەرجە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەو سێ دەسەڵاتەو کەمکردنەوەی ئازادیی تاکەکانو زەمینە خۆشکردن بۆ سیستمی دیکتاتۆریی».

### ئۆپۆزسیۆن بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانی حکومەتە

بەپێچەوانەی بۆچوونی سەرهەنگ حەمیدو رەفیق ساڵح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕوای وایە، ئەرکی سەرشانی کابینەی داهاتووی هەرێم، بە بوونی ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنە، نەک قورس نابێت، بەڵکو هۆکارێکیش دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانی حکومەت.

د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لەپێناو چاکسازیدا کاریکرد، دیاردەیەکی تەندروستەو هاوکاریی حکومەت دەکات لەوەی ئیشوکارەکانی بەرەوپێش بەرێت، بۆ نموونە حکومەت هەندێک شت دەکات بەنیازی چاک، بەڵام دواتر خراپ دەشکێتەوە، ئەگەر لەو حاڵەتەدا یەکێک هەبێت ئەمە راستبکاتەوەو حکومەت لە هەڵەکان ئاگاداربکاتەوە، مایەی دڵخۆشییە، کەواتە «ئۆپۆزسیۆنێکی لەوشێوە هاوکاریی کابینەی داهاتوو دەکات، نەک ئەرکی سەرشانی قورس بکات».

### دەزگا ئیدارییەکان لاوازن

ئیدارە لە هەر وڵاتێکدا ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانە، لێرەوەش بە نەبوونی ئیدارەیەکی بەهێز کۆی ئەو ئامانجانە کورتدەهێننو سەقامگیریی ئەو وڵاتەش دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە، بەتایبەتیش کە شارەزایانی ئەو بوارە لە کوردستان پێیانوایە توانای بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ئێمە زۆر لاوازەو لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکدا نییە.

رەفیق ساڵح، کە پسپۆڕی بواری ئیدارەو بەڕێوەبردنە دەڵێت: پێداچوونەوە بە سیستمی ئیداریی هەرێم، پێویستە هەنگاوی دووەمی ئەو کابینەیە بێت، چونکە یەکێک لە گرفتەکانی هەرێم ئەو فەوزایەیە لە بواری بەڕێوەبردنو ئیدارەدا دروستبووەو دەبێت چاکسازیی تێدا بکات، ئاستی تواناو بەڕێوەبردنی «دەزگاکانی ئێمە زۆر لاوازنو بەو دامەزراوانە ناتوانن ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بهێننەدیو کێشە ئابووریيو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو خزمەتگوزارییەکان چارەسەربکەن». هەربۆیە رەفیق ساڵح بە پێویستی دەزانێت کابینەی داهاتوو بایەخ بە پرۆسەی بەڕێوەبردن بدات، بەشێوەیەک کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دابنرێتو رۆتین لە دەزگاکانی بەڕێوەبردندا کەمبکرێتەوەو چاو بە یاساو رێنماییەکان بخشێندرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی تائێستا بە روونی دەرنەکەوتووە جگە لە یەکێتیو پارتی، پێکهێنەرانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم کێ دەبن، بەڵام چاودێران پێیانوایە «لایەنەکانی پێشووی بەشداریی حکومەت ئەزموونی بەشداریکردنی پێشوویان بە باش نەشکاوەتەوە، بۆیە پێناچێت جارێکی دیکە ئەو گەمە سیاسییە دووبارەبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرهەنگ حەمید، ئاماژە بە هەلومەرجی وڵاتانی جیهانی سێ دەکات، کە بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیەوە حکومەتی بنکە فراوان پێکدەهێننو دەڵێت: هەرێمی کوردستان تائێستا کیانێکی جێگیری نییە، هاوکاتیش کۆمەڵێک کێشەی گەورەی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عێراقدا رووبەڕوو دەبێتەوە، بۆیە «پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە حکومەتێکی بنکە فراوان (یەکێتی نیشتمانی) دروستبکرێت، هەرچەندە بە هاتنە ناوەوەی لایەنی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو حکومەت ئەزموونی پێشوویان دووبارەدەکەنەوە، کە بەشێک بوون لە حکومەتو نەیانتوانیوە ئۆپۆزسیۆن بن».

### هاوکێشەکان گۆڕاون

بە بڕوای رەفیق ساڵح، ئەگەر ئەو دوو حیزبە مەبەستیان بێت بمێننەوەو گەشە بە خۆیان بدەن، دەبێت بزانن هاوکێشەکان گۆڕاونو لە کابینەی ئەمجارەی حکومەتدا ناتوانن وەک پێشووتر لەسەر کەموکورتییەکانیان بڕۆن، چونکە وەک ئەو وتی: «ئەگەر ئەو دوو حیزبە خۆیان چاک نەکەن، خەڵک پشتیان تێدەکات».

د.سەرهەنگ حەمید بوونی حکومەتو لە بەرامبەریشیدا ئامادەبوونی هێزێکی چاودێر لەسەر کارەکانی، بە خاڵێکی ئیجابیی لە ئەزموونی هەرێم ناودەباتو پێیوایە پێویستدەکات هەردوولا (دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن) رێز لە چەسپاوە نیشتمانییەکان بگرنو ئەوەی دواجار هەردوولا کۆدەکاتەوە کێشە نەتەوەییەکان بێت، ئەمەش دروست ئەو ئەزموونەیە کە لە دەسەڵاتی تورکیاو ئیسرائیلدا بەدیدەکرێت. بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتەش «دۆخێک دروستدەبێت هەم حکومەت تووشی ئیفلیجی دەکاتو هەم ئۆپۆزسیۆنیش ناتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێبکات».

ژمارە (529) دووشەممە 2009/8/10
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

## عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا داوای گۆڕان دەکات

# پێگەی سیاسی، یان خێڵەکی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان ئاراستە دەکات؟


حامید کارزای بە وێنە لەناو خەڵکدایە


عەبدوڵا عەبدوڵا

جەمال ئیختیار

ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە بە دووەمین هەڵبژاردنی دیموکراسییانەی ئەو وڵاتە دادەنرێت، لە ئەفغانستان بەڕێوەدەچێتو سەرۆکی ئێستای ئەو وڵاتە (حامید کارزای) بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی داوای پشتیوانی لە خەڵکی ئەو وڵاتە دەکاتو وەزیری دەرەوەی پێشووی کابینەی کارزای بووەتە ڕکابەری جدیی بۆ دەسەڵاتیو بانگەشەی ئەوە دەکات لە کارزای زیاتری پێدەکرێت.

ئاژانسەکانی هەواڵ هەر لە ئێستاوەو بەر لە هەڵبژاردن گرنگییەکی تایبەتیان بەو هەڵبژاردنە داوەو بە بڕوای ئاگایانی سیاسی ئەفغانستان، ئەو هەڵبژاردنە گرنگییەکی نێودەوڵەتی هەیە، بەو هۆیەوە کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەدوای چەندەین دەیە لە پشتگوێخستنی ئەفغانستان، چەند ساڵێکە هەوڵدەدات ئارامیو سەقامگیریی لەو وڵاتەدا بچەسپێنێت.

هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆکایەتی کە لە ئۆکتۆبەری (٢٠٠٥)دا بەڕێوەچوو و تێیدا حامید کارزای سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام سەرەڕای کەشی سیاسی نوێ لەو وڵاتەدا، حکومەتی ئەفغانستان، تائێستاش نەیتوانیوە ئاسایش دەستەبەربکات، سەرەڕای پشتیوانیی زۆری کۆمەڵی نێودەوڵەتیو هاوکات ژیانی خەڵکیش باشتربوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینیوە.

چەندین کەسی جیاواز لەو هەڵبژاردنەدا ڕکابەریی دەکەن وەکو (سەرۆکی ئێستا حامید کارزای، عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا، ئەشرەف قانی، میر وەیس یاسینی، محەمەد هاشم تۆفیقی، زەبیحوڵڵا قازی نورستانی، سەروەر ئەحمەدزایو شەهلا عەتا کە ئەندام پەرلەمانو بیۆەژنێکی شەڕی ئەفغانستانەو خاوەنی لێکۆڵینەوەیە لەسەر مێژووی مودێرنیزەکردنی ئەفغانستان لە سەردەمی سەرۆکایەتی محەمەد داودخاندا، بەڵام ڕکابەری جدییو بەرچاوی کارزای لەو هەڵبژاردنەدا، عەبدوڵڵا عەبدوڵڵایە کە لە کابینەی کارزایدا وەزیری دەرەوە بووەو خاوەنی ڕابردوویەکی سیاسی بەرچاوە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا.

سێ کاندیدی یەکەم تاڕادەیەکی زیاتر ناسراونو لە هەڵسوڕاوانی سیاسی ئێستاو ڕابردووی ئەفغانستاننو محەمەد هاشم تۆفیقی، ئەفغانییەکی بە ئەزموونەو سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی وڵاتەکەی ژیاوەو هیچ کاتێک وازی لە ناسنامەی وڵاتەکەی نەهێناوەو خاوەنی هەوڵی زۆرە بۆ ناساندنی کێشەی ئەفغانستان بە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان.

زەبیحوڵڵا قازی نورستانی، سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدانی ئەفغانستانە کە بەهەمانشێوەی تۆفیقی، خاوەنی هەوڵی زۆرە لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانو باس لەوە دەکات کە زەوی حکومەت بدرێت بە هەژاران بۆ ئەوەی کاری لەسەربکەن.

میر وەیس یاسینی، جێگری یەکەمی خانەی خەڵکی ئەفغانستانو لە باگراوندێکی ئیسلامیی ئاکادیمییەوە هاتووە، کە پێیوایە نەرمڕەوی ئیسلامی دەتوانێت یارمەتی چارەسەری کێشەکانی ئەفغانستان بدات.

سەروەر ئەحمەدزای کەسێکی ڕۆشنبیرو سەرکردەیەکی خوێندکاری ئەو وڵاتەیەو شارەزای یاساو پەیوەندی نێودەوڵەتییەو بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ئەفغانییەکان کاری بۆ کەمپەینی ئۆباماکردووە.

لە سەرەتای کێبرکێکەدا کەمپەینی هەڵبژاردنەکان گەرموگوڕیی زۆریان پێوەدیارنەبوو، بەڵام لەدوای هاتنی د.عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا کە لە نزیکەکانی فەرماندەی پێشووی ناودار ئەحمەد شاە مەسعودبووە، لە موجاهدینی ئەفغانستان نزیکبووەو لە کابینەی کارزایدا پۆستی وەزیری هەبووە، بە کەمپەینێکی ڕێکخراوو بە ئەزموون کە زۆربەی شوێنەکانی ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە ڕکابەرێکی جدیی بۆ کارزای سەریهەڵداوەو ڕەخنەی جدیشی ئاراستەی کارزای کردووە.

ئەگەرچی د.عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا خۆی لە کابینەی کارزایدا وەزیری دەرەوەبووە، بەڵام دەڵێت: «کارزای هەشت ساڵی لەبەردەستبووەو نەیتوانیوە لەو هەشت ساڵەدا کارێکی بەرچاوبکاتو پێویستە کە بگۆڕێت»و ئەو وەرگرتنی لاپەڕەیەکی کەمپەینی ئۆباما باس لەوەدەکات «ئەفغانستان پێویستی بە گۆڕان هەیەو دەسەڵاتی پێشوو ناتوانێت لەوە زیاتربکات کە کردویەتی».


شەهلا عەتا

کێشەیەکی بەردەم کەمپەینی عەبدوڵڵا ئەوەیە کە ئەو لە وڵاتێکدا ڕکابەرایەتی دەکات کە تائێستاش خەڵکو دەنگدەران نوێنەرانو سەرکردەکانیان لە خێڵەکەی خۆیان هەڵدەبژێرنو بەو پێیە کارزای لە گەورەترین گروپی ئەو وڵاتەیە، واتە پەشتونەکانە، لەکاتێکدا د.عەبدوڵڵا سەر بە ئەتنیکی تاجیکەکانە کە گروپێکی ئەتنیکی بچووکن، سەرکەوتن بۆ کارزای ئاسانتر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو توانیویەتی کە لە بنکەی سەرەکی حامید کارزای قەندەهار، هەزاران لایەنگر بۆ خۆی بەدەستبهێنێت، واپێدەچێت کە لە ئێستادا بەهۆی مەسەلە خێڵەکییەکانەوە بەرنامەو پلاتفۆرمی لایەنە سیاسییەکانو کاندیدەکان ڕۆڵێکی زۆر نەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەبدوڵڵا بەرنامەو ڕابردووی خەباتی خۆی پێکەوە گرێداوەتەوە.

سەرچاوەکانی میدیاو چاودێرانی ئەفغانستان پێیانوایە کە سەقامگیریی ئەفغانستان پەیوەستە بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەوەو ئەو مەسەلەیە بووەتە جێگەی سڵکردنەوەی خەڵکی ئاساییو هەڵسوڕاوانو تەنانەت هێزەکانی هاوپەیمانانو جێگری باڵیۆزی ئەمریکا لەو وڵاتە (تیم کارنەی) دەڵێت «مەبەستی ئەمریکا تەنیا باسکردنو بەرگری لە هەڕەشە خراپەکانی وەکو بۆمبو کوشتن نییە، بەڵکو بەڕێوەبردنو حکومەتیش زۆر گرنگەو پێویستی بە کەسی باش هەیە».

ئاژانسی هەواڵی ئاکی دەنووسێت: «ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی ترسیان لەوە هەیە کە هەڵبژاردن ببێتە هۆی ناساقامگیریی زیاتر لە ئەفغانستانو لەو چوارچێوەیەدا ئەنجومەنی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشو پەرەپێدان، داوای پلانێکی بەپەلەی کردووە بۆ بەرگرتنو ڕووبەڕوو بوونەوەی ناسەقامگیری ئەتنیکیو سیاسی لەو وڵاتە ناوەندەکە پێیوایە ترس لە ناوچەکانی باشوورو خۆرهەڵاتی ئەفغانستان کە ناوەندی سەرەکی سەرۆکی ئێستا حامید کارزایە، دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەداو دواتریش مەترسی دروستکردنی کێشەی گەورەتری لێدەکرێت.

لە ڕاگەیاندراوێکی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشو پەرەپێدان کە تازە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە «بەرزبوونەوەی بەشداریی خەڵک لە ناوچە تاجیکەکان مانای ئەوەی دەبێت کارزای ناتوانێت ڕێژەی پەنجا لە سەدی دەنگەکان بۆ سەرکەوتن لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا مسۆگەربکات».

ئەگەرچی ڕاگەیاندراوەکە بۆنی لایەنگریی کارزای لێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوەکە باس لەوەدەکات کە ڕۆشتنی هەڵبژاردنەکە بۆ خولی دووەم، یان دەرکەوتنو پێویستی وەڵامدانەوە بە تۆمەتو ئەگەرەکانی ساختەکانی هەڵبژاردن، چانسی شەڕی ناوخۆو نائارامیی زیاتردەکەنو براوەی هەڵبژاردنەکەش ناتوانێت بانگەشەی شەرعیەتی تەواوبکات، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە پەشتونەکان لە باشووری ئەو وڵاتە بەهۆی ترسەوە دەنگ نەدەنو ناسەقامگیریی بە مانای زیاتربوونی دەرفەتەکانە بۆ تاڵیبان، بۆ ئەوەی پەرە بە کاری توندوتیژییو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بدەنو هاوکێشەیەکی لەو شێوەیە زیانی گەورەی بۆ ئەفغانستان دەبێت، لەکاتێکدا ئەو وڵاتە خەریکی بنیادنانەوەو دەسپێکردنی قۆناغێکی تازەیە.

ئەگەرچی کاندیدی جیاواز لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارن، بەڵام ڕکابەری سەرەکی لەنێوان سەرۆکی ئێستا حامید کارزایو عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا چڕبووەتەوەو بانگەشەکانی هەڵبژاردنیش زیاتر لەسەر بنەمای جێگیرکردنی زیاتری ئاسایشو باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە ڕاوەستاوەو لەو چوارچێوەیەدا کارزای بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەوڵ دەدات بۆ باشترکردنی ژیانی سەرجەم چینو توێژەکانی ئەفغانستان، بەڵام بەوە تۆمەتبارە کە سەرقاڵی فراوانکردنی پێگەی بنەماڵەکەیەتیو دەرفەتی ڕەخساندووە کۆمەڵێکی بچووک دەوڵەمەندببنو زۆرینەی خەڵک پەراوێزبخرێن کە هەر ئەوەش بووەتە هاوسۆزی زیاتر بۆ تاڵیبانو دەگوترێت کە کارزای خۆی خاوەنی ملیۆنەها دۆلارەو ئەو سەروەتەی لەدوای گەیشتنی بە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئەفغانستان پێکەوەناوە، ئاماژە بەوەشدەدرێت کە برای سەرۆکی ئەفغانستان ئەحمەد وەلی کارزای خاوەنی دەزگای گواستنەوەو ئاسایشی تایبەتەو دەستی هەیە لە بازرگانی چەند ملیار دۆلاری هێرۆین، بەڵام ئەو تۆمەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانو خۆرئاواییەکان لەو بوارەدا ڕەتدەکاتەوە.

هاوکات دەگوترێت کە میدیای ئەفغانستان نەیتوانیوە لە بانگەشەکانی ڕکابەری بۆ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بێلایەنی بپارێزێتو زیاتر لە (٥٣٪)ی بەرنامەکان بە تەنیا بۆ کارزای دانراوەو کۆمسیۆنی میدیا ڕەخنەی لەو مەسەلەیە گرتووە کە کارزای میدیا بە قازانجی خۆی بەکاردەهێنێت.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەیڤید میلیپاند باسی لەوەکردووە کە ناکرێت چەسپاندنی سەقامگیرییو ئاسایش بکرێتە تەنیا بەرنامە بۆ حکومەتی ئەفغانستان، بەڵکو پێڕاگەیشتن بە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە ڕۆڵی سەرەکی دیکەی دەبێت لە جێگیرکردنی ئەو وڵاتەو کەمبوونەوەی توندوتیژی ئەو، هەروەها باسیلەوە کردوە کە مەسەلەی مادە بێهۆشکەرەکان یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم براوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەفغانستان دەبێت.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ناکرێت سەقامگیریی ئەفغانستان ببەسترێتەوە بە کارزای یان دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەو، بەڵکو سەرەکیترین شت کە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، ویستی خەڵکی ئەو وڵاتەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو دوور لە ساختەکارییەو هەر ئەو ڕێزگرتنەش لە ویستی خەڵک دەتوانێت ئەو وڵاتە لەپاش چەند دەیە لە ناسەقامگیریی بەرەو کەناری ئارامیی ببات.

## دەنگدانەوەی میدیایی

# هەرێم دەبێتە یەکێک لە گەورەترین پشکدارەکانی نەوت

شالاو فەتاح

دوای ئـەوەی حکومەتی هەرێم پشکی (١٧٪)ی لە هەر دۆزینەوەیەکی کۆمپانیاکانی (هێریتەیج- گەنەل) وەرگـرت لەبەرامبەر ئـەو قـەرزەی دابـوویـە کۆمپانیای تورکی گەنەل ئینێرجی، میدیای جیهانیی بەشێوەیەکی ئێجگار بەرفراوان باس لە پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان دەکات، بەتایبەت لـە بـوارەکـانـی وزە، بـازرگـانـیو گەشتیارییدا. ئـەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە چیدی هەرێمی کوردستان تەنیا وەک (مافی سروشتی) سوود لە بەرهەمی نەوت وەرناگرێت، هێندەی لە ڕێی (پشک)ەوە سوود وەردەگرێت، ئەمەش سیاسەتێکە کە نە سنووری ناوچە جێناکۆکەکانو نە جیاوازی ڕەگەزیی ڕێی پێدەگرێت. هەربۆیە میدیای جیهانیی پێیوایە کە ئیدی عێراق پێویستە لەئێستاوە بەشێوەیەکی فراوان «کاربکات بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی‌و بیرۆکراسییەت»، ئەم داوایەش لەپێش گشت کەسێکەوە تورکیا دەیکات، چونکە وەک خۆیان دەڵێن «سێیەم دەوڵەتی گرنگ لەڕووی بازرگانییەوە بۆ تورکیا، عێراقە»و لەداهاتووشدا ئەم ئاستە «بەرزتریش دەبێتەوە».

### TIMESONLINE

### «حکومەتی هەرێم دەبێتە یەکێک لە گەورەترین خاوەن پشکەکانی سامانی نەوت»

سایتی تایمز ئۆنلاین لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناونیشانی (فراوانبوونی سامانی نەوتی عێراقو پشکی گەورەی کورد)، باس لە گرێبەستی هەردوو کۆمپانیای هێریتەیجی بەریتانی، گەنەل ئینێرجی تورکی دەکـات بۆ دەرهێنانی نەوت لەعێراقو پشکی حکومەتی هەرێم لە پرۆژەکانی ئەو دوو کۆمپانیایەدا. لە ڕاپۆرتەکەیدا تایمز ئۆنلاین بەوە دەستپێدەکات کە «حکومەتی ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق، دەبێتە یەکێک لەو حکومەتانەی کە خاوەنی گەورەترین پشکی نەوتە»، دواتر ڕاپۆرتەکە باس لە دۆزینەوە تازەکانی بواری نەوت لەو ناوچانەو پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکـات، کە (١٧٪)ی هەر پرۆژەیەکی لەوجۆرەیەو بەمەش وەک خاوەنی یەکێک لە کۆمپانیا نەوتییەکان دەڵێت «حکومەتی هەرێم دەبێتە یەکێک لە خاوەن نەوتە هەرەگرنگەکان» دواتر تایمز ئۆنلاین لـەزاری لێکۆڵەرێکی بواری نەوتەوە باس لە پێگەی نەوتی هـەرێـم دەکــات، بـەهـۆی کۆمپانیا نوێیەکانەوە، بەتایبەت کۆمپانیای هێریتەیج کە بە شەشەم کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا دادەنرێتو لە هەریەک لە ئۆگەنداو عێراق کـاردەکـات. ئەم کۆمپانیا بەریتانییە کە بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای (گەنەل ئینێرجی) لە هەرێم کاردەکات، عەقدی گەڕان بۆ دۆزینەوەی نەوتی بەستووە، (١٧٪)هەر دۆزینەوەیەکی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

سەبارەت بە وردەکارییەکانی ئەو گرێبەستەو چۆنێتی پشک وەرگرتنی هەرێم، سایتی (سۆل ئینگلیش)یش ڕاپۆرتێک بڵاودەکاتەوە. لە ڕاپۆرتەکەیدا بەناونیشانی «کار مەهمەت شەریکی بارزانییە» سۆل ئینگلیش باس لەوە دەکات کە هێریتەیجو گەنەل ئینێرجی پێشتر بە شەراکەتی یەکسانو پەنجا بە پەنجا کاریان دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی کارمەهمەت یەک ملیار دۆلار قەرزاری حکومەتی هەرێم بوو، پشکی گەنەل ئینێرجی بۆ (٣٣٪)کەمبووەوەو (١٧٪) پشکەکەی لە وەبەرهێناندا بۆ حکومەتی هەرێم دەڕوات، بەمەش حکومەتی هەرێم (١٧٪)ی قازانجی هەر دۆزینەوەیەکی ئەم دوو کۆمپانیایە لە عێراقدا وەردەگرێت.

بـاسـکـردنـی ئـەم گـرێـبـەسـتـە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە میدیای جیهانییدا هەبوو، هەریەک لە سایتەکانی (زی ئیندیپێندێنت)، (زە ناشناڵ)، (میید)، (ئەرەب ئۆیڵ ئاند گاس)و (ئیراکی ئۆیڵ ڕیپۆرت)و چەندانی دیکەش ڕاپۆرتیان لەسەر هەمان گرێبەست بڵاوکردەوە.

### SUNDAY'S ZAMAN

### «بیرۆکراسییەت یان توندوتیژیی کێشەیە»

ڕۆژنامەی سەندەی زەمانی تورکی لە دوو ڕاپۆرتدا باس لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی تورکیاو عێراق دەکات. لە ڕاپۆرتێکدا سەندەی زەمان دەڵێت «بیرۆکراسییەت گەورەترین بەربەستی بازرگانیی تورکیایە لەعێراق». عێراق وەک زۆرێک لە وڵاتانی دیکە بانگەشەی کردنەوەی بازار بەڕووی زۆر جۆری بازرگانیدا دەکـات، بـەڵام کێشەی توندوتیژیی‌و تەقینەوەکان وا لە زۆرێک لە بازرگانە جیهانییەکان دەکـات کە بترسنو لەعێراقدا وەبەرهێنان نەکەن، سەندەی زەمان پێیوایە، ئەم کێشەیە بۆ بازرگانە تورکەکان جیاوازەو ئەوان کەمتر گوێ بە توندوتیژیی دەدەن، ئەوەی کە بەربەستە لەبەردەم بازرگانە تورکەکاندا کێشەی بیرۆکراسییەتە نەک توندوتیژیی. دواتـر ڕاپۆرتەکە باس لە پێگەی ئابووریی‌و بازرگانیی گرنگی عێراق دەکـات سەبارەت بە تورکیا، بەوەی سێیەم وڵاتە لە فراوانی بازرگانی لەگەڵ تورکیاو بۆی هەیە لە داهاتوودا ئەم پێگەیە تەنانەت زۆر گرنگتریش بێت، هەروەها لەبەرئەوەی بازرگانی لەگەڵ عێراقدا لە سفرەوە دەستپێکردو لەپڕێکدا گەشەی زۆری بەخۆوە بینی.

ئەرجومەند ئاکسۆی، بەرپرسی لـیـژنـەی پـەیـوەنـدیـیـە ئابوورییە دەرەکییەکانی تورکیا، دەڵێت «عێراق پێویستی بەوە هەیە هەموو شتەکانی لە سـفـرەوە بینابکەیتەوە». دواتـر ئاکسۆی باس لە نەبوونی کارگەو کارەباو خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەک پەروەردە دەکات، بەڕای ئاکسۆی دەکرێت ئەمەش بەسوودێکی فراوان بگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا تورکییەکان بە وەبەرهێنانیان لەو بوارانەدا. دواتر ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات، ئەگەری تێکچوونی ئاسایش بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، کێشەیەکی دیکەیە کە دەبێت بەجدی وەربگیرێت، بەڵام ئاکسۆی پێیوایە، ئەو کێشەیە سوودی زیاتر دەبێت بۆ تورکیاو وەک خۆی دەڵێت «تا کێشەزیاتربێت، سوودیش زیاتر دەبێت، بوونی کێشەکان وا دەکات کۆمپانیا تورکییەکان پشکی شێریان لە سوودی بازرگانی لە عێراق هەبێت، چونکە ئەوە توندوتیژیی نییە بازرگانی پەکدەخات، بەڵکو ئەوە بیرۆکراسییەتو گەندەڵیی دەزگاکانە».

لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا سەندەی زەمان باس لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان دەکات، هـەر لـە ناونیشانی ڕاپـۆرتـەکـەدا ئاماژە بە کێشە سیاسییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم دەدرێـتو دەوترێت «تـورکـیـاو بـاکـووری عـێـراق: ئەو بەربەستە سیاسییانەی کە هاوپەیمانە ئابوورییەکان دەبێت بەسەریدا زاڵبن». ڕاپۆرتەکە دەڵـێـت «بـەرژەوەنـدیـی هــاوبــەش» مەبدەئێکی بنەڕەتی ئابوورییە، بەڵام لە پەیوەندییەکانی تورکیاو هـەرێـمـدا ئـەم پرەنسیپە ڕووبــەڕووی کێشەی دبلۆماسی دەبێتەوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت، تورکیا باشترین ڕێگای گواستنەوەیە لەبەردەم هـەرێـمـدا، بـەڵام وادەردەکـەوێـت تورکیا هێشتا دوودڵە لەبەردەم گشت دەروازەکان لەبەردەم هەرێمدا. دواتر ڕاپۆرتەکە باس لە گرنگی گەشەپێدانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم دەکات بۆ باشترکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان.

### comparecarhire.uk

### «ئەمریکا، گەشتیاران لە تێکچوونی ئاسایشی کتوپڕی هەرێمی کوردستان ئاگاداردەکاتەوە»

بەم دواییانە لەمیدیاکانی جیهاندا گرنگی بە بـەرزبـوونـەوەی ئاستی گەشتیاریی بۆ ناوچەکانی هەرێم دەدرێت، بەتایبەت دوای دەستگیرکردنی سێ ئەمریکییەکە لەلایەن ئێرانەوە. سایتی کۆمپەیر کار هایر، لە ڕاپۆرتێکدا باس لە «گەشەکردنی گەشتیاریی» دەکات بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەم چەند مانگەی دواییدا. سایتەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت، زیادکردنێکی بەرچاو لە ژمـارەی گەشتیاران بۆ پارێزگاکانی هەرێم بەدیدەکرێت، هەرچەندە ناوچەیەکە ئاسایشی تێدا بـەرقـەرارە، بـەڵام هێشتا مەترسیی زیاتری هەیە لە شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیارەکان. دواتر ڕاپۆرتەکە باس لە شوێنە مێژووییەکانی کوردستان بەتایبەت شـاری هەولێر دەکـات کە کۆنیی‌و مێژوویی‌بوونی شارەکە بووەتە هـۆی ئـەوەی سەرنجی گەشتیاران لە تـەواوی کونو قوژبنی جیهانەوە ڕابکێشێت.

لەئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشتیاریی بۆ ئەم ناوچانەو وەک ڕێنمایی پێدانێک وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەلامەتیی هەرێمی بۆ گەشتیاران دووپـاتـکـردەوە، بەڵام ئـاگـاداری کـردنـەوە کە «پێدەچێت لەپڕا دۆخەکە هەرەس بهێنێت»، دواتر ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات، کە بەهۆی کێشەی نێوان نەتەوەکانی شاری بەنەوت دەوڵەمەندی کەرکوکەوە، گەشتیاران هێشتا ناوێرن سەردانی ئەو شارە بکەن، ئەمەش وایکردووە کە ڕێژەی گەشتیاریی لەو شارەدا بەهۆی ململانێی نەتەوەییەوە کەمبێتەوە.



یەکەم کێڵگەی نەوتی هەرێم کە نەوتی لێوە نێردرایە دەرەوە    فۆتۆ: ڕۆیتەرز

## پارێزگاری هەولێر:

# حکومەتی هەرێم کێشەی کەمیی بودجەی هەیە، بۆیە ناتوانێت لە هەموو گەڕەکێک بەپێی پێویست خزمەتگوزاریی پێشکەشبکات

سازدانی: سامان بەشارەتی

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، دەڵێت: زۆربەی ئەو کێشانەی خۆپیشاندەران پێش هەڵبژاردن داوایان دەکرد «چارەسەرکراون»، بەپێی توانای حکومەتیش هەوڵدەدەن ئەو گەڕەکانەی خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە، خزموتگوزارییان بۆ دابین بکەن.

دانیشتووانی ناوچەی لەتیفئاوا پێش هەڵبژاردن چەند خۆپیشاندانێکیان کردو بەهۆی داگیرکردنی زەوییەکانیانەوە داوای قەرەبوویان دەکرد لە حکومەت، نەوزاد هادیش پێیوایە، کە کێشەی لەتیفئاوا کێشەیەکی دوورو درێژە، چونکە لە ساڵی (١٩٨٧)دا شێخ لەتیف ئەو زەوییانەی فرۆشتووە بەو خەڵکە ئەوانیش بە تەجاوز کردوویانەتەوە بە خانوو، ئەوکات ڕژێمی بەعس ئەو گوندەی تێکداوە لەبەر حاڵەتی ئەمنیی، بەڵام هەموو ئەو خەڵکانەی قەرەبوو کردووەتەوە بە پارەو زەوی پێداون لە دارەتوو و کۆمەڵگاکان، دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لە هەرێمی کوردستاندا ئەو خەڵکانە چوونەوە سەر زەوییەکانیانو داوای دووبارە قەرەبوودەکەنەوە.

نەوزاد هادی ئاماژەی بەوەشدا، کە دانیشتووانی لەتیفئاوا پێش هەڵبژاردن خۆپیشاندانیان کردو ویستیان هەڵبژاردن بکەنە کارتێک بەسەر حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئەوەی قەرەبوویان بکاتەوە.

پارێزگاری هەولێر وتیشی: «ئێمە داوای بەڵگەی یاساییمان کردووە لێیان، بۆئەوەی بزانین قەرەبووکراونەتەوە یان نا».

هەرچەندە حکومەت ئەو جێگەیەی دانیشتووانی لەتیفئاوای کردووە بە پێشانگای ئۆتۆمبێل، بەڵام پارێزگاری هەولێر باس لەوە دەکات، کە ئەوانیش بەشێوەیەکی کاتیی لەوێنو دواتر دەردەکرێن، چونکە ئەو جێگەیە بەپێی نەخشەی نوێ دانراوە بۆ وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر.

پێش هەڵبژاردنەکان دوکاندارانی بازاڕی نیشتمانیش چەند خۆپیشاندانێکیان کردو داوای کەمکردنەوەی نرخی دوکانەکانیان دەکرد، کە بەقسەی خۆیان بە پارەیەکی زۆر پێیاندراوەو قیستەکەشی زۆرەو پارێزگاری ئەو شارەش باس لەوە دەکات کە خەڵک بۆ خۆی بەشداریکردووەو دوکانی کڕیوە بەو بڕە پارەیەی کە لەسەر گرێبەستەکەی نووسراوەو یاساییشە، ئەو کێشەیەی بازاڕی نیشتمان پەیوەندی بە حکومەتەوە نەبووە تا چارەسەری بکات، ئەوە کێشەیەکی بازرگانییە.

نەوزاد هادی، باس لە قەیرانی دارایی دەکات کە لە هەموو دونیادا ڕوویداوەو کوردستانیشی گرتووەتەوە، بۆیە بەوتەی ئەو بەرپرسە ئیدارییە ئەو خەڵکانەی دوکانیان هەیە چەند ساڵێک لەمەوبەر بازاڕیان باشبووەو کێشەیان نەبووە، بەڵام ئێستا بازاڕو سوپەرمارکێتی زۆر کراوەتەوە لەو شارەدا، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوانو ئێستا دەڵێن بەشی کرێی دوکانەکانمان دەست ناکەوێت.

هەرچەندە دەنگۆی ئەوە هەیە بازاڕی لەنگەی هەولێر تێکبدرێتو بگوازرێتەوە بۆ ژێر بازاڕی نیشتمان، بەڵام نەوزاد هادی هەموو قسانە ڕەد دەکاتەوەو وتی: «ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئەو بازاڕە هەر لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوەو تێکنادرێت».

دوکاندارەکانی ناوچەی پیشەسازییش خۆپیشاندانیان کردو ڕەخنەیان لەحکومەت دەگرت بەوەی کە دوکانەکانیان تێکدەدەنو دەیگوازنەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، نەوزاد هادیش ئاماژە بەوە دەکات، کە بەپێی نەخشەی بنەڕەتی ناوچەی پیشەسازیی هەولێر دەگوازرێتەوە بۆ سەر ڕێگەی مەخموور، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوان لەگەڵیاندا دانیشتوونو گفتوگۆیان کردووە لەسەر چۆنێتی دروستکردنی دوکانەکانو جیاکردنەوەی بەشەکانی ناوچەکە، وەک کەلوپەلەکانی ئۆتۆمبێلو تۆڕنەچیو فیتەرو ڕۆنگۆڕ، بۆ ئەوەی بۆ هاوڵاتییانیش ئاسان بێت کاتێک بۆ پێداویستییەکی ئۆتۆمبیلەکەیان دەچنە ناوچەی پیشەسازیی بزانن بۆ کوێ دەڕۆن، نەوزاد هادی وتیشی: «ناوچەی پیشەسازیی، لە داهاتوودا زۆربەی دەبێتە سەوزاییو پارک».



جیاوازی خزمەتگوزارییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هەندێک لە هاوڵاتییانی هەولێر نیگەراندەکاتو گەڕەکی باداوە یەکێکە لە نموونەکان.

هاوکات پارێزگاری هەولێر، ئەوە دەخاتە ڕوو کە جیاوازی نییە لەنێوان هیچ گەڕەکێکی شاری هەولێرداو کێشەی گەڕەکی باداوەش پەیوەندی بە جیاوازییەوە نییە.

بانکی نێودەوڵەتیی (٢٤) ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی گەڕەکی باداوە تەرخانکردو حکومەتی هەرێمیش (٤) ملیۆن دۆلار، نەوزاد هادی هۆکاری دواکەوتنی ئەو پرۆژەیەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە لە عەممانو بەغدابووە، دواتر کۆمپانیای بورهانی کوەیتی وەریگرتو پرۆژەکەی تەواونەکردو بەجێیهێشت، دواتر لەو سەندرایەوەو درایە گروپی ئەندازیاریی ناوخۆی کوردستان، بەڵام پرۆسێجەری بانکی نێودەوڵەتیی ڕۆتیناتی گەلێک زۆرە، بۆیە دواکەوتووە، بەوتەی نەوزاد هادی ئەو پرۆژانەی گەڕەکی باداوە بڕیارە تاکۆتایی ساڵ تەواوبن، وتیشی: «حکومەتی هەرێم پارە زیاتر لە گەڕەکە میللییەکان خەرجدەکات تا گەڕەکەکانی دیکە».

ئەگەرچی ژمارەیەک گەڕەکی نوێ لە شاری هەولێردا دروستکراوە، بەڵام تا ئێستاش خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان پێنەگەیشتووەو هاوڵاتییانیش نیگەرانن لەوەی کە دەبوو پێش دروستکردنی ئەو گەڕەکانە پرۆژەکانیان بۆ جێبەجێبکرایە، لەوبارەیەوە نەوزاد هادی، ئاماژەی بۆئەوەکرد، کە لە هەولێردا، شارەوانی (٩٠) هەزار پارچەزەوی دابەشکردووەو هاوڵاتییانیش کردوویانەتەوە بە خانوو، ئێستا بوونەتە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی شار، ئەگەر بودجەی حکومەتی هەرێم هەمووی بهێنیت لە خزمەتگوزاریی ئەو گەڕەکانەدا خەرجیبکەیت بەش ناکات، بۆیە حکومەتی هەرێم تەنیا توانیویەتی چەند گەڕەکێک ئاوەدانبکاتەوە، بۆیە پارێزگاری هەولێر پێیوایە، کە «حکومەت توانای ئەوەی نییە پێشتر خزمەتگوزاریی بۆ ئەو زەوییانە دابینبکاتو دواتر هاوڵاتییان خانووی تێدا دروستبکەن».

ماوەیەک بەر لە ئێستا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە بازاڕی تایەفرۆشانی سەر ڕێگەی کەسنەزان تێکبدرێتو شوێنەکەی بکرێتە بازاڕێکی پێشکەوتوو، بەڵام نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، باسی لەوەکرد، کە ئەو بڕیارە هەڵوەشاوەتەوەو بازاڕەکەیان تێکنادرێتو هەر لەوێ دەمێننەوە.

## «بەڵێن دەدەین کێشەکان دووبارە نەبنەوەو ئەندەر پاسەکان لەکاتی خۆیاندا تەواوبن»

# سلێمانی دەبێتە خاوەنی ڕێگای ژێرزەوی

سەنگەر کوردە

دوو ئەندەرپاس (ڕێگای ژێر زەوی) لە شاری سلێمانی دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، وەک لێپرسراوی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی باسی لێوە دەکات، تا کۆتایی ساڵ دوو ئەندەر پاسی دیکەش دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەش بۆ چارەسەری کێشەی هاتوچۆی دانیشتووانی شاری سلێمانی.

پرۆژەی دروستکردنی (٦) ئەندەرپاس لە شاری سلێمانی بۆ چارەسەری ئەو گرفتو قەرەباڵغیانەی ناوشارەکەیە کە بەهۆی زۆریی ئۆتۆمبێلو تەسکیی شەقامەکانەوە دروستبووە، دروستکردنی ئەندەر پاسی نزیک مۆزەخانەش کە کۆمپانیایەکی تورکی جێبەجێی دەکات لە بودجەی پەرەپێدانی (٢٠٠٨)ی پارێزگای سلێمانیدا بڕی (١٠) ملیارو (٧٨١) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ تەرخانکراوە کە بڕیارە لە ماوەی (٣) مانگدا لە (٨/٤)ەوە بەڵێندەر پرۆژەکە جێبەجێبکات.

هەرچەندە بڕیاربوو لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)ەوە هەر (٦) پرۆژەکە کاریان تێدا بکرایە، بەڵام ئێستا یەکەم دانەیان کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، دانا عەبدولکەریم، لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەو دواکەوتنەی بۆ کاری دیزاینی پرۆژەکان گەڕاندەوەو وتی: «بەداخەوە بەهۆی دواکەوتنو تەواونەبوونی دیزاینی (٦) ئەندەر پاسەکەوە لەلایەن ئەو کۆمپانیا لوبنانیەی جێبەجێی دەکات، جێبەجێکردنی ئەوانەی دیکەش دواکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەم پرۆژەیەشداو لە هەفتەی داهاتووەوە پرۆژەی ئەندەر پاسی دووەم کە دەکەوێتە سەر شەقامی سالمو کارەکانی تەواو بووە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە».



ئەوەشی خستەڕوو کە دیزاینی ئەندەر پاسەکانی دیکەش تەواوبوونو بەدەستیان گەیشتووە، ئاماژەی بەوەشکرد، کە دوای چێککردنەوەی دیزاینەکان «ئەگەر تەواو و بێ کێشەبوون، ڕەنگە لە کۆتایی ئەمساڵدا دووانی دیکەشیان بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە».

دواکەوتنی دیزاینو جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە لەکاتێکدایە کە چەندین پرۆژەی دیکە لە کوردستاندا هەیە لەوادەی خۆیان دواکەوتوونو گرفتیان بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە، هەروەک ئەو ئەو بەرزە پردەی چوار ڕیانی سەرچنار کە دوای کردنەوەی، چەند مانگێک کاری تێدا کرایەوە.

لەو بارەیەشەوە دانا عەبدولکەریم وتی: «بەرنامەکان دەزانن، بەڵام ئەو پردەی سەرچنار کێشەی دیزاینی هەبوو، بۆیە لەکاتی جێبەجێکردندا هەندێک هەڵەی تێدابوو، بەڵام ئەوەی دیزاینی ئەم ئەندەر پاسانەی بۆکردووین کۆمپانیای بیانییەو پۆلێنکراوەو موسەدەقە کە توانای دیزاینکردنی زۆرباشە، هیوادارینو پێمانوایە لەڕووی دیزاینەوە کێشەیەکی نابێت بۆ دوایی‌و بێ کەموکوڕیی دەبێت، دڵنیابن ئەوەی ڕابردوو دووبارە نابێتەوە».

ئەوەشی ڕەتکردەوە، کە پرۆژەکان دوابکەونو لە وادەی خۆیاندا تەواونەبن، لەکاتێکدا کە لە ناوجەرگەی شاردا جێبەجێدەکرێنو هاتوچۆی ڕۆژانەی هاوڵاتییانی بەسەرەوەیە، وتیشی: «ئێمە بۆ ئەوەی فشاربکەین ماوەی کەم بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەدەینە بەڵێندەرەکان کە کارەکان زوو تەواوبن، چونکە بە دواکەوتن لە پرۆژەکاندا بەڵێندەرەکان بەپێی مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی عێراقی تووشی سزا دەبن، جگە لەوەش بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامانناوە پرۆژەکان لەکاتی خۆیاندا تەواودەبن، کۆمپانیاکەش بەڵێنی ئەوەی داوە، چونکە پرۆژەکەمان بۆ ئیحالە نەکرد تا بەرنامەکەی بۆ ڕووننەکردینەوە کە لەو ماوەیەدا چۆن کاردەکات». هەروەک ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەگەر کۆمپانیای جێبەجێکار لەو وادەیەی دیاریکراوە دواکەوتو پێی تەواو نەکرا «ئەوکاتە بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین».

# هەرێم بودجەی دووساڵی لەکیسچوو

# ئەمساڵ بودجەی تەواوکاریی پەسەند ناکرێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، ئەمساڵ بودجەی تەواکاریی پەسەند ناکرێتو بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمیش ئاماژە بەوەدەکات، لەسەردانەکەیاندا بۆ بەغدا رووبەڕووبوونەوەو تووڕەبوون کەوتووەتە نێوان بەرپرسانی هەرێمو بەغداوە.

## لەکاتی خۆیدا بودجە رەوانەی پەرلەمان کراوە

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «حکومەتی ناوەندیی لە(٨/٢٦)دا بودجەی رەوانەی پەرلەمان کردووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە پێویستە لە مانگی حوزەیراندا بودجەی تەواوکاریی بگاتە پەرلەمان».

وتیشی: پەرلەمانی عێراق لە(٨/١)ەوە تا (٩/٧)پشوویەتیو دوای ئەوەش بەهۆی جەژنەوە پشوویەکی دیکەی بەسەردادێتو هیچ ماوەیەک لەبەردەم پەرلەماندا نامێنێتەوە بۆئەوەی دەنگ لەسەر بودجەی تەواکاریی بدات، لەمانگی تشرینی یەکەمیشدا بودجەی ساڵی (٢٠١٠) دێتە پەرلەمان، هەربۆیە پێناچێت ئەمساڵ دەنگ لەسەر بودجەی تەواکاریی عێراق بدرێت.

## بودجەی تەواوکاریی بۆ تەنیا مانگێک پەسەند ناکرێت

بەپێی یاسای کاروباری دارایی بودجەی تەواوکاریی لەکاتێکدا دێتە پەرلەمانو دەنگی لەسەردەدرێت کە:

١- ئەگەر حاڵەتێکی کتوپڕی وەک رووداوێکی سروشتی یاخود جەنگێک لەوڵاتدا رووبدات یان پرۆژەیەکی ستراتیژیی گرنگ هەبێتو حکومەت بیەوێت جێبەجێی بکات.

٢- بەپێی یاسا بودجەی تەواوکاریی دەبێت لە مانگی حوزەیراندا بگاتە پەرلەمان، بەڵام لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەو بودجەیە نەگەیشتووەتە پەرلەمانو کاتەکەی لایداوە.

٣- دەبێت لەمانگی تەمووزدا بودجەی تەواوکاریی کاری پێبکرێتو خەرجبکرێت، بەڵام ئەمساڵ بودجەی تەواوکاریی (٨/٢٦)لەلایەن حکومەتەوە گەیشتووەتە پەرلەمان.

ئیسماعیل شوکر، جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، بودجەی تەواکاریی بۆ مانگی تشرینی دووەمیش دەنگی لەسەرنادرێتو پەسەند ناکرێتو ناتوانرێت ئەو بودجەیەش لەماوەی مانگێکدا خەرج بکرێت، هەربۆیە «ناکرێت بۆ تەنیا مانگێک بودجەی تەواوکاریی پەسەندبکرێت»

## حکومەت کەمتەرخەمبووە

لەکاتێکدا بەپێی یاساش ئەگەر بودجەی تەواکاریی دەنگی لەسەرنەدرێت، ئەوا ئەو بودجەیە دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت.

دەربارەی هۆکاری پەسەند نەکردنی بودجەی تەواوکاریی ئەمساڵیش، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی، حکومەتی ناوەندیی بەکەمتەر خەم دایەقەڵەم کە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بودجەکەیان رەوانەی پەرلەمان نەکردووەو وەک خۆیشی ئاماژەی پێکرد، ئێستا هیچ ماوەیەک لەبەردەست ئەنجومەنی نوێنەراندا نەماوە بۆ دەنگدان لەسەر بودجەکەو پەسەندکردنی.

## هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بێئاکامبوون

حکومەتی هەرێم تائێستا بودجەی تەواوکاریی ساڵی(٢٠٠٨و٢٠٠٩)ی لەحکومەتی ناوەندیی وەرنەگرتووەو بودجەی تەواوکاریی بۆ ساڵی(٢٠٠٨)بریتیبووە لە(٢٦٣)ملیارو(٥١١)ملیۆن دینارو بودجەی تەواوکاریی ئەمساڵیش (٩٤٥)ملیۆن دینارە.

ئەوە لە کاتێکدایە چەند رۆژێک لەمەوبەر وەفدێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەمەبەستی وەرگرتنو یەکلاییکردنەوەی کێشەی بودجەی تەواوکاریی هەرێم سەردانی بەغدایان کرد، بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکامبوو.

## وەفدی هەرێم لە بەرپرسانی دارایی بەغدا تووڕەبوون

رەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، بێئاگایی خۆیانی لەوەنیشاندا کە بودجەی تەواوکاریی لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان کرابێت یان نا، دەربارەی بێئاگایی حکومەتی هەرێمیش لەناردن یان نەناردنی بودجەی تەواوکاریی بۆ پەرلەمان رەشید تاهیر، ئاماژەی بەوەکرد «لەسەردانەکەیاندا بۆ بەغدا رەخنەوگللەییەکی زۆریان لە بەرپرسانی وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەندیی کردووەو تەنانەت لێشیان تووڕەبوون لەوەی کە هەرێمیان لە نەناردنی بودجەی تەواوکاریی ئاگادارنەکردووەتەوە».



بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێم ئەوەشی نەشاردەوە، لەبەرامبەرئەوەی کە بەرپرسانی بەغدا لەمەسەلەی بودجەی تەواوکارییدا هیچ پرسوراوێژێکیان بەحکومەتی هەرێم نەکردووە، ئێمەش ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیمان راسپاردووە لەحاڵەتێکدا ئەگەر دەنگ لەسەر بودجە درا، ئەوا لای خۆیانەوە ئەوان دەنگی پێ نەدەن.

## مەسەلەکە مەبەستی سیاسی لەپشتە

دەربارەی نەناردنی بودجەی تەواوکاریی دووساڵی هەرێمو کاریگەریی بۆ سەر بواری دارایی، رەشید تاهیر روونیکردەوە، ئەمساڵ بودجەی هەرێم زیاتر لەملیارێک دۆلار کورتی هێناوەو ساڵ لەدوای ساڵیش ئیداراتی هەرێم روو لەزیادبوونەو خەرجییەکانیش بەهەمانشێوە زیاد دەکات، بۆیە «پەسەند نەکردنی بودجەی تەواوکاریی لەمساڵدا کێشەیەکی دارایی گەورە بۆ حکومەتی هەرێم دروست دەکات» وەک خۆیشی وتی: «ئەگەر ئەو بودجەیەمان بەدەست بگەیشتایە ئەوا دەمانتوانی چەندین کێشەی دارایی پێ چارەسەر بکەین».

دەربارەی هۆکاری ئاگادارنەکردنی بەرپرسانی هەرێمیش لەمەسەلەی پەسەندکردنی بودجەی تەواوکاریی لەلایەن بەغداوە رەشید تاهیر، پێیوابوو «ئەو مەسەلەیە زیاتر مەبەستی سیاسی لەپشتە».

## دەبێت حکومەت خەرجییەکانی کەم بکاتەوە

بەشێک لەسەرچاوەی داهاتی هەر وڵاتو هەرێمێک باجە ناوخۆییەکانە، حکومەتی هەرێمیش ساڵانە بڕێک داهاتی ناوخۆیی وەک باجو رسووماتو گومرکو غەرامەکانی دەستدەکەوێت، کە ئەوانە جارێکی دیکە دەچێتەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەندیی، بەڵام حکومەتی هەرێم بەپلەی یەک ئەوەی پشتی پێدەبەستێت رێژەی (١٧٪)ەکەیە.

محەمەد رەئوف، مامۆستای کۆلێژی ئابووریی زانکۆی سلێمانی، پێیوابوو کاتێک حکومەت ساڵانە بۆ سەرجەم بوارەکانی وەک مووچەی فەرمانبەرانو خەرجییە گشتییەکانو بواری وەبەرهێنانو خزمەتگوزاریی پاڵپشت بەبودجەی تەواوکاریی پلانی خۆی دادەڕێژێت، بەڵام لەحاڵەتێکی وەک ئەوەی ئەمساڵدا کە بودجەی تەواوکاریی پەسەند نەکرێت، ئەوا پێویستە حکومەت بڕێک لەخەرجییەکانی خۆییو دامودەزگاکانی کەم بکاتەوە، وتیشی: «لەوحاڵەتەدا بەپلەی یەک حکومەت ناچارە لەبودجەی سەرمایەگوزاریی کەم بکاتەوەو ئەوپارەیە تەرخان بکات بۆ بواری مووچەوکرێو خەرجی دامودەزگاکانی».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێشیوابوو «نەبوونی بودجەی تەواوکاریی قەیران لەوڵاتدا دروست دەکاتو هێزی کڕینی دراوو توانای دارایی مووچەخۆران کەم دەکاتەوەو هەڵاوسان دروست دەبێتو رەفاهیەت لاوازدەکاتو ئاستی بژێوی هاوڵاتیان بەگشتیی دادەبەزێنێت».

هەرچەندە بەپێی دەستووری عێراقو لەسەر بنەمای رێژەی دانیشتووان دەبێت حکومەتی ناوەندیی ساڵانە بودجەی پێویست رەوانەی حکومەتی هەرێم بکات، بەڵام محەمەد رەئوف پێیوابوو، ئاساییشە کە ئەگەر حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتیی لەبەغدا هەبێت بۆ چۆنێتی ئاگاداربوون لەدابەشکردنی بودجەی عێراق بەگشتییو بەشی هەرێم لەوبودجەیە بەتایبەتی.

## بەبیابانبوون هەڕەشە لە عێراق دەکات

# ئاستی ئاوی فورات (٣٠٠) مەترسێجا دادەبەزێت



محەمەد ساڵح حەمەلاو

ئاستی ئاوی رووباری فورات بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیوەو وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانیش بەنیازە بۆ پڕکردنەوەی ئەوکەلێنە سووود لەئاوی ژێرزەوی وەربگرێت.

عۆن زیاب، بەڕێوەبەری ناوەندی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، رایگەیاند: «ئاستی ئاوی رووباری فورات(٣٠٠)مەترسێجالەچرکەیەکدا دابەزیوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە عێراق لانیکەم پێویستی بە(٧٠٠)مەترسێجا ئاو لەچرکەیەکدا هەیەو تورکیاش بۆ هاوکاریکردنی عێراق لەبواری ئاودا بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە».

بەڕێوەبەری ناوەندی نیشتمانی سەرچاوەکانی ئاو، بە بایەخەوە باسی لەسوودوەرگرتن لەئاوی ژێرزەوی کرد بۆ هاوکاریکردنی ئاوی سەرزەوییو پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لەوبوارەدا بەتایبەت لەناوچەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچەی بیابانی خۆرئاواو چەند ناوچەیەکی خۆرهەڵاتی عێراق،

ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی وشکەساڵیو گلدانەوەی ئاوی رووبارەکان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، وەک تورکیاو ئێران رۆژ لەدوای رۆژ عێراق رووبەڕووی قەیرانی ئاودەبێتەوە.

وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق بەهۆی کێشەی وشکەساڵییەوە لە ئێستادا سەرگەرمی جێبەجێکردنی پلانێکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەی بەبیابانبوون، لەوڕووەشەوە وەزارەت دەستیکردووە بەهەڵمەتی نەمام ناشتن لەدەوروبەری بەنداوو دەریاچەکان لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا، بۆ ئەوەی رێگری بکات لەکێشەی بوون بەهەڵمو بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو باشترکردنی ژینگەی ئەوناوچانە.

بەپێی زانیارییەکان بەبیابانبوونی زەوییەکشتوکاڵییەکان رووبەڕووی وشکبوونەوە دەکاتەوەو رێژەی خوێش لە زەوییەکشتوکاڵییەکاندا زیاددەکات، بۆیە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان بیری لەدروستکردنو جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی وەک ئاودێرییو چارەسەرکردنی زەوییەکشتوکاڵییەکان کردووەتەوەو لەبەرنامەی وەزارەتیشدایە، ئەو ناوچانەی کە کێشەی وشکەساڵیو بێئاویی رووی تێکردوون چەندین بیری ئیرتیوازیو جۆگەی ئاودێریی دروستبکرێت.

هەروەک چەندین بەنداوی بچووک لە دۆڵو ناوچە بیابانییەکان دروستبکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئاوو ئاودانی مەڕومالاتی ئەو ناوچانە.

# نامەیەک بۆ باوکم جەبار فەرمان

نازانم چۆن دەستپێبکەم؟؟ چۆن بتوانم بیخەمە سەر کاغەز ئەو هەموو هەستەی لە دەروونماندایە؟؟ چۆن قەڵەمەکەم بنووسێت ئەو ئاگرەی لە ناخماندایە؟؟

ویستم باسی ئازایەتی تۆ، جوامێری تۆ، دەروونپاکی تۆو وەفـاداری تۆ بۆ خاکو نیشتمانو گەلو هاوڕێکانت بکەم، بەڵام لەسەر ئەم ڕەوشتو سیفەتانەی تۆ هەرچی بڵێم هێشتا کەمە، کەڵە پیاوێکی وەک تۆ هەرگیز ناتوانرێت پێناسەبکرێت، لە ئاستی پیاوێکی وەک تـۆدا هەموو وشـەکـان نـزمو بێئەرزش دیـاردەبـن. من بە وشەکانم هەرگیز ناگەمە باڵای تۆ لەبەرئەوە بڕیارمدا باسی خۆمانت بۆ بکەم، حاڵو وەزعمان بێ تۆیت بۆ باسبکەم.

باوکی ئازیزم تۆ هەردەم لە یادماندایت کە شەو دادێت تۆ ئەستێرەی ئاسمانی ئێمەی کە ڕۆژ دەکاتەوە دەبیتە ئەو تیشکی هەتاوەی کە دێتە ناو دلمانەوە. سەیری هەر شوێنێکی ئەم شارو شاخو کێوەدەکەین، تۆمان دێتەوە بەرچاو کە چۆن بۆت باس دەکردین «لێرەدا هاوڕێیەکی خۆشەویستم شەهیدبوو، لێرەدا ئەو سەروەریەمان تومارکرد. لێرەدا ئەو داستانە ئازادییەمان دروستکرد» تۆ بۆ ئێمە نیشتمان بوویت، ئێستا کە تۆ ڕۆیشتی ئێمە نەک تەنیا بێ باوک ماوینەتەوە، بەلکو بێ نیشتمان بووین، ئێستا ئێمە غەریبین لێرە لەوانەیە بپرسیت ئەی خانەقین؟؟ بڕۆنەوە بۆ خانەقینەکەم بۆ جێگەی باوو باپیرانتان، باوکی خۆشەویستم خانەقین بێ تۆیی لە ئێمە زیاتر پێوە دیـارە، شارەکەت ماتو داماوەو لە تەپو تۆزدا دیارنەماوە. دانیشتووانی ئەم شارە خۆشی نەدیوە ئەوەی پێیانکرا کردیان، لە هەڵبژاردندا بۆ هەموو لایەکیان سەلماندیان خانەقین کوردییەو بەشێکە لە کوردستان، بەڵام هێشتا هـەر بە کلۆلی لەژێر دەستی دەسەڵاتدارانی بەغدادا ماوەتەوە. تەنانەت بۆیان نییە لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو پەرلەمانەی تۆ لە دروستکردنیدا بەشداربوویت نوێنەریان هەبێت.

ئەلوەندەکەت وشکی کردووە، چونکە هیچ کەسێکی نییە پارێزگاری لێبکات، بۆیە لە وڵاتی غەریبیدا پەنگی خواردووەتەوە. ناهێڵن بێتو باخەکانی شارەکەت تێر ئاوبکات، لە بێ تۆیدا ڕووەکـەکـان لە مرۆڤەکان زیاتر کزو ماتبوون.

باوکە گیان نامەوێ دلگرانت بکەم، بەڵام ئەوەی تۆ مەبەستتبوو نەهاتەدی.

بیری ڕەوەنـد دەکەیت وە دەپرسی بۆ ماوەیەکە نایەتە سەر گۆڕەکەتو سەردانت ناکات؟؟

ئای باوکە گیان خۆزگە هەموومان لەگەڵ تۆدا دەمردین. ڕەوەندی کوڕت کە چرای دلە مەزنەکەتبوو، دوای تۆ سەری هەلگرتو ئەم خاکەی بەجێهێشت. لەوانەیە بلێیت بۆ هێشتتان بڕوات؟ ئەی برادەران بۆ هێشتیان؟ ئەی نازانن من چەنێک ئەو کوڕە تاقانەیەم خۆشدەوێت؟ ئەی نازانن ئەو ئاواتو دلی منە؟؟ ئەو دلەی تۆ لێرە ئەوەندە پەراوێزکراوە ئەوەندە فەرامۆشکرا کە غەریبییەکەی لا خۆشتربوو وەک مانەوەی لێرە لەناو برادەرانی تۆدا، ئێمە ئێستا نەک تەنیا تۆمان لێدووریت، بەلکو برا خۆشەویستەکەشمان لێوە دوورە. باوکە گیان دوای تۆ ئێمەش فەرامۆشکراین، ئێمەش پەراوێزکراین.

باوکی ئازیزم کلپەو دەریا زانکۆیان تەواوکرد، دوای ئەو هەموو دەردەسەریەی وڵاتانو خوێندن بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسیو ئەلمانیو هەر جارە لە قوتابخانەیەک لە سلێمانی بە موختەفێتیوە دوور لە ئێوە توانیان زانکۆ تەواوبکەن، دەزانم کە چەندە شانازیان پێوەدەکەیت. خۆزگە لەگەلماندا ئاهەنگت بگێڕایە، چەنێک حەزمان دەکرد لە ئاهەنگی هاوسەرگیری دەریای خۆشەویستتدا لەگەلماندا بوویتایە. جێگەی تۆو ڕەوەندو هاوڕێکانت دیاربوو، ئێمە دیسانەوە پەراوێزکراین.

ئەگەر پرسیاری یەکێتیەکەت دەکەی؟ ئەو یەکێتیەی کە ژیانتو گیانت لەرێیدا دانـا، ئـەو یەکێتیەی بە هـەزارەهـا لاو گیانی پاکیان فیدایکرد، ئەوا بەداخەوە دەبێت بلیم کام یەکێتی؟؟ ئێستا یەکێتی پارچە پارچە بـووەو هەریەکە خۆی بـە خـاوەنـی ڕاستەقینەی یەکێتیو کوردستان دادەنێت. باوکە گیان تەنانەت مردنەکەشت موزایەدەی پێوەدەکرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی هەستی ئێمە هەریەکە خۆی دەکات بە خاوەنی تۆو ئەوەی دیکە دەکات بە دوژمنت.

> **باوکە گیان تەنانەت مردنەکەشت موزایەدەی پێوەدەکرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی هەستی ئێمە هەریەکە خۆی دەکات بە خاوەنی تۆو ئەوەی دیکە دەکات بە دوژمنت**

باوکە گیان بەلێنێکی زۆریان پێداوین کە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی بکەنەوە بە ناوی تۆوە، بۆ ئەوەی نەوەی ئایندە بزان «فیلەتەنەکەی یەکێتی» کێ بوو؟؟ کێ بوو ئێزگەکەی ئیعلامی بەسەر شانەوە بەناو شاخو دۆلدا گواستەوە بۆ بەرگەلو؟ کێ بوو یەکێتی کردە خاوەن یەکەم دەبابەی لە داستانی قەراغ؟ کێ بوو لەشکری (١)ی دامـەزرانـد؟ کێ بوو یەکەمین کۆلێژی سەربازی دروستکرد؟ کێ بوو یانەی پێشمەرگەو خەستەخانەی شۆڕشی دروستکرد؟ کێ بوو سەنتەری ڕۆشنبیری بۆ پێشمەرگە دامەزراند بۆ ئەوەی فێری خوێندنو نووسین بن؟ کێ بوو هێزی پێشمەرگەی ژنانی دامەزراند؟ کێ بوو بۆ یەکەمینجار دیلی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا گۆڕییەوەو دەیـان زیندانیی سیاسی لە مـردن ڕزگـارکـرد؟ کێ بوو جەختی لەسەر ئەوە کـردەوە حامیەی سلێمانی لەناوببرێتو ئەو شوێنە بکرێتە باخی گشتی بۆ ئەوەی زەویەکەی دابەشنەکرێت بەسەر ئەمو ئەودا؟ کێ بوو....کێ بوو..... کێ بـوو......؟ بەڵام بەداخەوە تائێستاش هـەر بەلێنن، بێجگە لە پەیکەرێک لە فەرماندەیی گشتیی هیچیان بۆ (رجل المهمات الصعبة) دروستنەکردووە.

باوکی خۆشەویستم نامەوێت لەمە زیاتر دلگرانو نارەحەتت بکەم. بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێک بێت بە دیداری یەکتری شادببینەوە.

**کچی دڵسۆزت**
**بلێسە**



ڕەوەند جەبار فەرمان و جەبار فەرمان

# سەرکەوتنی ئیرادەی گۆڕان

**ئاراس وەلی**

لیستی گۆڕان وەکو دەنگێکی ناڕەزایی لە سیاسەتو ئەدائی حکومەتو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمیی سەرەتا قـەوارەی یاسایی خۆی ڕاگەیاندو لەبەر ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی باڵادا خۆی ئاشکرا کرد، پەیامو ئامانجی لیستی گـۆڕان بە دەنگی بەرز بیرکردنەوەبوو لەلایەن سەرجەم ئاپۆرای زۆرێک لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،

هەر لەسەرەتای پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەوە، گۆڕان وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆو داکۆکی لە ویستو خەونەکانی هەژارانو گەنجانو ژنانی ئەم وڵاتە لەلایەن میدیاکانی حیزبی دەسەڵاتدارەوەو بەتایبەتی لەلایەن کەسانی دیـاری نێو ئـەو میدیا حیزبیانەوە، کەوتە بەرهێرشو تۆمەتو خەملاندنو پێشبینی ئەوەی گۆڕان دوو یان سێ کورسی زیاتر ناهێنێت..!

مانگێک بەرلەوادەی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی بـاڵاوە، میدیاکانی هـەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کەوتنە شرۆڤەکارییەکی تاکلایەنانە بۆ گۆڕانو ئەوانەی لە پشتی لیستی گۆڕانەوەن. تاکرەهەندانە کەوتنە تەشهیرکردن بە کەسایەتی دیاری لیستی گۆڕانو بە نانبڕینو هەڕەشەی ژێرپەردەو ئاشکرا لە لایەنگرانو هـەوادارانـی لیستی گـۆڕان. سەرەتا لەناو ریزەکانی خۆیاندا، لەنێو فەرمانگە حکومییەکاندا کەوتنە نقلکردنی فەرمانبەرە حیزبیو حکومییە گۆڕانخوازەکان بۆ شوێنە دوورەکـان، دواتر بەئاشکراو بێ پێچوپەنا ئەوەیان ڕاگەیاند لەبەر بیروڕای جیاواز ئەو کەسانە دەرکراون یان نانبڕاوکراون یا پلەو دەرەجەی کاروکارگوزارییان کەمکراوەتەوە.

ئەم نانبڕینە هێندەی دیکە ڕقی تورەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئەستوورکرد، دوو هێندەش خۆشەویستیو هاوسۆزی بۆ لیستی گۆڕان بەهێزکرد، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پۆل پۆل کوڕانو کیژانی ئەم وڵاتـە پالپشتیو هاوسۆزی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەردەبڕی، گەنجانی شارباژێڕو چەمچەماڵو ...هتد بە ڕێپێوان دەستە دەستە دەهاتن بۆ بنکەی سەرەکی لیستی گۆڕان لە گردی زەرگەتە.

ڕۆشبیرانو دەستەبژێرەکانی کوردستان بە نووسینو شرۆڤەکارییەکانیان پالپشتی خۆیان بۆ گۆڕان ئاشکراکرد، کاسبکارانو هەژاران هیواو ئاواتی خۆیان لە لیستی گۆڕاندا بینییەوە، بۆیە کەوتنە پالپشتیکردنی لیستەکە بە کۆمەکی ماڵیو مەعنەوی، گەنجانو مێرد منداڵانی سلێمانی ڕژانە نێو شەقامەکانو بەجۆشو خرۆشەوە ئاڵاو لۆگۆی گۆڕانیان لەگەڵ وتنی سرودی گۆڕاندا دەشەکانەوە.

نانبڕینو چاوسورکردنەوە چ دادێکی نەبوو، خەڵکی تورەتر دەکرد، پاشان لیستی حیزبی دەسەڵاتدار کەوتنە بەخشینەوەی دەمانچەو پارەو ئۆتۆمبیلو دابەشکردنی زەویو ..هتد خۆشبەختانە ئەوانەش چ دادێکی نەداو ئاپۆرای خەڵک لە لیستی گۆڕان هەر شەپۆلی دەدا،

دروستکردنی ئاستەنگو کارئالۆزی بۆ بنکەکانی قەوارەی گۆڕان بەگشتیو لە ناوچەکانی دهۆکو هەولێر بەتایبەتی ئەوەی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد کە دیموکراسیو ئازادیی ڕادەربڕین لە چ ئاستێکی بەرتەسکو نزمدایە. چۆن حیزبی دەسەڵاتدار هەوادارانی خۆی گۆشکردووەو ئامادەنین بوارو دەرفەت بدەن بە کۆمەڵانی خەڵک سەربەستو ئازادانە نوێنەرانی خۆیان لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە هەڵبژێرن.

کۆمسیۆن وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوەی هەم دواخستو هەم ماوەکەشی کەمکردەوە، بەر لەو مێژووە سەرۆکایەتیو ئەندامە باڵاکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کەناڵە ئاسمانیە حیزبییەکان رادیـۆو ڕۆژنامە حیزبییەکان کەوتنە بانگەشەی هەڵبژاردن، تەنانەت مەراسیمی تازیـەداریو شاییو کەرنەڤالو وەرزشییان قۆرغدەکرد بۆئەوەی بیری خەڵکی بهێننەوە کە دەنگ بە لیستەکەیان بـدەن، دەنـگ بە دەستووربدەن (چونکە دەستوور چقلی چاوی دوژمنانە..!!) لە بەرامبەردا لیستی گۆڕان بێدەنگی هەڵبژارد.

میدیا ئازادو ئەهلییەکانو کەناڵی KNN بووە تاکە سەکۆی بیروڕا دەربڕین بۆ هەموو ئەو پێنووسو دەنگانەی سانسۆریان لەسەر دانابوون. بەرپرسانی حیزبیو سەربازی کەوتنە شرۆڤەکاریو خەملاندنی ڕێژەی ئەو چەند کورسییەی لیستی گۆڕان بەدەستی دەهێنێت..!!

کـۆمـسـیـۆنـی بـاڵا وادەو ڕۆژی هەڵبژاردنی ڕاگەیاند، ژمـارەو لیستی قـەوارە بەشداربووەکان بۆ دەنگدەرانو سـەرجـەم کوردستانیان ئاشکراکرا، دروست چەند چرکەیەک دوای ڕاگەیاندنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە، لەشکری خۆبەخشانی گۆڕانخوازان تـەواوی شارو شارۆچکەو شوێنە گشتییەکانیان بە دروشـمو ئاڵاو لۆگۆی گۆڕان ڕازاندەوە، پەیامو بەرنامەی لیستی گـۆڕان بـووە هەوێنی یەکگرتنی زۆرێک لە دەنگە ناڕازییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە، بەشێکی بـەرچـاوی لایەنگرانی گۆڕانخوازان بە ئێستەشیەوە، لەترسی نانبڕینو بڕێوی ژیانیان بێدەنگییان هەڵبژارد، بەڵام هاوسۆزیو پشگیرییان بەشێوەو شێوازی دیکە دەردەبـڕی، هەفتەی یەکەم لە بانگەشەی هەڵبژاردن تێپەڕیو شەپۆلی ئاپۆرای پشتیوانانی گۆڕانخوازان هەر لە بەرزبوونەوەدابوو، هاوکات میدیای حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە بەرنامە دەیانویست وێنەیەکی دزێـوو ناشرین بدەنە لیستی گۆڕان، چەندین دیمەنی مۆنتاژکراویان لە تەلەفیزیۆنەکانیانەوە پەخشدەکردو خۆیان بە دیموکراسیخوازو گۆڕان یان بە ئاژاوەگێڕو شەڕانگێز پێناسە دەکرد. بە تێپەڕینی کاتو نزیکبوونەوە لە ڕۆژی دەنگدان ئامارە گشتییەکان پێشبینیو ئەنجامگیری ئەوەیان دەکرد کە لیستی گۆڕان زۆرینەی دەنگەکان بۆخۆی دەبات، یاخود لە خراپترین ئەنجامدا لیستی گـۆڕان بـراوەی دووەمـی هەموو لیستەکانی دیکە دەبێت. هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕاگیرا، سەدەها پێشێلکاریی لەسەر لیستی کوردستانیو بەرپرسانی حکومی لە پۆستی زێدە گرنگدا تۆمارکراو خرایە بەردەستی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

دەنگدانی تایبەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشو پوچەڵبوونەوەی مەرەکەبی دەنگدان ئەو گومانەی لا دروستکردین کە لەم هەڵبژاردنەی کوردستاندا بەشێک لە هاوڵاتیانی کوردستان (پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش، زێرەڤانی) دووجار هەقی دەنگدانیان هەیە.

ڕۆژی (٧/٢٥) بووە ڕۆژێکی مێژوویی لە پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا، زۆرینەی ڕێژەی بەشداربووان لە دەنگداندا نیشانیدا لەدوای ٧/٢٥) هاوڵاتیانی کوردستان هۆشیارتر لە جاران بەهای دەنگو کاریگەریی بەشداربوونیان لە چارەنووسی خۆیانو نەوەکانیان بۆ ئاشکرابوو، لەم مێژووە بـەدواوە شێوازی فەرمانڕەوایی لە کوردستاندا چیدی ناتوانێت بەو پێوەرو مۆدێلەی جـاران فەرمانڕەوایی بکات، پەرلەمانو حکومەتو حیزبی دەسەڵاتدار چیدی ناتوانن لە ژوورە داخراوەکانداو بە چرپە حوکمڕانی بکەن، لەم مێژووە بەدواوە کێبڕکێی سیاسیو دەسەڵات لە کوردستاندا ئاقارێکی دیموکراسییانەو ئاشتییانە دەگرێتەبەر، متمانەو دەنگی هاوڵاتیان بۆ زەمەنێکی دیاریکراو شەرعییەتی سەرۆکو پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاریدەکات.

(٧/٢٥) لاپـەڕەیـەکـی زێـدەگـرنـگو پرشنگداردەبێت، ئەم ڕۆژە زۆرترین باسو تێزو لێکۆلینەوەی لەسەردەکرێت، لەم مێژووە بـەدواوە ئازادییەکانی تاک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەهەندێکی دیکە وەردەگرێت، گەشەو فراژوبوونی کۆمەڵگەو خەڵک خێراتر دەبزوێت.

ڕێژەی دەنگی گۆڕانخوازان لە پەرلەمانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کوردستان ئاوەدانتر، حکومەتو پەرلەمان کاراترو بەرپرسیارترو دادپەروەرتر، یاسا سەروەرتر، هاوڵاتیان چالاکترو پڕ هیوا دەکات.

سەرکەوتنی بەرچاوی لیستی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی سیاسیو حوکمڕانی کوردستاندا، یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی (بیرازکردن–ریفۆرم)ی سەرجەم ساختاری کۆمەڵگەی کوردستانە.

araswali@hotmail.com

## عەدنان شاسوار، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کانگا لە بەریتانیا:

# لە بەریتانیا سکاڵا لەسەر ئەو ڕێکخراوانە تۆمار دەکەم کە کەسایەتییان تیرۆر کردووم

سازدانی: بەرهەم عومەر



**عـەدنـان شـاسـوار، چـالاک لە بـواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەبارەت بە تۆمەتانەی لە بەیاننامەی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتیو یەکێتیو چەند ڕێکخراوێکی دیکە دراوەتـە پاڵی، دەڵـێ: ئەو بەیاننامەیە تیرۆرکردنی کەسایەتی منەو لە گەڕانەوەمدا بۆ بەریتانیا داوای یاساییان لەسەر تۆماردەکەمو بەدوای مافی خۆمدا دەچم.**

**لەو بەیاننامەیەدا شاسوار بەوە تۆمەتبارکراوە کە کێشەی عەقڵی هەیە، بـەڵام خۆی دەڵـێ کێشەی عەقڵیی تۆمەتێک نییەو عەیبە نیە مرۆڤ خۆی لێبپارێزێت «من پێشمەرگەری کۆنمو سێ جار چەکی کیمیاییم بەرکەوتووە، سییەکانم لەدەستداوە، بەڵام هیچ کێشەیەکی عەقڵییم نییە؟».**

**گلەیی ئەوە لە هاوخەباتەکانی دەکات کە لە بری چارەسەرکردن، تۆمەتی دەدەنەپاڵو دەڵێ «پزیشکە بەریتانییەکان لەسەلاجەیەکی تایبەتدا دەرمانەکانمیان بۆ ناردوومەتە کوردستان، بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراودا چارەسەرەکانم بەکاربهێنم، بەڵام ئەوە وەفای ئەو هاوخەباتانەم بووە کە کەسێتیم بریندار دەکەن».**

**ڕۆژنـامـە: ڕۆڵـی چـاودێـرە نێودەوڵەتییەکان چۆن دەبینیت لـە هـەڵـسـەنـگـانـدنـی پـرۆسـەی هـەڵـبـژاردنـەکـەی هـەرێـمـی کوردستاندا؟**

• چاودێری نێودەوڵەتی دەیسەلمێنێت لەبەرچاوی میدیاکانی جیهانو ڕای گشتی وڵاتانی دیکە، کە دیموکراسیەت بەرقەرارەو خەڵک ئازادن لە دەربڕینی ڕای خـۆیـانـدا، گرنگیشە کـە ئەو چاودێرانە هۆشمەندبن بەرامبەر بە کلتووری کوردیو پێکهاتەی سیاسیو چۆنییەتی لیستەکان.

ڕێکخراوی کانگا لەم چاودێریکردنەدا زۆر چاوکراوەتر کارەکانی خۆی بەجێ گەیاند، چونکە خۆمان بەشێک بووین لە کۆمەڵگەکەمانو پێشتر سەرجەم کیانەکانمان دەناسی، بۆیە توانیمان وردەکاریی زۆرتر تۆمار بکەین.

ئەو چاودێرانەش کە لە سویدو وڵاتانی دیکەوە هـاتـوون، من لێرە بەدیمکردوون، بـەڵام ناتوانم هیچ هەڵسەنگاندێکیان بۆ بکەم، چونکە ڕاپۆرتەکانیانم نەبینیوەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارمان کردووە.

**ڕۆژنامە: لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا بەیاننامەیەک دەرکـراو باس لەوە دەکـات، کە ڕێکخراوەکەی ئێوە نێودەوڵەتی نەبووە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

• ئەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەر لیستێک ڕاپۆرتی چاودێرێکی بـەدڵ نەبێت، ڕاستەوخۆ تۆمەتێکی بۆ دروسـت دەکـاتو دەڵـێـت، ئەوە لایەنگری فڵان لیستە، یان بێلایەن نییە، هێرشەکەی لیستی کوردستانی بە زاڵمانە دەبینم، ئەوانیش پێش ئەوەی بێن تێبینی لەسەر بێلایەنی ڕێکخراوی کانگا یان من بدەن، دەبێت تەماشای ڕاپۆرتەکەمان بکەن، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو زانیارییانە دروستو ڕاستن یان نا.

ئەو کەسە بیرتەسکانە هێشتا نازانن کە چاودێری نێودەوڵەتی ئیشی چییە، لە هەمان کاتدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، ئێمە لە ڕێکخراوی کانگا وەکو خەڵکێکی ڕاستگۆ هاتووینەتەوەو خزمەتی منداڵو گەنجی کورد دەکەین، بۆ ئێمە زۆر باشە کە بەشداری لە پرۆسەیەکی لەم شێوەیەدا بکەین بۆ ئەوەی ئاستی دیموکراسیبوونی وڵاتەکەمان بزانین.

ئـەو دەسـتـدرێـژیـیـەی لـە میدیا حیزبییەکانەوە دەکرێتە سەر ئێمە لەبەر ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکانمانو وتنی ڕاستییەکانمان دەستی لایەنێک دەخـاتـەڕوو کە چـۆن بـەشـداری لە ناشیرینکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا کـردووە، ئـەوەش بە زیانی خۆیان دەزانـن، چونکە ڕاپـۆرتـەکـە بـەرز دەکـرێـتـەوە بـۆ کۆمسیۆنی بـاڵاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو دواتر دەخرێتەوە بەردەمی ڕای گشتیی.

ڕێـکـخـراوی کانگا (KANGA- Kurdish association for new generation abroad) واتە ڕێکخراوی گـەنـجو لاوی کـورد لـە هـەنـدەران، ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی سوود نەویستی، نێودەوڵەتی، خزمەتگوزارەو (شێوەیەکە لە شێوەکانی چارەتی)، لە ناو پەیڕەوی کانگادا نووسراوە کە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەو هەر بەوشێوەیەش لە بەریتانیا مۆڵەتی وەرگرتووە، ئەوانەی ئەو بەیاننامەیەیان نووسیوە بێ ئاگان، یان خۆیان بێ ئاگا دەکەن لەوەی ئەم ڕێکخراوە چەندێک خزمەتی کردووە لەو بوارەدا.

ئێمە لە (٢٠٠٥/٥/٢٣)دا مۆڵەتمان لە (کۆمپەنی هـاوس) لە بەریتانیا وەرگرتووە، ڕێکخراوێکی شەرعیو نێونەتەوەییەو بەو شێوەیەش ناسراوە، ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیربوو ئەوەیە کە یەکێک لەو لایەنانەی لە بەیاننامە تۆمەتئامێزەکەدا نووسراوە، (کۆمەڵگەی کـورد)ە لە بەریتانیا، کە لە هەمان بیناکەی ئێمە(Palingswick House) شوقەیان گرتووەو بەرامبەرمانن، بەڵام لە بەیاننامەکەدا نووسیویانە لە بەریتانیا ڕێکخراوی کانگا ناسراو نییە کەس نازانێت بنکەیان لە کوێیە.

خۆیان باش دەزانن کە ئێمە لەناو لەندەن (٤-٥) سەنتەرو خوێندنگەمان هەیە، کە نزیکەی سێ یەکی پانتایی لەندەن چالاکی ئێمە دەیگرێتەوە، وەکو فێرکردنی زمانی کوردی بە منداڵو گەنجی کـورد، چالاکی کلتوورییو مۆسیقاو گۆرانیو نمایشی کوردی دەکەین، بۆ ئەوەی منداڵو گەنجی کورد بێبەش نەبێت لەو چالاکییانە.

جگە لەوانەش، ڕێکخراوەکەمان لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق، وەکو چاودێری نێودەوڵەتی مۆڵەتمان وەرگرتووە، چونکە ئەوان ڕێوشوێنی خۆیان هەیە بۆ پێدانی مۆڵەتو ئێمەش هەموو ئەو مەرجانەمان تێدا بووەو باجیان بۆ کردوین.

**ڕۆژنامە: چەند کەسایەتییەکی مـیـدیـایـی بەیاننامەیەکیان بڵاوکراووەتەوە کە هێرش دەکاتە سەر کەسێتی تۆ، ئەوە چ مەبەستێکی لە پشتەوەیە؟**

• ئـەو بەیاننامەیەی کە لەسەر من نووسراوە شتی زۆر ناشیرینو تۆمەتی زۆر ناشایستەی بۆ من تێدایە، لە کاتێکدا ئاستی دڵسۆزی خۆم بۆ کوردستان زۆر لـەوەی ئـەوان بە زیاتر دەبینم، من کە هاتوومەتەوە بۆ کوردستان داردەسـتـی هیچ لایەنو قەوارەیەک نیم، ڕاستی قسەکانیشم بە ڕاپۆرتەکەم دەیخەمەڕوو، کە زانیاری وردی تێدایە.

هەروەها نابێت ئەو تۆمەتانەی بۆ (کانگا) منیان دروستکردووە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی ڕاستییەکان نەخەینەڕوو، چونکە ئەوان دەیانەوێت بمانترسێننو لەو پێناوەشدا چییان لەدەست بێت دەیکەن.

ئـەو لایەنانە دەیانەوێت خۆیان گێل بکەن لەوەی دوو ساڵ لەمەوبەر کاتێک هەڵبژاردنی سەرتاسەریی لە عێراقدا ئەنجامدرا، من لە بەریتانیا خۆم ڕاهێنەری چاودێرانی هەڵبژاردن بووم بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکە، هـەروەهـا ئـەو کەسانەش کـە لـە کۆمسیۆندا سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکەنو ئێستا سێرتیڤیکەیتم هەیەو من تاکە کەسێک بووم لە بەریتانیا کە ئەوە کارم بووە.

ئەو پەلامارە تیرۆرکردنی کەسایەتی منە، ئەو ڕێکخراوانە، کەسایەتی منیان بەوە بریندارکردووە کە عەقڵم تەواو نییە، لە ساڵی (١٩٩٣) کارمکردووە بۆ (ڕێـکـخـراوی کۆمەڵگەی کـورد) بەشێوەیەکی خۆبەخش، بە پارت تایمو فول تایم، جگە لەوەی هەندێکجار لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیدا کارمکردووە.

هەموو ئەو خەڵکانەی دەمناناسن، دەزانن من پێشمەرگەی کۆن بوومو سێ جار چەکی کیمیاییم بەرکەوتووە لە (١٩٨٧/٤/١٦)، (١٩٨٨/٢/٢٦) هـەروەهـا (١٩٨٨/٣/٢٢) لە شاناخسیو برینداری چەکی کیمیاییمو برینەکانیش بە جەستەمەوە دیارەو سێ یەکی سییەکانم لەدەستداوە، بـەڵام هیچ کێشەیەکی عەقڵیم نییە، ئەگەرچی کێشەی عەقڵیش تۆمەتێک نییەو عەیبە نییە ئینسان خۆی لێ بپارێزێت، چونکە خەڵکێکی زۆر ئەو نەخۆشییانەیان هەیەو زۆر لەو کەسانە زیاتر کە ئەو ڕوونکردنەوەیان نووسیوە مرۆڤ دۆستترن.

من تەحەدایان دەکەم هیچ بەڵگەیەکیان لەبەر دەستدابێت کە پشتگیریی ئەوە بکات من هیچ کێشەیەکی عەقڵیم هەیە، چونکە ئەوان لەو بەیاننامەیەدا باسی شتێکی وایانکردووە، کە نامەیەکیان لەبەردەستدایەو دەستنووسی منە.

ئەو ڕێکخراوانە کەسانی ناپیشەیینو سروشتی کـاری خـۆیـان نـازانـن، بەوپێیەی هەندێک زانیاریی نهێنی ناو ڕێکخراوەکانی خۆیان بە شێوێنراوی بۆ خەڵک ڕاگـەیـانـدووە، کە بەپێی یاسای بەریتانی تاوانەو ڕێگەپێدراو نییە، هەر بۆیە کاتێک گەڕامەوە بۆ ئەو وڵاتە، بەدوای مافی خۆمدا دەچمو سکاڵا لەسەر ئەو ڕێکخراوانە تۆمار دەکەم، ئەوەش زۆر لەسەر ناوبانگیان دەکەوێت.

ئەو ڕێکخراوانەی ئەو زانیارییانەیان بە چەواشەکراوی بڵاوکردووەتەوە خۆیان بە یەکێتی دەزانن، بەڵام خیانەتیان لەوە کردووە کە لە ڕێگەی یەکێتییەوە قوربانیم بۆ کوردستانداوە، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابـردوودا پزیشکەکانی بەریتانیا دەرمانە تایبەتەکەی خۆمیان لە سەلاجەیەکی تایبەتی بچووکدا بۆ ناردووم بۆ ئەوەی چارەسەری خۆم لەکاتی خۆیدا وەربگرم، بەڵام ئەوە وەفـای ئەو هاوخەباتانەم بـووە، کە کەسێتیم بریندار دەکەن.

> **ئەو دەستدرێژییەی لە میدیا حیزبییەکانەوە دەکرێتە سەر ئێمە لەبەر ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکانمانو وتنی ڕاستییەکانمان دەستی لایەنێک دەخاتەڕوو کە چۆن بەشداری لە ناشیرینکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا کردووە**

- عەدنان عەبدوڵڵا قادر شاسوار
- بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کانگا لە بەریتانیا، لە (١٩٩٠)ەوە لە بەریتانیا دەژی.
- (١٩٧٩) کۆلیژی کشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.
- لە (١٩٩٣)ەوە لە ڕێکخراوە فـریـاگـوزاریو خێرخوازییەکاندا کاردەکات

# بێدەنگی، قۆناغی پاش حەماسەت‌و بە عەقڵانیکردنی داهاتوو



دارا محەمەد

**(١-٢)**

یەکێک لەو شتانەی لێرەدا دەمەوێ لە سەرەتادا لەسەری بدوێم ئەو جۆرە گوتارەیە، تاڕادەیەکی زۆر ڕەخنەئامێزانە بوو، کە لە سەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردن‌و کێبڕکێی لیستە جیاوازەکاندا بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان دەرکەوت. ئەم گوتارەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ڕەخنە لە ڕۆشنبیران دەگرێت کە لە سەردەمێکی ئاوادا کە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی نوێی کوردستاندا کێبڕکێیەکی بەهێز بۆ پرۆسەیەکی دیموکراسی بەم چەشنە بەڕێوەبچێت‌و ڕۆشنبیران وەک توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردستان قسەی لەسەر نەکەن، بەڵام دیارە ڕەخنەکە پتر بەو ئاراستەیەدایە کە دەرکەوتنی لیستی گۆڕان وەک کۆبوونەوەیەکی جەماوەری کە داوای گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنی حوکم لە کوردستاندا دەکات، پێویستی بە قسە لەسەرکردن هەیەو ڕۆشنبیران دەبێ هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا بکەن. بێگومان ڕۆشنبیران بە جیاوازی تێڕوانینەکانیانەوە قسەی خۆیانیان لەسەر کردوو تائێستاش دەیکەن، بەڵام هەندێک لەم وتارو نووسینانە زادەی ساتەوەختێک بوو، کە کۆبوونەوەو حەماسەت‌و کەفوکوڵی شەقام‌و میدیا هێنایە کایەوە، لە کاتێکدا ئەو نووسینانەی کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕووداوەکانیان کردووە کەمتر بوون. ڕەنگە لێرەدا بە شێوەیەکی زۆر ناکاملانە ڕۆشنبیران بۆ دوو بەش جیابکەمەوە: یەکێکیان ئەو بەشە لە ڕۆشنبیرانە، کە خاوەنی دیدێکی ڕەخنەیی نییەو بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرژەوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا دێتەوەو لەم ڕێگەیەوە لەناو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی، بە جیاوازی کەناڵەکانییەوە، حیزبیدا خۆیان دەبیننەوە، یان ئەو ماڵپەڕو ڕۆژنامەو کەناڵە جیاوازانە بەڕێوەدەبەن، کە ڕاستەوخۆ پابەندە بە یەکێک لە دوو حیزبە گەورەکە، یان بە بەرپرسێکی سیاسی ناو ئەم دوو حیزبەوە. ئەم جۆرە لە ڕۆشنبیر هەرگیز توانای بەشداریکردنێکی کاریگەرانەی نەبووە لە ڕەخنەگرتنی دەسەڵات‌و سیستمی حوکمڕانی لە کوردستاندا، هەرچەندە هەندێک لەمانە لە جۆرێک لە نادڵنیاییدا ژیاون سەبارەت بە ناشیرینییەکانی دەسەڵات‌و ئەو کارەی کردوویانە، واتە ڕەنگە پرسیارێکی ئەخلاقی دروست بووبێت بەرامبەر بە ڕەوایەتی ئەو کارەی پێی هەستاون. هەندێکی دیکە لەمانە بەشێوەیەکی توند بەرگرییان لە دەسەڵات کردووەو لەم کاتی هەڵبژاردنەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە پاساو بۆ سیستمی حوکمڕانی یەکێتی‌و پارتی بهێننەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی توانای فیکریی‌و مەعریفی ئەم بەشە هێندە لاوازەو خاوەنی هیچ دیدێکی ڕەخنەیی نین، لە باشترین حاڵەتدا هیچ جیاوازییەکیان نەبووە لەو قسانەی بەرپرسە سیاسییەکان کردوویانە بە مەبەستی جوانکردنی ڕووی دەسەڵات. ئەم نووسەرە پاساو هێنەرەوانە یان «ئەپۆلۆجیستانە» تائێستا لە کوردستاندا نەبوونەتە ئەو توێژەی کە بەهەند وەربگیرێن ئەویش لەبەر هەژاریی فیکرییان.

لێرەدا نامەوێت بە قووڵی لەسەر ئەم توێژە قسە بکەم لەبەر ئەوەی ئەمە مەبەستی ئەم وتارە نییە.

بەشی دووەمی ڕۆشنبیران ئەوانەن کە خاوەنی دیدێکی ڕەخنەیین‌و هەمیشە بەم دیدو قەڵەمە ڕەخنەییەوە نەک هەر لەسەر سیستمی سیاسی کوردستان، بەڵکو لەسەر کێشەکانی بواری کۆمەڵایەتی‌و کلتووریش دواون، کە گرنگیان لە بواری سیاسی کەمتر نەبووە، هەر لە سەرەتای نەوەدەکانەوەو لە دوای ڕاپەڕینەوە تائێستا ئەم ڕۆشنبیرانە لەسەر گرفتە فیکریی‌و سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و کلتوورییەکان وەستاون‌و هەریەکە لە دیدی جیاوازەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کردووە. بەردەوام لەسەر گرفت‌و نەخۆشییە کوشندەکانی سیستمی حوکمڕانی کوردستان کە لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە بەڕێوە براوە قسەی جدی کراوە. ئەوەی ئێستا لیستی گۆڕان کردوویەتییە پەیامی سیاسی خۆی بۆ گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی، ساڵانێکی درێژە ئەم ڕۆشنبیرانە وزەو کاتێکی زۆریان تیا وەبەرهێناوەو قسەیەکی کەمی لەسەر نەکراوە. بێگومان ئەمە بەهیچ شێوەیەک بە مانای ئەوە نایەت، کە هەموو شتێک وترابێت، چونکە ئەمە بۆ خۆی قسەیەکی ناتەواوە. ئێمە بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە بەرهەمهێنانی توێژینەوەی قووڵ هەیە لەسەر سەرجەم بوارەکان، کە بەهای مەعریفییان هەبێت‌و ببنە بەشدارییەک لە کایە گرنگە جیاوازەکانی توێژینەوە بۆ بەرهەمهێنانی زانین، بەڵام ئەو گرفتانەی کە کۆمەڵگەو سیستمی سیاسی ئێمە پێوەی دەناڵێنێ تاڕادەیەک دەستنیشانکراوە. لەبەر ئەوە هیچ بێدەنگییەک لە ئارادانییە سەبارەت بەم کێشانە. کاتێکیش داوا دەکرێ بەرامبەر بە بزووتنەوەیەکی وەکو «گۆڕان» قسە بکرێت، بێگومان قسە دەکرێت، بەڵام زۆر گرنگە کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری هەر دیاردەیەک بکرێ کە دێتەکایەوە. ڕۆشنبیری جدی دەبێ خۆی لەو حەماسەت‌و کەفوکوڵە جەماوەرییە دەرباز بکات‌و خوێندنەوەیەکی بۆ دیاردەو دەرکەوتە سیاسییەکان هەبێت، ئەوەی کە ساڵانێکە ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر لە سەری دەدوێن هەر لە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، دەستێوەردانی حیزبی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، نەبوونی شتێک بەناوی حوکمەت‌و حوکمکردنەوە، نەبوونی بەرنامەو عەقلییەتێکی سیاسی بەڕێوەبردن، نەبوونی دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە کە تەنیا بە هەڵبژاردن‌و بەشداریی خەڵک لەم پرۆسەیەدا نەناسرێتەوە، بەڵکو دیموکراسییەتێک کە تیایدا یاسا سەروەر بێ‌و هاوڵاتی وەک تاکە کەسێکی ئازادو یەکسان بوارێکی بۆ بەشداریکردنی سیاسی هەبێ، نەبوونی ڕێز بۆ هاوڵاتی وەک تاکە پێکهێنەرەکانی هەر دەوڵەت‌و حکومەتێک، دواجار چەندین بواری ژیاریی گرنگی کۆمەڵگەیی دیکە، کە ئەمانە هەموویان ئەو مەسەلە گرنگانە بوون کە دەسەڵاتی کوردی گوێیەکیان بۆ هەڵنەخستووە. دیارە دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت، کە هاوڵاتیان بە جیاوازی توێژەکانییەوە بەتایبەتی گەنجان لە ڕێگەی خۆپیشاندان‌و هاتنە سەر شەقامەکانەوەو ڕێکخستنی گروپ‌و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە گەندەڵیی‌و ناشیرینی سیستمی حوکمڕانی کوردستان دەربڕیوەو کاریگەریی خۆیان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە.

بەڵام کاتێک «هێزێک» دێتە پێشەوە کە نەک هەر خاوەنی توانا مادییەکانە، بەڵکو لە سەرەتادا خاوەنی ئەو جەماوەرە جیابووەوەیە لە حیزبێک‌و دواتر دەبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی، کە کۆکراوەی سەرجەم ئەو تووڕەبوونەیە کە ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم هێزە وەک ڕەخنەگرێک‌و بەدیلێکی سیاسی خۆی پێشکەش دەکات لەڕێگەی ڕاستەوخۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سیاسییەوەو دەرخستنی نەخۆشییە کوشندەکانی ئەم دەسەڵاتە، کە ساڵانێکە لەلایەن ڕۆشنبیران‌و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەخرێتەڕوو، واتە ئەم هێزە کە پەیامی گۆڕانی هەڵگرتووەو وەک یەکێک لە لیستەکانی ئەم دواییەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هاتە پێشەوە، دەخوازێ وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە بواری سیاسیدا کار بکات‌و دواجار ببێتە وەڵامدەرەوەی ئەو تووڕەبوونە جەماوەرییەی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا دەبینرێ. لێرەدا بەشێوەیەکی کورت هەندێ سەرنجی خێرا لەسەر ئەم دیاردەو قۆناغە سیاسییە دەردەبڕم، لەلایەک بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی کە سیمای حەماسەت‌و خوتبەدانی سیاسی لە خۆگرتووە، کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە لە باربردنی ئۆپۆزسیۆنێکی بە بەرنامەو ڕاستەقینە، لەلایەکی دیکە بە مەبەستی بە عەقڵانیکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لەمجۆرە کە هەڵگری کۆمەڵێک پەیام‌و خەونی دیموکراسییە، کە ئەگەر کاری جدییان بۆ بکرێت، ئەوا ڕەنگە داهاتوویەکی دیموکراسیمان لە پێشبێت، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم سەرنجانە بە هیچ شێوەیەک سەرتاپاگیریی نین‌و بەهیوای ئەوەی لە دەرفەتی دیکەدا بەشێوەیەکی قووڵتر لەسەریان بدوێین.

١- یەکێک لەو دیاردانەی کە لە کاتی هەڵبژاردندا بەدیکرا، ئەوەبوو کە جگە لە جەماوەری تووڕەی یەکێتی خەڵکێکی تارادەیەک زۆر کە پێشتر دەنگیان بە یەکێتی‌و پارتی‌و ڕەنگە حیزبەکانی دیکە دابێت، لەم کاتەدا پێیان وابوو، کە بوونی «گۆڕان» پێویستە بۆ چاککردنی بارودۆخی قەیراناوی کوردستان‌و هەندێکیان دەنگیان بە لیستی گۆڕان دا، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا «گۆڕان» وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری خۆی دەناسێنێ، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئەم هێزە کە سنوورەکانی عەقلییەت‌و سیاسەتی یەکێتی ببەزێنێ‌و ئەو خەونەی کە ڕەنگە لەلای هەندێک لە ئەندامان‌و کادیرانیان هەبێت بۆ چاککردن‌و دروستکردنەوەی یەکێتی نەهێڵێ. خاڵی بەهێزی ئەم لیستە هێنانی کۆمەڵێک کەسی سەربەخۆ لە حیزبەکان بوو، کە ئەمانە هیوای ئەوەیان پێ دەخوازرێ، کە ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بن‌و دەنگێکی ئازای ناو پەرلەمان بن بە دوور لە کاریگەریی حیزبی. ئەم خاڵە دەمانگەیەنێتە سەر باسکردنی ئەوەی کە ئەم هێزە لە ئێستادا لە بەردەم دوو ئەگەردایە. یەکەم: گۆڕانیەتی بۆ حیزبێکی سیاسی لەسەر هەمان ستراکچەری یان بنیادی حیزبەکانی کوردستان‌و بگرە زۆربەی ناوچەکە، کە زادەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێڕانەیە لە بارودۆخێکی نادیموکراسیدا بە ئاراستەی هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکومەتێک لە ڕێگەی سیاسیی‌و چەکدارییەوە، کە ئەمەش پتر بەرهەمی ستراکچەری حیزبی بەلشەڤی‌و دواتر حیزبە مارکسی-لینینییەکان‌و ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم‌و دواجار ئەمجۆرە لە حیزب لە قۆناغی پاش کۆلۆنیالیزمیشدا هەر درێژە بەخۆی دەدات. بوونی «گۆڕان» بە حیزبێکی لەم چەشنە، سەرلەنوێ مۆدێلی حیزبێکی هەرەمی‌و دیکتاتۆری بەرهەم دەهێنێتەوە، کە هەموو بڕیارەکان لە سەرۆکێک‌و مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتییەوە دەردەچێت، ئەم مۆدێلە لە حیزب لە کاتێکدا کە «گۆڕان» لەناو پەرلەماندا کۆمەڵێک کورسی باش داگیر دەکات دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕۆڵی نوێنەرەکانیان‌و توانای بیرکردنەوەیان‌و ئارگیومێنتکردنیان وەک لیستێکی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا. چونکە ئەم مۆدێلە لە حیزب، کە دەکرێ لێرەدا بە مۆدێلی «دەسەڵاتداریێتی یان سەرچاوەگەریی هەرەمی» hierarchical authority ناوی بەرین، کە نوێنەرەکان دەبێ هەمیشە بۆ بڕیاردان‌و حوکمدانەکانیان بۆ سەرچاوەیەکی دەرەوەی توانای عەقلی خۆیان‌و دەرەوەی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە بگەڕێنەوە، کە ئەمەش لە زۆربەی بارەکاندا گەڕانەوەیە بۆ سەرۆک‌و مەکتەبی سیاسی. ئەمە جەوهەری لاوازکردنی هەر ئۆپۆزسیۆنێکە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەیەوێ جەنگی سیاسی دیموکراسیانەی خۆی بەرپا بکات. بە مانایەکی دیکە، بەرپاکردنی مەرگی ئۆپۆزسیۆنێکە کە دەشێ لە ساتەوەختێکی وەک ئەمڕۆدا ببێتە هێزێکی بەرفراوانی کۆمەڵگە.

ئەگەری دووەم: «گۆڕان» زۆر باس لەوە دەکات، کە بریتین لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی. لێرەدا گرفتێکی فیکریی‌و سیاسی هەیە کە پێویستە بەئاگابین لێی. زۆربەی بزووتنەوە سیاسییەکان لە دنیادا کە توانای کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زۆریان هەبووبێت بەهۆی دروشمەکان‌و بەڵێنی بەدیهێنانی خەونەکانەوە، ئەم جەماوەرە وەک هێزێکی مادیی مرۆیی بەکارهێنراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەکە. واتە زۆرێک لەم بزووتنەوانە بریتیبوون لە بزووتنەوەکانی وەکو نازیزم‌و تۆتالیتاریی‌و ستەمکاریی، کە شەرعیەتی خۆیان لەو جەماوەرەوە بەدەستهێناوە، کە بێ بیرکردنەوە دوای بزووتنەوەکە کەوتوون‌و درێژەیان بە ژیانی ئەم بزووتنەوانە داوە. کەواتە بەکاربردنی چەمکی جەماوەر لە زۆربەی بارەکاندا مەترسیدارەو گوزارشتە لە چەمکی مێگەل کە باوەڕو ئایدۆلۆژیایەکی لێوانلێو بە دروشم‌و خوتبەدانی سیاسی داینەمۆی سەرەکی ئەم جەماوەرەیەو هەندێکجار بەکاربردنێکی ترسناکە لەلایەن بزووتنەوەکەوە. کەواتە هێزێکی وەکو «گۆڕان» کە بۆ خۆی بزووتنەوەیەکی سیاسییە، بەو مانایەی کە هەوڵی دەستەبەرکردنی دەسەڵات دەدات، دەبێت بە تەنیا وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی دەرنەکەوێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەربکەوێ. واتە لە ئێستادا کە هاوڵاتیانی کوردستان لە هەموو چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە بە خەیاڵی جیاواز لە دەوری «گۆڕان» کۆبوونەتەوە، دەبێ ئەم بزووتنەوە سیاسییە بە ئاراستەی کۆمەڵگەدا کار بکات، نەک لەسەر شێوازی حیزبی هەرەمی، واتە ئەگەری یەکەم، کە ئەم شێوازەش داوای هێنانە ڕیزی زۆرترین ئەندام دەکات. بەڵکو لەسەر شێوازی کارکردنێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی کە حیزب‌و مەکتەبی سیاسی حوکمی بەسەردا نادات، کە ئەمەش ڕێگە خۆشکردنە بۆ هاتنە ناوەوەی هاوڵاتیان بۆ ناو پرۆسەی سیاسی‌و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنە لۆکالییەکان‌و کۆمەڵگەییەکاندا بەبێ ئەوەی ئەمانە سەر بە حیزبێکی سیاسی بن. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە دواجار زۆر گرنگە بۆ سەرخستنی هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن هەڵگریەتی. گرنگی ئەم پرۆسەیەو ئەم ئایدیایە بۆ کۆمەڵایەتیکردنی بزووتنەوەیەکی سیاسی ئەوەیە، کە هاوڵاتیان لە هەر پێگەو پلەیەکی سیاسی‌و ئیداری‌و حکومیدا بن لێپرسراوێتیان لەبەردەم حیزبەکەیاندا نابێت‌و وەڵامدەرەوەی ویستی حیزبەکەیان نابن، بەڵکو لێپرسراوێتیان لەبەردەم سەرچاوەیەکی دیکەی باڵاتردا دەبێت کە ئەویش یاسایە. کەواتە ئەگەری دووەم بۆ «گۆڕان» ئەوەیە کە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری بەسەر کایە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکاندا بکرێتەوەو خاوەنی پرۆژە بێت لەم کایانەداو بە ستراتیژێکی جیاواز لە یەکێتی‌و پارتی دەستنیشانی گرفتەکانی ئەم بوارانە بکات.

٢- یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێ ئەوەیە، کە «گۆڕان» نەبێتە ماشێنی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو کلتوورە سیاسییەی ساڵانێکی دوورو درێژە یەکێتی‌و پارتی‌و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەرهەمی دەهێنن، کە ئەویش کلتووری سیاسی ڕقە. هەر حیزبێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسی کە لە چوارچێوەی سیستمێکی پەرلەمانی دیموکراسیدا دەبێتە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن کوشندەترین گورز کە لە کۆمەڵگەی دەدات، ئەوەیە کە ململانێی سیاسی خۆی لەسەر بنەمای ڕق‌و سیاسەتی تۆڵە دادەمەزرێنێ. هەر ئەم کلتوورەیە کە ئاراستەی ململانێکان بەرەو جەنگی خوێناوی دەبات‌و دەبێتە هۆی ڕەگداکوتانی ڕق لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لە نێوان هاوڵاتیانداو لە نێوان شارەکاندا تا کار دەگاتە ئەوەی هەموو تاکەکان‌و سەرجەمی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. گرفتی بزووتنەوەی جەماوەریی لەوەدایە کە ئەم جەماوەرە لەژێر کاریگەریی دروشم‌و حەماسەتێکی پەروەردەکراوەوە دەبێتە هێزێکی ئامادە بۆ بەرپاکردنی شەڕو ئامرازێک بۆ دروستکردنی ئەو ڕقەی دواجار ڕەگەکانی لەناو کۆمەڵگەدا دادەکوتێت. لێرەوە زۆر گرنگە ئەم جەماوەرە بەشێوەیەکی عەقڵانی ئاراستە بکرێ بەرەو قۆناغێک کە چیتر جەماوەر ڕۆڵی نەمێنێ، بەڵکو کار لەسەر دروستکردنی هۆشیارییەک بکرێت، کە چەمکی هاوڵاتیبوون تیایدا گەشە بکات‌و ڕۆڵی سیاسی هاوڵاتی وەک تاکە کەسی ئازادو یەکسان جەختی لەسەر بکرێت‌و بهێنرێتە کایەوە. کە دەڵێم ڕۆڵی جەماوەر نەمێنێ، لێرەدا مەبەستم لە چەمکی جەماوەرە بە مانای مێگەلبوون، واتە کۆبوونەوەیەکی حەماسەتئامێز لە دەوری ئایدۆلۆژیایەک یان باوەڕێکی دۆگمایی کە بیرکردنەوە نایانبات بەڕێوە (ئەمەش هەروەک لە خاڵی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، ئەو مێگەلەیە کە پێگەی جەماوەرییبوونی بزووتنەوە تۆتالیتارییەکان پێکدەهێنێ).

> **یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێ ئەوەیە، کە »گۆڕان» نەبێتە ماشێنی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو کلتووره سیاسییەی ساڵانێکی دوورو درێژە یەکێتی‌و پارتی‌و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەرهەمی دەهێنن، کە ئەویش کلتووری سیاسی ڕقە**



# گۆڕینی عەقڵیەت

ئاوات شێخ جەناب

(٧/٢٥) ئـەو ڕۆژە مێژووییە وەرچەرخانێکی گرنگی تیادا ڕوویداو نەخشەی سیاسی کوردستانی گۆڕی... بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێ «گۆڕان» دەرکـەوت‌و لە ماوەیەکی پێوانەییدا، براوەی یەکەم بوو. لە بەرامبەردا هەموو لایەنەکانی دیکە بەشێک لە دۆڕانیان بەرکەوت‌و دۆڕاوی یەکەمیش یەکێتی بوو.

حیزبە دەسەڵات بەدەستەکان هەموو تواناکانی خۆیان: دەسەڵات، حکومەت، پارە، دەزگایەکی زەبەلاحی زانیاری‌و ڕاگەیاندن، ڕێکخستن‌و ڕێکخراوەکان، کاراکتەرە کاریزماییەکان، هێز... هتد بەکارهێناو سەرنەکەوت؟!.

ئەم سەرنەکەوتنە، هیچ بەهانەو پاساوێک دایناپۆشێ‌و بە بیانووی دەستی دەرەکی‌و تابووری پێنج‌و پیلانی کەمینەو... هتد کە نەریتی سەرۆکەکانی خۆرهەڵات‌و حیزبە تۆتالیتارییەکانە قەپان ناکرێ‌و ناپێورێ‌و دۆڕانێکی سیاسی‌و شکستی ڕێبازێکی تاکرەوانەیە، کە ماوەی (١٨) ساڵە پەیڕەوی دەکرێت‌و نەوەستاوە.

تێگەیشتن لەم هەلومەرجە نوێیە، بەوە ناگاتەجێ عەلاگەیەک دابنرێ‌و هەڵەکانی پیادا هەڵواسرێ... لە کاتێکدا ئـەو عـەلاگـەیـە یـان عـەلاگـانـە نەک ڕاستەوخۆ بەڵکو بە چەند پلەیش بێتە خوارێ بەرپرسیارێتی بەرناکەوێ.

دەستنیشانکردنی نەخۆشیی هـەروەک زانـراوە ڕێگەخۆشکەرە بۆ چـارەسـەرکـردن، بۆیە ئەو عەلاگانە «بـەرپـرسـی کۆمیتەو مـەڵـبـەنـد ـ سەرنووسەرو جێگرەکەی‌و ئەندام مەکتەب‌و فـەرمـانـدەو ئەفرادەکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و پ.م.» سەرچاوەی نەخۆشی‌و کێشەو گرفتەکان نین تا هەموو بەهانەی شکستی پێداهەڵبخەن، بـەم شێوەیە دەسـت کـەس ناکەوێ چارەسەر؟!

دروست ئەوەیە کێشەی سەرەکی‌و هـۆکـارەکـان‌و بـکـەری سـەرەکـی دەستنیشان بـکـرێ‌و بەشێوەیەکی بەرپرسیارانەو بە ڕاشکاوی دان بە هەڵەدابنرێ‌و بۆ جارێک‌و کەرەتێک، ڕەخنە بگیرێ نـەک هەڵبژاردنی بێ دەنگی.

لـەم شکستەی ئێستای یەکێتیدا، کارێکی ڕاست دەرناچێ کەسی یەکەمی لێ دوور بخرێتەوەو هیچ ئۆباڵێک نەخرێتە ئەستۆی‌و کورد واتەنی «بێ ئارەق لێی دەرچێ» هەر هیچ نەبێ بۆ ئـەوەی هۆکارەکانی نەخۆشییەکانی ناو یەکێتی دەستنیشانبکرێ‌و پاشان هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدرێ «ئەگەر بـدرێ؟!» ئەگەر هەل‌و کات مابێ «تو بڵێی مابن؟!»، ئەوا نابێت کەسی یەکەم لەم دۆڕانە بە دوور بگیرێ، دەنا دەبێتە سوڕانەوە لەناو بازنەیەکی بۆشداو هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ هەستانەوەی دوای دۆڕان بەدەست ناهێنێ‌و شکست‌و دۆڕان هەر بەردەوام دەبێت.

کەسی یەکەم، دەسەڵاتی یەکەم، دەسەڵاتی ڕەهـا، سکرتێری گشتیی، خەتی گشتی هەمووی ئاماژەیە بۆ تەنیا یەک لا، کە بەرپرسە لە هەموو جومگە گرنگەکانی پێکهاتەی دەسەڵات لەناو یەکێتیداو خۆی داڕێـژەری هەموو سیاسەتەکانەو خۆی لەبری هەموو ئەندامانی (م.س)و حیزب بیر دەکاتەوەو بڕیار دەدات، خۆی تەنیا بڕیاردەرە کێ دەست پاکە یان پیس، شۆڕشگێرە یان فایلدار، چالاکە یان بێ کەڵک، ئازایە یان ترسنۆک.

ئەم ڕێبازە واتا (هەموومان بۆ تۆو تۆش بۆ هەموومان)، چەندینجار لە مێژوودا دووبارە بووەتەوەو هەموو جارێکیش وەک ئەم کەرەتە بە شکست کۆتایی هاتووە. بۆیە ئەم عەقلییەتی زاڵی تاکرەوی ناو یەکێتی‌و ڕەتکردنەوەی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ‌و بەشداری نەکردنی هیچ کەسێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دا (م.س) وەک ئۆرگانێکی بێ گیانی بێ دەسـەڵات وێناکردووە زۆرتر لە دەزگایەک دەچێت ژمارەیەک بەڕێوەبەری جێبەجێکار «مدیر تنفیزی» تیادا تەعیین کرابێ‌و لە بەردەستی بەڕێوەبەری گشتیدا کار بکەن‌و بۆیان نەبێ لە ڕێنماییەکان دەربچن‌و نوقمی ڕۆتین‌و بیرۆکراسییەتن‌و داهێنانیان تێدا نەماوەو تەنانەت زۆربەیان تەمەنی یاساییان تەواو کردووەو کاتی خانەنشین کردنیانە.

ئیتر پێویستە (م.س) شکڵی (گۆڕان)ی بەسەردا بێت‌و بەردەوام نەبێت لە زەوی دابەشکردن‌و نەسریە بەخشینەوەو پلە بەخشین‌و بەدەر لە ڕێنمایی‌و خزم خزمێنەو عەشرەت‌و ناوچەبازی... هتد لە دۆخی بێ ئاگایی‌و لا خەبەری دەرچێت‌و ببێتە ئەو جێگەیەی کە سەرچاوەی هزرو بڕیاری سیاسییە. «تۆ بڵێی دەرچێ؟!»

دوای ئـەم هەموو شکستە کاتی ئەوەیە ئۆرگانەکانی یەکێتی ڕێکبخرێ‌و ئیتر لـەژێـر دەسـت بەسەراگرتنی‌و چـاودێـریـی وردی دەسـەڵاتـی ڕەهـا ئازادبن‌و کەسایەتیان بۆ دروستبکرێ «تۆ بڵێی بکرێ؟!» دەستێوەردان‌و یاسا بەزاندن کۆتایی بێت... دەنا تا دنیا ماوە یەکێتی ئۆرگانی پیشەیی‌و پرۆفیشناڵ بەخۆیەوە نابینێ‌و هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە.

سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئەم (١٨) ساڵەی پێشوو واتە سیاسەتی پەرتکەو زاڵبەو پەراوێز خستن‌و فەرامۆشکردن‌و بەر کەنارکردن‌و ترغیب و ترهیب‌و نانبڕین‌و مووچە بڕین‌و پلە لێسەندنەوەو خـزم خـزمـێـنـەو واسـیـتـەکـاری‌و مەحسووبیەت‌و مەنسووبیەت لە (٧/٢٥) دادی نەداو سوودی نەبوو و دۆڕانی لێ کەوتەوەو نەزۆکیی خۆیان سەلماند.. پێویستە بگۆڕدرێ بە سیاسەتێک کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێ‌و حیزبی بنەماڵەو خێڵ‌و تیرەو عەشیرەت لابداو ئەو حیزبەی ئێستا بووە بە دامەزراوەیەک بۆ بەخێوکردنی کادیرەکانی‌و حیزبە بۆ ئەندامەکانی حیزب‌و میللەتی بۆ تاڵان دەکەن جارێکیتر ببێتەوە بە حیزب وەک ئامراز نەک ئامانج حیزبی گەل بێت نەک سەرووی ئەو بێ!!

بـۆ ئــەوەی ببـێـتـەوە بـە حیزبە خۆشەویستەکەی پێش ڕاپەڕین دەبێت واز لە داگیرکردنی پەرلەمان‌و حکومەت‌و دادگا بهێنێ‌و بودجەو داهات ئاشکرا بکات‌و لە حیزبەوە بۆ میللەت‌و دەزگا شەرعییەکانی‌و ... دەنـا سەروەریی یاساو دیموکراسییەت‌و مافی مرۆڤ‌و عـەدالـەتـی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی لەنێوان ئەرک‌و مافی تاکەکان هەر قسە دەبێت‌و قسەش پاش تێپەڕبوونی (١٨) ساڵ‌و دەرکەوتنی پێچەوانەکەی کەس نایکڕێت؟!

مۆنۆپۆلکردنی مـێـژوو بۆ یەک سوارەو بەشێکی کەم بۆ خەتی پان‌و تۆمارکردنی هەرچی چاک‌و باش‌و سەروەرییە بۆ ئەو کەمینەیەی جاران لەش قورس‌و تەمەڵ بوون‌و دانیشتبوون لەو بارەگایانەی کردبوویانە دیوەخان یان تەنانەت هەندێکیان دژو ناکۆکی یەکێتی بوون‌و لە کوردستان دابڕابوون‌و دانانی هەر تفت‌و تاڵە بۆ بەشە زۆرەکەی دیکەی‌و بۆ ئەوانەی بەردەوامبوون لە تێکۆشانداو بێ دابڕان‌و بێ ترس‌و بیم لە ناحەزو دوژمنەکان یەکێتییان لەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا سەپاند.

زۆر گرنگە هەموو کـەس بزانێ ئەم هاوکێشە لاسەنگە سەرئەنجام بووە مایەی دابڕانی بەشی یەکەم لەم مێژووی ئەم حیزبەو چوونە بەرەی نەیارەکانی...

هەڵەیەکی ستراتیژیی ئەوەندە گەورە بوو یەکێتی لە پێگەکەی خۆی دابڕێ واتە ئەو جەماوەرەی تووشی خوێن بەربوون بوو دەبوو تا یەکێتی باسکی بەهێزو جێگیر بـوو خۆشی ژیـان‌و دەسـەڵات‌و پـارە کارێکی وای کرد، کەمینەی دەستڕۆیشتوو، ڕووبەڕووی هەمان تۆمەت‌و بوختان ببوونەوە، کە نەیارەکانی یەکێتی دەیانوت‌و دەیڵێنەوەو بەبێ ئەوەی لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدابن کەوتنە دانپێدانانی (اعترافی) ناڕاست‌و کەوتنە سووکایەتیکردن بەو مێژووە. ئەم کەمینەیە چونکە بەشدارییەکی ئەوتۆی لە دروستکردنی ئەو مێژووە نەبوو، بۆیە ڕێزی ئەو سەروەریانەشیان نەگرت، کە بە ڕووبارێک خوێن‌و گۆشتی هاوڕێکانیان بەدیلی... هتد دروستبووە ئێستا ئـەوان لـەسـەر تەختەکەی دانیشتووان‌و کارو کـردەوەی هەموو نەیارو ناحەزو دوژمنەکانیشیان خستە ناو دەریای بیرچوونەوەوە؟!

ئەم هەڵەیە متمانەی دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی نەهێشت‌و کارێکی وایکرد دابەزینی هەموو کەسایەتییە گرنگ‌و کاریزماکان‌و حکومەت‌و پارەو ئاسایش‌و پێشمەرگە نەک سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو لە بەرامبەر خواستی جەماوەرو ویستی خەڵک بۆ گۆڕان شکستیان هێناو سیحری کاریزماییەکان‌و دەسەڵات‌و پارەو هەڕەشەکردن بەتاڵ بووەوەو بەڕای من ئەم کێشەیە چارەسەرەکەی نـەک دژوارە، بەڵکو پێموانییە بەم دەستڕۆیشتوانەی ئێستای ناو (م.س)و بەم عەقلییەتەوە کە حوکم دەکات تەکبیر بکرێ بۆیە پێویستە بگۆڕدرێ...؟!

# مانگی کەمپەینی هەڵبژاردن مانگی هەنگوین

فەرەیدون پێنجوێنی

## (٢-٢١)

لیستی کوردستانی کە هات باسی هەڵسوکەوتی نەگونجاوی لەوەوبەری هەڤاڵەکانی دوێنێی خـۆی‌و ڕکابەری ئـەمـڕۆی کـرد، ڕەنگە بیری بۆ ئەوە نەچووبێت بـەو کـردەوەیـە (دوێـنـێ)و (ئـەمـڕۆ)ی خـۆی زۆرتـر دەبـاتـە ژێر پرسیاری خەڵکی کوردستانەوە!! هەروەها ڕەنگە بیری بۆ ئەوەش نەچووبێت وەکو (کارل گۆستاف یۆنگ) دەڵێت: «مرۆڤەکان لە قووڵایدا هەموو وەکو یەکن» (یۆنگ) چەمکی (نەستی کۆ)یشی هەر لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە داڕشت.

ئەمە بەو مانایە دێت کە مـرۆڤ لە چێوارچێوەی سیستمی سیاسی‌و ئیداریی خراپدا، دەبێتە کاراکتەری کۆمەڵایەتی خراپ، دەنا ئەگەر سیستمێکی سیاسی‌و ئیداریی مۆدێرنمان هەبوایە، دەتوانرا بەبێ نـاوزڕانـدن لەڕێی چەسپاندنی دەستوورو یاسای ڕێک‌و پێکەوە هەمووان لە هەڵە بـەدوور بگیرێن‌و بواری لادان بە ڕێــژەی بـاش بەرتەسکبکرێتەوە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە تاکەکەس نەخۆشییەکی عەقلیی سـەخـت، یان پەشێوییەکی دەروونیی توندی هەبێت، بەڵام ئەگەر تاسەر سیستمی سیاسی‌و ئیداری بە خواروخێچی هێڵرایەوەو کون‌و کەلەبەرەکانی (یاساخن) نەکرا، ئەوا ئەوانەشی کە ئەمڕۆ وەکو نموونەی باش‌و وابەستە بە حیزب‌و بە بەهاکانی حیزبایەتی ناودەبرێن‌و تەماشادەکرێن، لەڕێی ئەوەدان سبەینێ کەڵکی شەخسی لە کون‌و کەلەبەرەکانی سیستمی حوکمڕانی وەربگرن‌و لە هەمووان خراپتریان لێ دەرچێت (ئەگەر هەر ئێستا لە هەمووان خراپترنەبن).

با ئێمە تەماشای هاوڵاتی ئەورووپی‌و کۆمەڵگەکانی ئەورووپا بکەین: ئایا سەرۆک وەزیرو وەزیرو پەرلەمانتارو بەڕێوەبەری گشتی‌و بەڕێوەبەری بانک‌و فەرمانگەو کارمەندو کرێکارو مرۆڤی ئەوێش، هەر لە گۆشت‌و خوێن نین؟ خاوەنی سەرجەم غەریزە مرۆییە خۆڕسکەکان نین؟ لـەڕێـی هـەڵـەو لادان‌و تاوانی جۆراوجۆردا نین؟ لەڕێی گەندەڵبوون‌و بەرتیلخۆریدا نین؟ بەشێکی زۆریان خەڵکە سەرهەڵگرتووەکەی ئاسیاو ئەفریقا نین، بە ژیان‌و بەها جۆراوجۆرەکانی ئەوێ ڕاهاتوون‌و لەگەڵیدا هەڵدەکەن؟ ئەی بۆچی کردەوەی خراپ لە دامودەزگا حکومی‌و ناحکومییەکانی لای ئەواندا ڕوونادات، جگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن کە ئەوانیش لەسەر دەستی تاکوتەرا کەسانێکی (پەشێو دەروون) ڕوودەدەن.. یان بۆچی لای ئەوان تەزویرکردنی ئامرازو ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی‌و قۆرغکردنی دەسەڵات ڕوونادات؟

لـەلای ئـەوان هیچ کـام لـەو شتە خراپانە ڕوونادەن، چونکە ئەوان خاوەنی سیستمێکی حوکمڕانیی مۆدێرن‌و یاساو دەستورێکی وەهان کە حیسابی وردی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان، بۆ هەموو غەریزە باش‌و خراپەکانی مرۆڤ کردووەو هەموو کون‌و کەلەبەرەکانی (یاساخن) کردووە، سەرئەنجام ئەو کلتوورەیان هێناوەتەبوون کـە ئێستا ئێمە پـێـی سەرسامین‌و وادەزانین لە ئاسمانێکی ڕاستەقینەوە دایانگرتووەتەسەر زەوی! بەڵێ...

چ قودرەتە مرۆڤ بتوانێت لە ئەورووپادا دەست بۆ موڵکی گشتیی ببات‌و هێرش بکاتەسەر مافە مەدەنی‌و تایبەتییەکانی خەڵک، کەچی هەموو ڕۆژێک ئەم شتانە لەلای ئێمە ڕوودەدەن‌و چاوپۆشیشیان لێدەکرێت..

ئەم بەراوردکارییە سروشتی ئەو کەرەستانەی بیناسازی بەبیردێنێتەوە کە هەر وەستایەو بە جۆرێک ئیشیان پێدەکات‌و بەکاریاندێنێت، وەستایەک کە ئەندازیارێک سەرپەرشتیی کارەکەی دەکات بە جۆرێک، وەستایەکی دیکە کە ئەندازیارێک سەرپەرشتی کارەکەی ناکات بە جۆرێکی دیکە.

بە کـورتـی، کەمپەینی هەڵبژاردن لەلایەن زۆربەی لیستەکانەوە، بەتایبەتی (لیستی کوردستانی) خراپ بەڕێوەبراو، جگە لـەوەی زەخیرەیەکی دیکە بوو پەستێنرایە ناو کەنووی تاریکی زەخیرە کـۆن‌و ناسەردەمییەکان، جگە لەوەی بەردێکی دیکە بوو خرایە سەر دیواری توندو تۆکمەی نێوان لایەنە سیاسییەکان‌و سیاسەتکارانی ئێمە، جگە لـەوەی سەربووردەیەکی دیکە بوو خرایەسەر مێژووی شەڕی (یەکتر قەبوڵنەکردن) ئەگەرچی بە شێوەی ڕەمزیش بووبێت، هاوکات پڕۆڤەیەکی دیکە بوو بە میللەت بە مەبەستی دەمەزەردکردنەوەی (توانای مانەوەو هەڵکردن)یان لەناو (دوێنێ)دا.

بەڵام لە کۆی دیمەنەکانی هەڵبژاردندا، میللەت لە سەرجەمی لیست‌و لایەنەکان مەدەنیترو دیموکراتیتر کەوتە بەرچاو کە ئەم بەڵگەیە لەسەر ئەوە هاتبوو بڕیار لەسەر جێهێشتنی (دوێنێ) بدات، ئەگەرنا پێویست نەبوو بێتە دەرەوە بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکات، بەڵکو وەکو پازدە ـ شازدە ساڵی ڕابـردوو نقەی لە خۆی دەبڕی‌و لە دەرگای ماڵەکەی خۆی نەدەترازا، خۆ ئەگەر لیستی دیکەی شکنەبردایە کە بۆ ئەم مەبەستە ئومێدی زۆری لەسەر هەڵچنیبوون، ئەوا هەر ڕێک وای دەکرد، لە ماڵ نەدەهاتەدەر! چونکە بەبێ پرسوڕا بەم وڵات تا بینەقاقا غەرقی (دوێنێ) بوو!

بەگشتی هەموو لیستەکان لە کەمپەینی هەڵبژاردندا (کەم‌و زۆر) بەپێی یەک میتۆد (میتۆدی تۆخکردنەوەی وێنەی خۆو کاڵکردنەوەی وێنەی ڕکابەر).

بە یـەک لـۆژیـکـی دەربـڕیـن‌و گوزارشتکردن (لۆژیکی بە سەرمەدی دانە قەڵەمیکردەوەی خۆو بە فانی دانە قەڵەمی هەوڵی کەسانی دیکە).

لە یەک گۆشەی جێگیرەوە (گۆشەی بردنەوەو دۆڕان).

هەڵدەسووڕان‌و دەدوان‌و دەیانڕوانی!

ئەمەش گومانی ئەوە دروستدەکات ئـەوان بە باشی کۆمەڵگەکەی خۆیان نەناسیبێت، ئەو کۆمەڵگەیەی سیاسەت‌و حوکمڕانیی تێدا دەکـەن... بەهەرحاڵ لـە هـەمـووی ناخۆشتر ئـەو ڕوانگە تەسک‌و ڕۆحیەتە نالێبووردەو مەرامە قۆرغکارانەیەبوو کە لە بوارەکانی (ڕۆژنامەوانی، هەڵکوتانەسەر ڕکابەر، باوەشکردن بە کورسیی دەسەڵاتدا) لە ماوەی بەڕێوەبردنی کەمپەینی هەڵبژاردندا بینیمان!

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ٥٤٠/ج/٢٠٠٨
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٤
دادگای تاوانەکان لە سلێمانی

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو ڤێتنام محمد احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٣٠) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رشید

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ٤٧٧/ج/٢٠٠٨
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٩
دادگای تاوانەکان لە سلێمانی

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو کاروان فاتح محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٦٠) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رشید

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە: ١١٦/ج/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٤
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتبارانی راکردوو / ١ ـ جمیله عبدالله خضر ٢ ـ ئەڤین عبدالله خضر ٣ـ أمیره عبدالله خضر ٤ ـ ایش حمه ابراهیم ٥ ـ ناهیده عبدالله خضر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤١٢) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بەرێوەبەرایەتی (سەنگەسەر/ پشدەر) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا/ اکرم فرج امین

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە: ٣١٠/ج/٢٠٠٨
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٤
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو فؤاد خالید صالح
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٧٦) لە یاسای (هەرێم) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بەرێوەبەرایەتی (ئاسایشی راپەرین لە رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا/ اکرم فرج امین

---

وةزارة العدل
مديرية التسجيل العقارى العامة
دائرة التسجيل العقارى فى السليمانية/ ٢
لجنة تثبيت الملكية في السليمانية
نموذج رقم (٣٠) تسجيل العقاري

(أعلان)

(قرار تثبيت عائدية عقار مجددا)
بناء على ثبوت عائدية تمام العقار التسلسل (٢٠٩) محلة (أبلاخ) الى طالب التسجيل (نسرين كريم محمد شريف) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٧/٢٢ الصادر من هذة اللجنة علية نعلن هذا القرار و على من لدية أعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما أعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان وعند انتهاء المدة وعدم ورود اشعار من المحكمة بأقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.

اللديرة
جوان فاضل أمين
دائرة التسجيل العقارى السليمانية/ ١

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ٢٠٥٩/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/١٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو هاوکار معروف عزیز
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
عادل محمد توفیق

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە/ ٢٠٥/ش/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٥
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی لە هەڵەبجە

(ئاگانامە)

بۆ داوالێکراو/ رووف علی شریف کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستات نادیارە.
داواکار/ سەرگوڵ أحمد محمود، داوایەکی بەو ژمارەی سەرەوە لە دادگاکەمان تۆمارکردووە لەدژت کە تیایدا داوای چەسپاندنی هاوسەرێتی * و دەکات لەنێوان تۆو خێزانەکەتدا * چەسپاندنی رەچەڵەکی (زانیار) دەکات لە سەرتان.
کە ناوی (چنور أحمد حمه أمین)ە پاش ئەوەی لە دەرەوەی دادگا بە گوێرەی عقدێکی عدرنی لە (١٩٩٤/١/١)دا مارەت کردووە وە لە بەرواری (٢٠٠٠/٣/٢١)دا خێزانەکەت (چنور أحمد حمه أمین) کۆچی دوای کردووە. لەبەر ئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بە ناوەرۆکی داواکەو ئامادەبوون لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٠٨/٩/٧ ئەویش بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەرێی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە کە ئەگەر لە رۆژی دیاریکراودا خۆتان یان بریکارێکتان ئامادە نەبێت ئەوا دادگا داواکە دەبینێت و بە گوێرەی یاساو بە ئامادەنەبوونتان.

دادوەر
قادر محمد نوری

---

## ـ إعلان ـ
## عن شركة البلاغ للأستثمار «ش.م.ل»
## ـ مزايدة ـ

إشارةً الى العقد الموقع مع الهيئة العامه للسياحة و شركتنا «شركة البلاغ الأستثمار ش.م.ل ـ البنانية» المسجلة تحت الرقم سجل التجاري (٨٠٠٨٢٣٢) ـ بعبدا ـ لبنان و على ضوءه جئنا لندعي كل من له الرغبة و الخبرة بايجار المرافق الخاصة بمشروع سرجنار السياحي المتكون من عديد (الكوشكات و المطاعم المختلفة و ريستورانت متنوعة)..
التي سوف تطرح للمزايدة العلنية بالحضور يوم ٢٠٠٩/٨/١٦ لأستسلام و ملء أولاً: ـ
إستمارة إستعداداً للمشاركة و ذلك في مقر مشروع سرجنار السياحي و الأطلاع على المرافق و العقد التي تؤجر و تكون المزايدة يوم ٢٠٠٩/٨/٢٠ التي تجري في الساعة (١٠) صباحاً في مقر المشروع في سرجنار أيضاً.
وعزراً لعدم قبول المشاركين اللذين لم يملؤا الأستمارة المطلوبة. و من المطلوب جلب التأمينات اللازمة ليوم المزايدة و شكراً.
الملاحظة: ـ لمزيد من المعلومات الأتصال بالسادة: ـ
ـ المحامي سؤران محوي ٠٧٧٠١٥٦٦٤٨٤
ـ السيد رعد عبدالله ٠٧٥٠٤٦٠٣٧٣٣
ـ السيد مهندس دفاع كتاب ٠٧٧٠٢٢١٣٤٨٩
المقرالرئيسي: ـ
ـ لبنان ٠٩٦١٠٤٧٢٣٥٠٢
فاكس ٠٩٦١٠٤٧٢٣٥٠١

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ٢٢٤٩/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٨

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو شوان جبار سید حمید
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
عادل محمد توفیق

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ٩٧/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٣
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو رێبوار أحمد صالح
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٨ ف ٣) لە یاسای (جوازات) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ محمد محمد شریف

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ١٥٣/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٩
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو أکرم عمر حمه
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٣٥) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ١١٦٧/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٧/٦
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو أومید اسماعیل همزە
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٧٧) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئەزمەڕ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
محمد محمد شریف

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ١٨٢٩/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو بکر علی رشید
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ١٧٥٩/ج/٢٠٠٨ — بەروار: ٢٠٠٩/٧/٣٠

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو پشتیوان اسماعیل دەروێش
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٢١ی) لە یاسای (هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ٢٤٤٧/ج/٢٠٠٩ — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو محمد خلف عبدالله
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ٢٣٤٩/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٣٠

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو شیرکۆ خسرو تۆفیق
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای (هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ١٦٢٥/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/٣٠

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو محی الدین قادر حسن
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ١٦٢٥/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٦/٣٠

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو سەروەر علی احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/عادل محمد توفیق

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ٨٧/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٢
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو شانۆ محمد أحمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ محمد محمد شریف

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ٦٨/موجزه/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٥
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو حنا توفیق رحمه
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٣٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ محمد محمد شریف

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ١٦٨٥/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٥
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو زمناکۆ علی رەشید
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٢٣) لە یاسای (هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ محمد محمد شریف

---

**سوپاسنامە**

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (عەزیز ئەحمەد) سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەین کە بەشدارییان کردووە لە ناشتنی تەرمەکەی‌و هاوبەشییان کردووە لە پرسەکەیدا، وە هەروەها ئەوانەی بە نامەو تەلەفۆن سەرخۆشییان لێکردووین.

**رەفعەتی مەلا**
**لەباتی بنەماڵەی کۆچکردوو**

---

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com - ednan.rozhnama@yahoo.com

بەرێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەرێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەرێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# ئاگادارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

# اعلانات المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٢) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوتين اعلاه والمقدمتين من قبل قائمة الخدمات والاصلاح ضد مجهولين لقيامهم برفع لافتات(فلكس)الدعاية الانتخابية للقائمة لعدم تحديد جهة المشكو منه.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٢٢) لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی دوو سکاڵا کە لەلایەن لیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی) پێشکەشکرابوون دژی کەسانی نادیار چونکە هەلواسراوەکانی (فلیکس) کە بەشێک بووە لە هەڵمەتەکانی لیستی ناوبراو لێکراوەتەوە؛ داواکە ڕەتکرایەوە چونکە لایەنی سکاڵالێکراو دیار نییە.

ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر دەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەیدا .

دەستەی کۆمیسەران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٢) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير بشأن قيام مديرة ناحية بياره بأجتماع في قرية (زه رده هال) لغرض الدعاية الانتخابية لصالح القائمة الكردستانية قي يوم ٢٠٠٩/٧/١٣ كون الاجتماع قد تم خارج اوقات الدوام ولم يتم فيها استغلال لاموال وابنية الدولة.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٢٢)ی بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:

*ڕەتکردنەوەی سکاڵای لیستی گۆران دەربارەی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە لە گوندی (زەردەهاڵ) وبانگەشەکردن بۆ لیستی کوردستانی لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٣، چونکە کۆبوونەوەکە لەکاتی دەوامدا نەبووە و باڵەخانە وسامانی میری تێدا بەکارنەهاتووە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەستپێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٧) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

د الشكوى المقدمة من قبل قائمة الخدمات والاصلاح ضد قائمة الحركة الاسلامية بشأن قيام الاخيرة بأستعمال الرموز الدينية ومهاجمة بعض عناصر قائمة الخدمات والاصلاح لعدم تقديم ادلة ثبوتية قاطعة.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١٧) ی لەسەر بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٧/٢٤) دا بەم جۆرە دەرکرد:

ڕەتکردنەوەی ئەو سکاڵایە کە لەلایەن لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیەوە پێشکەشکرابوو دژی لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی سەبارەت بەوەی کە لیستی ئیسلامی هەندێ هێمای ئاینی بەکارهێنابوو هەروەها هێرشی کردبووە سەر هەندێ لە هەوادارانی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، ڕەتکردنەوە لەبەر ئەوەیە چونکە بەڵگەی دڵنیاکەری وا نەبوو سکاڵاکە بسەلمێنێ.

ئەو بریارە قابیلی پیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر بە دادوەری هەڵبژاردنەکان لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ئەو بریارە.

دەستەی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٣) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية ضد قائمة التغيير في يوم ٢٠٠٩/٧/١١ حول قيام بعض مؤيدي الاخيرة في قرية باخان في قرداغ باسقاط عمود كهرباء لاقامة مقر لهم كون الموضوع ليس من اختصاص المفوضية وان اسقاط عمود الكهرباء يعد اعتداءً على المال العام والنظر فيها يعود للمحاكم المختصة

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٢٣) لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکاڵایە کە لەلایەن لیستی کوردستانی دژی لیستی (گۆران) پێشکەشی کردبوو لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١١ دا سەبارەت بە چەند کەسێکی هەواداری لیستی گۆران لە گوندی باخان لە قەرەداغ کە ستوونێکی کارەباییان بەسەر بنکەکەیاندا بەرداوەتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە تایبەت نییە بە کۆمیسیۆنەوە بۆیە سکاڵاکە ڕەتکرایەوە . چونکە بەردانەوەی ستوونی کارەبا تاوانە دژ بە ماڵی گشتی، پەیوەندی بە دادگاوە هەیە.

ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر دەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەیدا.

دەستەی کۆمیسەران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٣) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٥٩) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

تغريم القائمة الكردستانية غرامة مالية قدرها (١،٠٠٠،٠٠٠ دينار) مليون دينار عراقي لقيامهم بتعليق البوسترات الدعائية محل البوسترات الدعائية العائدة لقائمة الحرية والعدالة الاجتماعية في شارع شورش تقاطع شورش – مستشفى الولادة بتاريخ ٢٠٠٩/٧/٧ والزامهم بازالة المخالفة.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٢٣)ی کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٥٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:

*پێ بژاردنی لیستی کوردستانی بەبری (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار بەهۆی هەلواسینی پۆستەرەکانیان لە شوێنی پۆستەرەکانی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی لە چوار ڕیانی شۆڕش-نەخۆشخانەی لەدایبکوون لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٧ و پابەندکردنیان بە لابردنی ئەم سەرپێچیە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٤) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكاوى اعلاه والمقدمة من قبل قائمة الشباب المستقل ضد بعض القوائم الانتخابية حول تمزيق البوسترات العائدة للقائمة لعدم تقديم ادلة ثبوتية قاطعة حول الشكوى.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٢٤) لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکاڵایە کە لەلایەن لیستی (گەنجان) ەوە پێشکەشکرابوو دژی هەندێ لیستی هەڵبژاردنەکان، چونکە هەلواسراوە پۆستەرەکانی ئەوانیان دراندووە؛ داواکە ڕەتکرایەوە چونکە بەڵگەی چەسپاو لەسەر ئەو کارە دیارنەکراوە.

ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر دەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەیدا .

دەستەی کۆمسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٥) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير ضد القائمة الكردستانية في ٢٠٠٩/٧/٧بشأن تعليق الثانية ملصقاتها على جمعية اقزام كردستان في السليمانية كون البناية المذكورة من بنايات المجتمع المدني ولايوجد ما يحظر هذا التصرف.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٢٥)ی کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٨)ی بەم شێوەیە دەرکرد:

*ڕازیبوون لەسەر ڕەتکردنەوەی سکاڵای لیستی گۆران لە دژی لیستی کوردستانی دەربارەی هەلواسینی پۆستەرەکانی لیستی کوردستانی بە دیوارەکانی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان لە سلێمانی چونکە باڵەخانەی ناوبراو لە باڵەخانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یە و شتێک نی یە ئەم هەڵسوکەوتە قەدەغەبکات.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەدا دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٧) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في السليمانية ضد قائمة التغيير حول قيام بعض مؤيدي الاخيرة بمنع مرور مؤيدي الاولى مما ادى الى عرقلة المرور كون الموضوع ليس من اختصاص المفوضية ويطبق عليها قواعد وقوانين المرور.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٢٧) ی کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) ی بە مێژووی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم شێوەیە دەرکرد:

ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی کوردستانییەوە لە سلێمانی دژی لیستی گۆران لەبارەی هەندێ هەوادارانی بە قەدەغەکردنی هەوادارانی یەکەم بەتێپەڕین، کە وایکرد تەگەرە بخاتە بەردەم تێپەڕین، بەوەی بابەتەکە لە پسپۆری کۆمیسیۆن دا نییە و ڕێساکان و یاساکانی هاتوچۆ لەسەری پەیرەو دەکرێن.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکەدا دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٩) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على الزام قائمة الخدمات والاصلاح بالقيام وخلال(٢٤)ساعة بالاعلان العام عن عدم علاقة القائمة بالتصريحات المتعلقة باستخدام اسم الكيان (حزب كادحي كردستان) ضمن حملاتهم الدعائية وان الكيان الاخير ليس من ضمن ائتلافهم وتقديم ما يثبت ذلك للمفوضية وبخلافه يتم الغاء المصادقة على الائتلاف اعلاه.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە( ٢٩ ) ی کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩\٧\١٨ بەم شێوەیە دەرکرد.

ڕازیبوون بە پابەندکردنی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی وە لە ماوەی (٢٤ ) کاتژمێردا بە هەڵسان بە جاردانی گشتی لە بارەی نەبوونی پەیوەندی لیستەکە بە لێدوانەکانی پەیوەست بەبەکارهێنانی ناوی کیانی سیاسی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ) لە میانەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنیاندا، وە ئەو کیانە لە نێو هاوپەیمانێتی یەکەیان دانیە.وەپێشکەشکردنی بەڵگەی سەلمێنەر بە کۆمسیۆن و بەپێچەوانەوە پەسەندکردنی ئەو هاوپەیمانێتی یە هەڵدەوەشێنرێتەوە.

بریارەکە شیاوی پێداچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٤) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل الحزب الكلداني لعدم تحديد جهة المشكو منه.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٤)ی لەسەر کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی دەرکرد لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە :

ڕەزامەندی نواند لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکاڵایە کە لەلایەن حیزبی (کلدانی) یەوە پێشکەشکرابوو ، ئەمە لەبەرئەوەی لایەنی سکاڵالێکراوەکە دیاری نەکراوە.

ئەمەبریارێکەقابیلیتیاهەڵچوونەوەبەرامبەر بە دەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان ، لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی بڵاوبوونەوە.

دەستەی کۆمیسەران

# یەکەم تاقیکردنەوەی سەرۆکی هەرێم



**هیوا جەمال**

ئەمڕۆ تەنیا ٤ ڕۆژ لەبەردەم سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێمدا ماوە بۆ سوێندخواردنی یاسایی لەبەردەم پەرلەماندا، ماوەی ٧ ڕۆژیش لەبەردەم پەرلەماندا (خولی سێیەم) ماوە یەکەم دانیشتنی سازبکات، ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەماوەی ئەم ٤ ڕۆژەدا بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمانی نەکرد بۆ یەکەم دانیشتن، لەبەردەم کێدا سوێند دەخوات؟

دەکرێت بڵێین، یەکەم تاقیکردنەوەیە کە ڕووبەڕووی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم دەبێتەوە، دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانە، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان‌و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم گرفتێکی کەمی تێدایە.

کاتی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان‌و سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بەپێی دوو یاسا دیاریکراوە، یەکەمیان بەپێی هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان ماوەی (١٠) ڕۆژ دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان، بەڵام لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا، کە لە (٢٠٠٥/٦/٧) خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکردووە، پێویستە سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم لەماوەی (٧) ڕۆژ لەدوای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانەوە لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی بخوات، ئەمە یەکێک لەو کێشە یاساییانەیە کە پێدەچێت لە سەروبەندی دەستبەکاربوونی پەرلەمانی نوێ‌و سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی نوێدا ڕووبدات.

بە وتەی عەونی بەزاز، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمان (کە بۆ ڕاپۆرتێکی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامە لێدوانی داوە) بیرۆکەیەکی بێهێز هەیە کە سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو)دا سوێند بخوات‌و گەر سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم لە (٧) ڕۆژ دوابکەوێت دەرچوونە لە یاسا.

دەکرێت سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم لەیەکەم دانیشتنەوە گوێ بەیاساکان نەدات‌و دانیشتنی پەرلەمان دوابخات؟

بەوپێیەی کە مەسعود بارزانی، هەم لە بەڵێنەکانیداو هەمیش لە وتەکەیدا لەدوای ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تەئکیدیکردەوە، دەیەوێت وڵات بەشێوەیەکی دیموکراسییانە هەنگاوبنێت‌و بەپێی یاساکانی وڵات لەیەکەم کارەوە دەستپێبکات‌و پێشێلیان نەکات، گومانی باش دەکەم کە ناهێڵێت لە سنووری یاسایی خۆی کاتەکان تێپەڕن.

ئەگەرچی گومانێکیش بۆ شکاندنی سنوورەکە دەکرێت، بەتایبەت لەکاتێکدا سێ هەڵوێستی پێشووی سەرۆکی هەرێم دێتەوە یاد، یەکەمیان لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا (٢٠٠٥) کە سەرەڕای ئەوەی کە دوای دوو هەفتە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاندرا، دەبوو لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٢/٢٥) یەکەم دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرایە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێگربوو لە ئەنجامدانی دانیشتنەکە تا یاسای دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەرچوو، بۆیە یەکەم دانیشتن کەوتە ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٤) .

دووەمیان وتارەکەی سەرۆکی هەرێم بوو لە پەرلەمان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٥) کە دەبوو وەک سەرۆکی هەرێم وتارێکی بدایە، بەڵام لەبەرئەوەی سەروبەندی خۆئامادەکردن بوو بۆ هەڵبژاردنەکان، نەیتوانی بێلایەنی خۆی بپارێزێت‌و وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئینجازی خوێندەوەو ڕەخنەی گرت.

سێیەمیش، دەرکردنی ئەو ژمارە زۆرە لە کارمەندانی ئاسایی‌و ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگەو نانبڕینیان، بەڵام بەهۆی ڕێکەوتنێک کە وەک پارتی لەگەڵ یەکێتی هەیانە سەرۆکی هەرێم بێلایەنانە لەسەر ئەو مەسەلەیە نەهاتە دەنگو تائێستاش هیچ هەڵوێستێکی نەبووە.










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩